WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (375) دووشەممە 2015/9/14 23ی گەلاوێژی 2715 (750) دینار

# لە کوردستان رۆژانە 22 خێزان لێک دەترازێن

**رووداو- هەولێر**


رێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لە دادگاکانی کوردستان بەرەو هەڵکشانە و بەپێچەوانەشەوە رێژەی مارەبڕین روو لە داکشانە.

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی سێ ساڵ و شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 28 هەزار و 471 حاڵەتی جیابوونەوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراون. بەپێی ئەو ئامارە، رۆژانە 22 خێزان هەڵدەوەشێنەوە.

نەک بە تەنیا هەڵوەشانەوەی خێزان رووی لە هەڵکشان کردووە، بەڵکو پێکهێنانی خێزانیش بەپێی ئامارەکە کەمی کردووە و لە سێ ساڵ و شەش مانگی رابردوودا 177 هەزار و 990 گرێبەستی هاوژینی لە دادگاکانی کوردستان کراون.

بەڵام ژمارەکە ساڵ بە ساڵ کەم دەکات، لە ساڵی 2012دا 56003 گرێبەستی هاوژینی کراوە، لە ساڵی 2013دا ژمارەکە کەمی کردووە بۆ 52749. ساڵی رابردوو ژمارەکە کەمتریش بووە بۆ 47444 گرێبەست و لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا تەنیا 21795 گرێبەستی هاوژینی لە دادگاکان کراون کە بەراورد بە شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو 4309 گرێبەست کەمی کردووە.

« 15



دلبخوین دارا

## مووچەکەم لە رووداو چەندە؟

11

## شەهیدکردنی فەرەیدوون جوانڕۆیی لەسەر زاری دوو بنەماڵە دوژمندارەکە

2

جینان بەدەل:

## خێوەتەکەی کوردستان بە فەرەنسا ناگۆڕمەوە

4



گەورە سەرمایەدارێکی شاری سلێمانی پارەکەی داوە

# کوڕی کۆنە وەزیرێکی کورد بە 100 هەزار دۆلار لە ریزی داعشەوە دەهێنرێتەوە

« 3





## ناگەڕێتەوە زیندان

**رووداو- سلێمانی**

شێرکۆ عارف، بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی سلێمانی بۆ (رووداو)ی راگەیاند، ماوەیەک لەمەوبەر سزادراوێکیان بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایی رۆیشتووەتەوە بۆ لای خێزانەکەی، بەڵام هەفتەیەک بەسەر تەواوبوونی مۆڵەتەکەی تێپەڕیوە تاوەکو ئێستا نەگەڕاوەتەوە بۆ چاکسازی. شێرکۆ عارف گوتی "جگە لە ئاگادارکردنەوەی کەسوکاری، رۆژی پێنجشەممەی رابردوو نووسراومان بۆ بنکەی پۆلیسی تاسلۆجە کردووە بەمەبەستی ئیجرائاتکردن لەگەڵ کەفیلەکانی و دەستگیرکردنەوەی سزادراوەکەش". ئەو سزادراوە سزاکەی چوار ساڵ بووە و تەنیا 8 مانگی مابوو حوکمەکەی تەواو بکات.





### 15 کەسیان لە یەکدی کوشتووە

# شەهیدکردنی فەرەیدوون جوانڕۆیی لەسەر زاری دوو بنەماڵە دوژمندارەکە



**نەزیر عاسم ئاغا:** بنەماڵەی سابیر دڵنیابوون کە ئەو ئۆتۆمبێلە هی من نییە



**سابیر سۆفی عەلی:** بە چاوی خۆم نەزیرم بینی رەتلێک ئۆتۆمبێلی سەربازی بەدواوە بوو

**تەیار عادل گۆران**
**رووداو ــ بەردەڕەش**

کاتێک چووینە ماڵی لیوا نەزیر عاسم ئاغای گۆران لە ناحیەی دارەتووی سەر بە قەزای بەردەڕەش، لە دیوەخانەکەی کە پڕ بوو لە چەکدار پێشوازی لێکردین. سابیر سۆفی عەلی گۆرانیش لە قەزای خەبات لە دیوەخانەکەی بە هەمانشێوە پێشوازی لێکردین.

فەرەیدوون جوانڕۆیی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و بەرپرسی میحوەری خازر بوو، بەپێی راگەیەنراوێکی پۆلیسی هەولێر، بووە قوربانیی ئەو دوژمندارییەی لە نێوان ئەو دوو کەسایەتییە (نەزیر و سابیر)دا هەیە.

فەرەیدوون جوانڕۆیی شەوی 2015/8/25 لە رووداوێکدا کە سەرەتا گوترا رووداوی هاتوچۆ بووە، لە دەروازەی قەزای خەبات گیانی لەدەستدا، بەڵام دواتر پۆلیسی هەولێر بڵاوی کردەوە کە لەلایەن پیاوانی سابیر سۆفی عەلی بە هەڵە تەقەی لێکراوە و وایانزانیوە دوژمنەکەیان (نەزیر عاسم)ە.

### 15 کەسیان لە یەکدی کوشتووە

سابیر سۆفی عەلی باسی دوژمنداریی خۆی لەگەڵ نەزیر عاسم کرد و گوتی "تاوەکو ئێستا 17 کەس لەنێوانماندا کوژراون، دوو کەسی بێلایەن و 6 کەسی بنەماڵەکەم، لەگەڵ 9 کەس لە بنەماڵەی نەزیر عاسم".

سابیر بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو قسە لەسەر رووداوەکەی 8/25 بکات و تەنیا گوتی "فەرەیدوون جوانڕۆیی هاوڕێیەکی زۆر نزیک و خۆشەویستم بوو، دوای رووداوەکەش پێنج لە پیاوەکانم: کوڕێکم، برایەکم، زاوایەکم و دوو کوڕە خاڵم لەسەر ئەو رووداوە دەستگیرکراون".

### کێشەی نێوان دوو بنەماڵەکە

لیوا نەزیر عاسم ئاغا گۆران باس لە دوژمنداریی خۆی و سابیر سۆفی عەلی دەکات و دەڵێت "سەرەتا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوانماندا هەبوو، بە ئاقڵانە چارەسەر کرا، بەڵام پاش راپەڕینی ساڵی 1991 ئەوانە هاتنە ریزی هێزەکانی پێشمەرگە و ویستیان پلەکەیان بقۆزنەوە بۆ پەلاماردانی خەڵکی و زۆر کاری نایاسایییان کرد لەگەڵ خەڵک، پاشان شەڕێک لە نێوانماندا روویدا، پێنج کەس لە ئێمە و سێ کەسیش لەوان کوژران".

وەک نەزیر باسی کرد، لە ساڵی 1994دا مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتووەتە نێوانیان و لە تەکیەی شێخ عەبدولعەزیز ئاشتبوونەتەوە و هیچ کێشەیەک لەنێوانیاندا نەما.

بەڵام سابیر سۆفی قسەیەکی دیکەی کرد و گوتی "ئەوان براکەمیان کوشت، ئێمەش 4 کەسمان لەوان کوشت و ئاشت بووینەوە، بەڵام لەو ئاشتبوونەوەیە عاسم ئاغا ئامادە نەبوو، بە ئاشتبوونەوەکەش رازی نەبوو. عاسم ئاغای باوکی نەزیر پاش ئاشتبوونەوەکە سێ پیاوی نارد بۆ ئەوەی من بکوژن، بەڵام لە بەردەڕەش دەستگیرکران، بۆیە ئاشتەواییەکە سەری نەگرت".

ناکۆکیی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ گەیشتە لوتکە، کاتێک پیاوەکانی سابیر سۆفی عەلی برایەک و ئامۆزایەکی نەزیریان کوشت. نەزیر دەڵێت "ئەوانە ئاشتەواییەکەیان تێکدایەوە و لەوکاتەدا سابیر دەستگیر کرا، بەڵام دواتر ئازاد کرا".

کێشەکە بەردەوام بوو، رۆژی 2014/3/5 برایەکی نەزیر عاسم بەناوی لوقمان لە ناوچەی سێمێل لە دهۆک کوژرا. نەزیر دەڵێت "شایەتمان هەیە کە براکەم لەلایەن کوڕەکەی سابیرەوە کوژراوە".

بەڵام سابیر دەڵێت پێش ئەوەی لوقمان بکوژرێت، ئەوان ئامۆزایەکی بێ گوناهی ئەویان کوشت کە لە خەبات دوکاندار بوو. گوتیشی ئەوان بەهیچ شێوەیەک لوقمانیان نەکوشتووە "لوقمان پێشتر چەندین کەسی دیکەی کوشتبوو، دوژمندارییان لەگەڵ خەڵکی دیکەش هەبوو". بەڵام نەزیر دەیگوت ئەو تۆمەتبارانەی لوقمانیان شەهید کرد، فەرەیدوون جوانڕۆییشیان شەهید کرد".

### کە جوانڕۆیی شەهیدکرا نەزیر لەکوێ بوو؟

لیوا نەزیر گوتی کە "کاک فەرەیدوون جوانڕۆیی شەهید کرا، من لە دارەتوو بووم. من کە لە ماڵەوە دەردەچم، سێ ئۆتۆمبێل پاسەوانم لەگەڵە. پێش ئەو رووداوە زیاتر لە مانگێک بوو سەردانی هەولێرم نەکردبوو. جگە لەوەش من لە هەموو ژیانمدا ئۆتۆمبێلی شیفرۆلێت تاهۆم نەبووە و ئۆتۆمبیلەکانی من لاندکرۆزەرن و مۆدیل کۆنن".

سەبارەت بە رێگای هاتوچۆکردنیشی گوتی "من زیاتر لە 15 ساڵە بە رێگای خەباتدا هاتوچۆ ناکەم، رێگای من قەندیلە و لەوێش بۆ پیرمام و ئینجا دەچم بۆ هەولێر". گوتیشی "کە ئامر لیواش بووم فیرقەمان لە مووسڵ بوو، بە رێگای گوێڕ و سەلامیەدا هاتوچۆم دەکرد".

بەڵام سابیر ئەو قسانەی نەزیر رەتدەکاتەوە و دەڵێت "بە چاوی خۆم نەزیرم بینی بە رەتلی سەربازی بە خەباتدا رەتبووە، جارێک لەگەڵ حوسێنی هەمزە سێوێ و جارێکیش لەگەڵ لیوایەکی پێشمەرگە بە خەباتدا رەتبووە".

نەزیر گومان دەخاتە سەر رووداوی شەهیدبوونی فەرەیدوون جوانڕۆیی و دەڵێت "ئەوان باش زانیویانە ئەو ئۆتۆمبێلەی شەهید فەرەیدوونی تێدابوو، ئۆتۆمبێلی من نەبوو، من خەڵکی دڵنیا دەکەمەوە کە ئەوان بۆ کوشتنی من تەقەیان لە شەهید فەرەیدوون نەکردووە". سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ فەرەیدوون جوانڕۆیی، نەزیر گوتی "من هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەودا نەبوو".

### "ئاشتەواییم دەوێت"

نەزیر لەبارەی ئاشتبوونەوەی لەگەڵ سابیر گوتی "من داوای مافی خۆم دەکەم بە یاسا، ئەگەر ئاشتبوونەوە بێت ئێمە پێشتر دووجار ئاشتبووینەوە، بەڵام ئەوان دووبارە هاتوون دەستدرێژیان لە ئێمە کردووە".

سابیر سۆفی عەلی ئاشکرای کرد کە بەر لە رووداوی شەهیدبوونی فەرەیدوون جوانڕۆیی، ئەوان بەنیازبوون ئاشت ببنەوە. سابیر گوتی "کاک سدیق ئەیوب گۆران و سەرداری ئەنوەر بەگی بێتواتە لەنێوانمان بوون بۆ ئەوەی ئاشت ببینەوە، بەڵام ماڵی کاک سەردار پرسەیان هەبوو، بۆیە کارەکان دواخران. دواتر نەزیر پەشیمان بووەوە".

سابیر ئامادەیی خۆی نیشاندا لەگەڵ نەزیر ئاشت ببێتەوە و گوتی "ئێمە خزمی یەکدین، 100 پیاویش لە یەکدی بکوژین هەر دەبێت ئاشت ببینەوە".

(رووداو) پەیوەندی بە بنەماڵەی فەرەیدوون جوانڕۆییەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوون قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن و گوتیان قەزییەکەیان بۆ حیزب و حکومەت جێهێشتووە.



### راگەیەنراوی پۆلیسی هەولێر لەبارەی رووداوەکە

دوای ئەوەی کاژێر 12:39 خولەکی شەوی 2015/8/25 بەهۆی رووداوێکی هاتوچۆوە لەسەر رێگای هەولێر خەبات، فەرماندە (فەرەیدوون جوانڕۆیی) و یەکێک لە پاسەوانەکانی شەهید دەبن و دوو پاسەوانی دیکەش زامدار دەبن کە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی درع خۆی پێداکێشابوون.

دوای کردنەوەی دۆسیەی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی وتەی شایەتانی رووداوەکە و پشتبەستن بە کامێرای چاودێری نزیک لە شوێنی رووداوەکە، دەرکەوت کە لە سەرەتای رووداوەکە ئۆتۆمبێلکی جۆری لاندگرۆز سپی بەدوای ئۆتۆمبێلی شەهید (فەرەیدوون جوانڕۆیی) دەبێت لە کاتی گەڕانەوەی بۆ میحوەری خازر کە ئۆتۆمبێلەکە دوای هەوڵدانێکی زۆر پێشیان لێدەگرێتەوە، کاتێک دەگاتە نزیک ئۆتۆمبێلی شەهید (فەرەیدوون) تاوانباران تەقەی لێدەکەن، ئینجا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی شەهید فەرەیدوون هەوڵدەدات بەهەر شێوەیەک بێت خۆی دەرباز بکات، بۆیە رێڕەوی ئۆتۆمبێلەکەی دەگۆڕێت.

لەهەمانکاتدا ئۆتۆمبێلێکی جۆری درعی سەربازی کە ئەویش هی تاوانبارەکانە رووبەڕوو خۆی پێدا دەکێشێت و لە ئاکامدا ئۆتۆمبێلی شەهید (فەرەیدوون) ئاگر دەگرێت و دەبێتە هۆی شەهیدبوونی.

دواتر توانرا تاوانبارەکان دەستنیشان بکرێن و دەستگیر بکرێن کە پێکهاتوون لە پێنچ کەس بەناوەکانی (ب.ع.م)، (ح.ع.م)، (م.ع.ا)، (ی.ع.ا) و (ن.ص.ب)، کە هەرپێنجیان سەر بە خانەوادەی (ص.ص.ع) ن و دوژمندارن لەگەڵ خانەوادەیەک بەناوی (ن.ع). بەپێی گوتەی خۆیان، وایانزانیوە دوژمنەکەیانە، بە گوللە هێرشیان کردووەتە سەر ئۆتۆمبێلی شەهید (فەرەیدوون جوانڕۆیی) و دواتر بە ئۆتۆمبێل خۆیان پێدا کێشاوە.

دوای وەرگرتنی گوتەیان هەر پێنجیان دانیان نا بە تاوانەکەیان. بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری دا بە بەندکردنیان بەپێی ماددە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی. ئێستاش تاوانبارەکان بەندن و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە بۆ گەیشتن بە سزای خۆیان.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر
2015/9/6

# 203 لێکۆڵەری دادی لە تاقیکردنەوەی داواکاری گشتی دەرناچن

## پارێزەرێک: ئەوە سیناریۆ بوو بۆ وەرنەگرتن لە داواکاری گشتی

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

لە تاقیکردنەوەی ئەندامانی داواکاری گشتیدا رێژەی دەرچوون تەنیا 1% بووە و پارێزەرێکیش ئەوە بە سیناریۆ وەسف دەکات.

تاقیکردنەوەی خولی دووەمی پەیمانگای دادوەری بۆ ئەندامانی داواکاری گشتی و دادوەرەکان بەڕێوەچوو، بەڵام لە کۆی 205 لیکۆڵەری دادی کە بەشدارییان لە تاقیکردنەوەکەدا کردبوو، تەنیا دوویان دەرچوون.

نەریمان تاڵیب، گوتەبێژی وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەم پەیمانگایە بەپێی یاسایەکی تایبەت بۆ پێگەیاندنی دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی دامەزراوە و سەر بە وەزارەتی دادە. تاوەکو ئێستا دوو خولی کردووەتەوە کە بۆ ماوەی دوو ساڵە، بەڵام ئەمساڵ ئەنجوومەنی دادوەری پێیانگوتین کە ئەوان پێویستیان بە دادوەر نییە، بەڵکو پێویستیان بە داواکاری گشتی هەیە".

دوای کردنەوەی دەرگای پێشکەشکردن بۆ داواکاری گشتی، 250 کەس داواکارییان پێشکەشی ئەو پەیمانگایە کردووە و تەنیا 205 کەس بەشداری تاقیکردنەوەیان کردووە، بەڵام تەنیا دوو کەس دەرچوون.

نەریمان تاڵیب گوتی "رێژەی دەرچوون لەو تاقیکردنەوەیە 60%ە، پرسیارەکانیش لە بارەی یاسا و شێوازی دادبینی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسا بووە، پرسیارەکان ئاساییە، بەڵام بەداخەوە دیارە تەنیا دوو کەس وەڵامی شایستەیان داوەتەوە، ئەمەش حاڵەتێکی ئاسایی نییە".

بەبڕوای ئومێد پاڵانی کە کاری پارێزەری دەکات، ئەمە سیناریۆیەکە بۆ پەشیمانبوونەوە و دەڵێ "پەیمانگەی دادوەری ئەمساڵ لە وەگرتنی دادوەر پەشیمان بووەتەوە، بۆیە کەوتنی ئەو ژمارە زۆرە سیناریۆیە، چونکە تەنیا دوو قوتابی دەرچوون کە 50 و 52 نمرەیان لەسەر 100 هێناوە، ئەمەش بە کەوتوو حیسابە، واتە لەو 205 کەسە، هیچ کامیان دەرنەچوون".

خەلیل فەتحوڵڵا، لێکۆڵەری دادی کە بەشداریی ئەو تاقیکردنەوەیەی کردووە، دەڵێ "پرسیارەکان ئاسایی بوون و هیچ کێشەیەکی نەبوو، پرسیارەکان زۆر قورس نەبوون تەنیا 5 پرسیاری دوو لقی بوون، جگە لەوە من بەشداری تاقیکردنەوەکانی پەیمانگای دادوەری بەغداشم کردووە، ئەوانیش لە 1800 کەس تەنیا 20 کەس وەردەگرن".



## بارزانی سەربەخۆیی بە مەحاڵ نازانێت

**ڕووداو- هەولێر**

گوتەبێژی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەواڵێکی کەناڵی ڕوسیا ئەلیوم ڕەتدەکاتەوە کە لەسەر زاری مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڵاوی کردووەتەوە "گوایە سەرۆک بارزانی سەربەخۆیی بە بابەتێکی مەحاڵ دەزانێت". گوتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت "بەداخەوە بەهۆی هەڵەی بەشی عەرەبی کەناڵی ڕوسیا ئەلیوم، وەرگێڕانێکی نادروست بۆ بڕگەیەک لە وەڵامی سەرۆک بارزانی لەبارەی سەربەخۆیی کرا و. وەک خۆی مامەڵەی لەگەڵ نەکرا". هەروەها دەڵێت "گوتەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی زۆر ڕوون و ئاشکران و بەهیچ شێوەیەک موستەحیلبوونی سەربەخۆیی لە قسەکانیدا نەهاتووە".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (375) دووشەممە 2015/9/14

### گەورە سەرمایەدارێکی شاری سلێمانی پارەکەی داوە

# کوڕی کۆنە وەزیرێکی کورد بە 100 هەزار دۆلار لە ڕیزی داعشەوە دەهێنرێتەوە



**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێکی کورد کە بە درێژایی ئەم ماوەیە لەنێو داعش بووە، لە بەرامبەر دانی زیاتر لە 100 هەزار دۆلاری ئەمریکی، گەڕاوەوە کوردستان و بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئاشکرای دەکات کە چەکداری کورد هەبووە لە بەرامبەر هێنانەوەی نزیکەی 170 هەزار دۆلار پارە دراوە.

### بەناوی ئێرانەوە چووە ڕەققە

(س، م، ک) کە خەڵکی شاری سلێمانییە و ماوەیەکی زۆرە لە سووریا لە ڕیزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)دا بووە، ڕۆژی 2015/9/12 خۆی ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کرد.

ئەفسەرێکی باڵای هێزی پێشمەرگە لە سنووری گوێر – مەخموور بە (ڕووداو)ی گوت "ماوە ماوە کوردەکانی نێو داعش دێن و خۆیان ڕادەست دەکەن". گوتیشی "(س، م، ک) لە بەرزاییەکانی سوڵتان عەبدوڵڵا و بە هەماهەنگی، خۆی ڕادەستی هێزی پێشمەرگە کرد".

ئەو ئەفسەرەی پێشمەرگە کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، زانیاری زیاتری لەبارەی ئەو چەکدارە گەڕاوە داو گوتی "خەڵکی سلێمانییە، برایەکی ملازمە لەنێو پێشمەرگە، لە بەرەکانی شەڕ لە کەرکووک لە دژی داعش دەجەنگێ و باوکی لەسەردەمی ئیدارەی سلێمانی پلەی وەزیری هەبووە و دواتر کە بزووتنەوەی گۆڕان دروست بوو، بوو بە گۆڕان".

کەسێکی نزیک لە خێزانی ئەو گەنجە بە (ڕووداو)ی گوت "(س) بە باوکی گوتبوو لەگەڵ دوو لە برادەرانی سەفەری ئێران دەکەن، بەڵام دوای ماوەیەک زانرا کە لە ڕەققەیە لە سووریا، لە ڕێگەی تورکیاوە ڕۆیشتبوو".

### کوردە کوژراوەکانی ناو داعش

هەرچەندە هیچ ئامارێکی فەرمی نییە لەسەر ژمارەی ئەو کوردانەی باشووری کوردستان کە لە ڕیزەکانی داعشدان، بەڵام مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەندێ ئامار باس دەکات و دەڵێت "500 کوردی باشووری کوردستان چووبوونە نێو داعش".

نەقشبەندی دەڵێت "ئێستا کەمتر لە 100 کورد لەنێو داعشدا ماون، چونکە 250 بۆ 260 کورد لەوانە لەلایەن پێشمەرگە و فڕۆکەی هاوپەیمانانەوە کوژراون و ژمارەیەکی بەرچاویش گەڕاونەتەوە و خۆیان ڕادەست کردووە".

### کڕینەوە بە دۆلار

بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئەوقاف نایشارێتەوە کە ئەو خێزانانەی کوڕەکانیان لەنێو داعشدان، داوای هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ دەزگاکانی ئاسایش بۆ گەڕانەوەیان و دەڵێت "کەسوکاریان لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان هەماهەنگی دەکەن بۆ گەڕانەوەی کوڕەکانیان و لە ڕێگەی هۆزە سوننەکانەوە هەندێ کوردی نێو داعش خۆیان ڕادەست کردووە". گوتیشی "ماڵ هەبووە 170 هەزار دۆلاری داوە تاوەکو کوڕەکەی گەڕاوەتەوە".

(س، م، ک) وەک ئەفسەرە باڵاکەی پێشمەرگە دەڵێت "پێنج مانگ بوو لەنێو داعشدا بوو، بەڵام سەرمایەدارێکی ناسراوی سلێمانی خەرجیی گەڕانەوەکەی گرتە ئەستۆ کە زیاتر لە 100 هەزار دۆلار بوو، ئەو پارەیەش چووەتە دەستی هەندێ کەس کە لەژێر دەسەڵاتی داعشدان، بەشێوەیەک ئەمەش هاوکاریکردنی داراییە بۆ داعش، بەڵام خەڵک ناچارن بۆ گەڕاندنەوەی منداڵەکانیان هەموو شتێک دەکەن".

لەکاتی گەڕانەوەی (س، م، ک) پێشمەرگەیەک پرسیاری لێدەکات کە چۆن چووە بۆ نێو داعش لەکاتێکدا ئەو ڕێکخراوە کورد دەکوژێ؟ ئەویش وەڵامی دابووەوە کە "بۆ موسڵمان گرنگ نییە شەڕی کێ دەکات، بەڵکو ئەوەی گرنگە شەڕی کافر بکەی".

ئەفسەرەکەی پێشمەرگە دەڵێت "ئەمانە یەکەم جار لای ئاسایش و دەزگا ئەمنییەکان دەمێننەوە تاوەکو بگەڕێنەوە بۆ دۆخی پێش تێکەڵبوونیان بە چەکدارانی داعش و ئینجا ئازاد دەکرێن، چونکە کە لەنێو داعش دەگەڕێنەوە هێشتا هەر لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوونی ئەواندان".

### داعش 31500 چەکداری هەیە

بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا (CAI)، ژمارەی چەکدارانی داعش بە زیاتر لە 31500 چەکدار مەزەندە دەکرێن.

پێش ئەوەی داعش پەلاماری پارێزگای ئەنبار لە ڕۆژئاوای عێراق بدات و کۆنترۆڵی بکات، ئامادەسازییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی نەینەوای قەڵای دەوڵەتی ئیسلامی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دەچووە پێشەوە. تاوەکو ئێستا چەند جارێک وادەی جیاواز بۆ هێرشی سەر مووسڵ ڕاگەیێندراون، وا مەزەندە دەکرا کە ئەو هێرشە بەرفراوانە هەمەلایەنەیە لە سەرەتای ئەم هاوینەدا بکرێ.

حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق دوای ئەوەی باراک ئۆبامای لە ئەمەریکا بینی، گوتی دوای مانگی ڕەمەزان دەست بە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ دەکرێ، بەڵام نەکرا و هیچ ڕوونکردنەوەیەکیش لەبارەی دواخستنی ئەو ئۆپەراسیۆنە نەدرا. ئەمجارەیان فەرماندەیەکی باڵای ئەمریکی لە لێدوانێکدا پرسی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵی ورووژاندەوە.

جەنەراڵ جۆن ئاڵن، نێردراوی سەرۆکی ئەمریکا لە نێو هێزەکانی هاوپەیمانیی دژ بە داعش ڕایگەیاند "شەڕی هاوپەیمانان لە دژی داعش درێژخایەن دەبێت، بەڵام شەڕەکە تا ئێستا ئەنجامی زۆری پێکاوە". سەبارەت بە وادەی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵیش گوتی "دەتوانم بڵێم لە چەند مانگی داهاتوودا دەبێت".

ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری لەسەرکار لادراوی نەینەوا پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "کوردەکانی ناو داعش ژمارەیان 200 چەکدار دەبن، بە گوێرەی زانیارییەکانی ئێمە ئێستا کوردەکان لە ڕەققە لە سووریا مەشق وەردەگرن بۆ ئەوەی خۆیان بۆ شەڕی مووسڵ ئامادە بکەن".

(س، م، ک) لەکاتی خۆڕادەستکردنیدا بە هێزەکانی پێشمەرگە گوتی "ئێستا داعش چەکدارانی کورد و عێراقییەکان لە سووریا دەگوازێتەوە بۆ نێو مووسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق".

### لە سلێمانی 75 کەس چوونەتە نێو داعش

چەکدارە کوردەکانی نێو داعش خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانن. لەو ڕووەوە زۆرتر ناوی هەڵەبجە، گەرمیان، سلێمانی و هەولێر دێت و هەندێک لەوانە بە خێزانەوە ڕۆیشتوون.

عەمید حەسەن نووری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بە بەشی کوردیی دەنگی ئەمریکای ڕاگەیاند "لە سنووری سلێمانیدا ئەو کەسانەی لە ڕابردوودا چوونەتە ناو داعش ناگەنە 70 بۆ 75 کەس، لەوانە 10 بۆ 15 کەسیان بەخێزانەوە ڕۆیشتوونەتە ناو داعش، بەڵام نیوەی ئەو ژمارەیە گەڕاونەتەوە و دەزگای ئاسایش بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ کردوون".

هەر لەبارەی ژمارەکانەوە بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک دەڵێ "کاتێک کوردەکانی پارێزگای کەرکووک لەنێو داعشدا دەکوژرێن، داعش خۆی کەسوکاریان ئاگادار دەکاتەوە کە کوڕەکانیان کوژراون".

هەڵۆ نەجات، بەڕێوەبەری ئاسایشی (پارتی) لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت "لەو کوردانەی لە سنووری کەرکووکن و چوونەتە نێو داعش کەسیان نەگەڕاونەتەوە". گوتیشی "تاوەکو ئێستا 10 کورد لە سنووری پارێزگای کەرکووک ڕۆیشتوون بۆ نێو داعش، 3 لەوانە کوژراون و داعش خۆی پەیوەندی بە کەسوکاریانەوە کردووە کە کوڕەکانیان کوژراون".

گوتیشی "ئەوانەی کوژراون خەڵکی داقووق و دووزخورماتوو بوون".

### متمانەی بە کورد نەماوە

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت "داعش ئێستا متمانەی بە چەکدارانی کورد نەماوە، ناهێڵن پێکەوە بن و ئێستا هیچ کوردێک بەرپرس و فەرماندە نییە لەنێو داعشدا". گوتیشی "لەماوەی ڕابردوودا داعش 18 چەکداری کوردی بەتۆمەتی خیانەت و پێدانی زانیاری بە پێشمەرگە لەسێدارە دان".

جگە لە کوردی باشوور، کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لەنێو ڕیزەکانی داعشدا شەڕدەکەن.

لە گوندی (کەسکێ) لە ڕۆژئاوای مووسڵ، چەکدارێکی داعش کە کوردی باکووری کوردستان بوو، لە شەڕدا بە برینداری کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە.

دەربارەی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، مەریوان نەقشبەندی دەڵێت "زانیاریمان هەیە 500 کوردی باکوور و ڕۆژهەڵات ئێستا لەنێو داعشدان".

# دانیمارک دەست بەسەر پاسپۆرتی کوردێکدا دەگرێ کە دەیویست دژی داعش شەڕ بکات

**ڕووداو- کۆپنهاگن**

پۆلیسی دانیمارک دەست بەسەر پاسپۆرتی گەنجێکی تەمەن 23 ساڵدا دەگرێت و ڕێگەی گەشتکردنی لێدەگرێت، پاش ئەوەی ڕایگەیاندبوو کە بەنیازە بچێتە سووریا بۆئەوەی شانبەشانی هێزە کوردییەکان شەڕ لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بکات.

چانێتێ بیلۆڤ، ڕاوێژکاری پەیوەندییەکانی پۆلیسی ناوخۆی دانیمارک بە (ڕووداو)ی گوت "ئاگادار کراینەوە کە دەڕواتە سووریا".

بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکان، ئەو گەنجە پێشتر ئەندام بووە لە هێزی بەرگریی دانیمارک و لەوێ فێری بەکارهێنانی چەندین جۆرە چەک بووە. ڕۆژنامەی بێرلنگسکێ تایدێنتی دانیمارکی لە ڕاپۆرتێکیدا نووسیویەتی: ئەو گەنجە بەنیاز بووە بڕواتە تورکیا و لەوێوە بۆ عێراق و پاشان سووریا. بەڵام ناسنامەکەی ئاشکرا نەکراوە.

"ئەو گەنجە گوتبووی گرتە ڤیدیۆییەکان کە تێیدا چەکدارانی داعش مامەڵەی خراپ لەگەڵ هاووڵاتیانی بێتاوان دەکەن زۆر بێتاقەتی کردووە، بۆیە بەنیاز بووە بڕواتە ئەوێ و لەدژیان شەڕ بکات". ئەمە بەپێی قسەی ڕۆژنامە دانیمارکییەکە.

بە گوتەی شارەزایانی تیرۆر، ئەمە یەکەمین کەیسە لە ئەوروپا کە تێیدا هاووڵاتییەک دەست بەسەر پاسپۆرتەکەیدا دەگیرێت لەبەرئەوەی ویستوویەتی شانبەشانی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە دژی داعش شەڕ بکات.

بەسەدان کوردی ڕۆژئاوا کە تێیاندا 10 دانیمارکی هەن، ڕۆیشتوونەتە سووریا بۆ شەڕکردن شانبەشانی شەڕڤانانی کورد.

یاسایەکی نوێی دانیمارکی کە مانگی ئاداری ئەمساڵ چووە بواری جێبەجێکردنەوە، دەسەڵات بە پۆلیس دەدات دەست بەسەر پاسپۆرتی هەر هاووڵاتییەکی دانیمارکیدا بگرێت کە گومانی چوونە عێراق و سووریای لێدەکرێت بۆ شەڕکردن.

بەپێی گوتەی هێزە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی ئەو وڵاتە، دانیمارک بە دووەمین وڵات دێت لەدوای بەلجیکا کە زۆرترین هاووڵاتی لە سووریا شەڕ بکات و نزیکەی 115 دانیمارکی حاڵی حازر لە سووریان.

بیلۆڤ گوتی "ئەو گەنجە بە گەشتکردن بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێتە هۆی دروستکردنی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵات، ئیدی گرنگ نییە شانبەشانی چ گرووپێک لە سووریا شەڕ دەکات".

بەڵام، هێنین فەگڵسان شارەزای یاسایی لە زانکۆی باشووری دانیمارک گوتی ئەو "بیانووە قایلکەر نییە، لەبەر ئەوەی یاساکە بەڕوونی باسی دۆسیەی لەو جۆرەی نەکردووە".

هێنین فەگڵسان هەروەها دەڵێت "ئەگەر بچیتە سووریا بۆ شەڕکردن شانبەشانی داعش ئەوە بێگومان کێشەیە. بەڵام ئەگەر لە دژی داعش شەڕبکەی وەک ئەوەی فڕۆکەوانە دانیمارکیەکانمان دەیکەن، ئەوە زەرەر لە دانیمارک نادەی، بەڵکو یارمەتی دەدەی".

دانیمارک بەشێکە لەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییە کە بە چەک هاوکاریی پێشمەرگە دەکات. ئەو وڵاتە تیمێکی 55 سەربازی و هاوکاریی مرۆیی و چەکی بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە ناردووە. هەروەها هاوکاریی ئەمریکا دەکات لە هێرشە ئاسمانییەکاندا لە دژی داعش.


جوانە پاڵانی لە دانیمارک وازی لە خوێندنەکەی هێنا و پەیوەندی بە یەپەگەوە کرد

پایزی ڕابردوو، جوانە پاڵانی کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و تەمەنی 21 ساڵە، وازی لە خوێندن هێنا لە زانکۆی دانیمارک و پەیوەندی کرد بە یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە. ئەو کچە گەنجە بەشداری شەڕی کۆبانێی کرد. جوانە لەلایەن پۆلیسی دانیمارکیەوە ڕێگەی لێ نەگیرا، سەرەڕای ئەوەی پێشتر بەمیدیاکانی ڕاگەیاندبوو کە بەنیازە بچێتە سووریا.

فەگڵسان داوای لە وەزارەتی دادی وڵاتەکەی کرد ڕوونکردنەوە بدات لەسەر چۆنیەتی پراکتیزەکردنی یاساکە و ئەوە یەکلایی بکاتەوە، ئایا یاساکە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە دەچن بۆ شەڕ لە دژی داعش "یاسا یاسایە و دەبێت بە یەکسانی جێبەجێ بکرێت. دەبێت یاساکان ڕوون و ئاشکرابن و بۆ هەموو کەس وەک یەک بێت".


جۆرن ڤێستەرگارد، پرۆفیسۆری یاساکانی تاوان لە زانکۆی کۆپنهاگن، بارودۆخەکەی بە دژیەک و پێچەوانە و لایەنە یاساییەکەی بە نادیار ناوبرد. ئەو گوتی ئەو یاسا نوێیەی دانیمارک بەمەبەستی ڕێگرتنە لەو کەسانەی پشتگیرییان دەربڕیوە بۆ ئایدیۆلۆژیای چەکدارە ئیسلامییەکان.

ناوبراو پێیوایە ڕەنگە هۆکاری ڕێگرتن لەو گەنجە ئەوە بووبێت کە یەکینەکانی پاراستنی گەل پەیوەندیان بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هەیە و ئەو پارتەش ئێستا لە لیستی گرووپە تیرۆریستیەکانی ئەمریکا و ئەوروپادایە.

تاوەکو ئێستا هیچ کوردێکی ئەورووپی بەهۆی نیشاندانی خواستی بۆ شەڕکردن لەدژی داعش ڕووبەڕووی سزا نەبووەتەوە، بەڵام لە بەریتانیا کەیسێک لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە.

شیلان ئۆزچەلیک، کچە کوردێکی بەریتانی بە ڕەگەز کوردە، سەرەتای ئەمساڵ لە فڕۆکەخانەی ستانستێد دەستگیرکرا. لایەنگرانی دەڵێن بەنیازی گەشتکردن بووە بۆ بڕۆکسل بەمەبەستی پەیوەندیکردن بە یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە. بەڵام لە 16ی کانوونی دووەم دەستگیرکرا لەکاتی گەڕانەوەی لە بڕۆکسل.

## شەهرستانی بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت



**رووداو- بەغدا**

بڕیار وایە حسێن شەهرستانی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراق بانگهێشتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بکرێت. زانا رووستایی ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت ماوەیەک لەمەوبەر شەهرستانی بڕیارێکی دەرکرد لە دژی نزیکەی 4 هەزار خوێندکاری کۆلێجی پزیشکییەکان کە ئەمساڵ پەڕینەوە نایانگرێتەوە و دواتریش لە پەرلەمان ئەو بڕیارە رەتکرایەوە و گوتی "ئەوەندەی زانیاریمان هەیە شەهرستانی گوتوویەتی پابەندی ئەو بڕیارە نابێت، بەڵکو دەبێت لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بڕیاری بۆ دەربکرێت، بۆیە بەنیازین بانگهێشتی پەرلەمانی بکەین".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (375) دووشەممە 2015/9/14

### جینان بەدەل:

# خێوەتەکەی کوردستان بە فەرەنسا ناگۆڕمەوە





◆ پێیانگوتم لە ماوەی 24 کاژێردا ناسنامەی فەرەنسیت دەدەینێ بەڵام رەتمکردەوە

◆ کتێبەکەم رۆژانە 20 هەزار دانەی لێدەفرۆشرێ

◆ پەشیمان نیم کە گەڕامەوە کوردستان

◆ لەسەر ئەو هەڵوێستەم هیچ بەرپرسێکی کورد دەستخۆشی لێ نەکردم

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

جینان جەلال بەدەل، رووبەڕوو بە سەرۆکی فەرەنسای گوت: سوپاس بۆ هەڵوێستەکەتان، بەڵام من دەچمەوە کوردستان و وەکو خوشک و برا ئێزدییەکانم لەنێو کەمپدا دەژیم.

جینان بەڵێنەکەی بردە سەر و ئێستا لە کەمپی ئیسیایە لە نزیک باعەدرێ.

ئەو ژنە لە هەڤپەیڤینێکدا سەرلەبەری چیرۆکی ژیانی خۆی هەر لەو رۆژەی کەوتووەتە دەستی داعش و دواتریش سەفەرکردنی بۆ فەرەنسا و دیداری لەگەڵ فرانسۆ ئۆلاند، سەرۆکی فەرەنسا بۆ (رووداو) گێڕایەوە.

جینان، دانیشتووی گوندی دهولای سەر بە ناحیەی سنونێیە، سێ ساڵ لەمەوبەر شووی بە گەنجێکی گوندەکەیان کردووە. لەکاتی هێرشی داعشدا بۆ سەر ناوچەکە، لەگەڵ چەندین ژن و کچ و منداڵی کوردی ئێزدی کەوتنە دەستی داعش. دوای سێ مانگ مانەوەی لەدەستی ئەو گرووپەدا، بە هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەستی داعش رزگار دەبێت.

### کێ جینانی بردە فەرەنسا؟

جینان باسی چوونی خۆی بۆ فەرەنسا دەکات و دەڵێت "بە رێگای چەند کەسایەتی کوردی ئێزیدی داوام لێکرا بەشداری کۆنفرانسێک لە فەرەنسا بکەم، منیش رازی بووم، لە کۆتایی مانگی رابردوودا ئێمە چووینە فەرەنسا".

جینان لەوێ باسی ئەو سێ مانگە دەکات کە لە دەستی داعشدا بووە و دواتر بەسەرهاتەکەی دەکرێتە پەرتووکێک و بە زمانی فەرەنسی بڵاودەکرێتەوە. جینان دەڵێت "لەوێ بەرێگای کەسێکی کوردی ئێزدی بەناوی سەعید سەرچەم، ئەو سێ مانگەی ژیانم لە دەستی داعشدا کردە پەرتووکێک و دواتر پەرتووکەکە هێنرایە نێو کۆنفرانسەکە".

پەرتووکەکەی ئەو کچە کوردە ئێزیدیە بەناوی "جینان..کەنیزەکێکی دەستی داعش" لە 250 لاپەڕە پێکدێت. جینان دەڵێت "بەڕاستی پێشبینیم نەدەکرد ئەوپەرتووکە دەنگدانەوەیەکی وەهای هەبێت، لە کۆنفرانسەکەدا هەر کەسێک منی دەبینی، باوەشی پێدا دەکردم". گوتیشی "بەپێی زانیارییەکانم رۆژانە 20 هەزار دانە لەو پەرتووکە لە بازاڕەکانی فەرەنسا دەفرۆشرێ".

### سێ خولەک لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا

پێش ئەوەی بگەینە خێوەتەکەی جینان، پێشبینیمان دەکرد چەندین کەسی لەدەور بن، بەڵام بینیمان جینان بە تەنیا لەژێر خێوەتێک دانیشتبوو، دوای بەخێرهێنانمان گوتی پێنج خولەکی دیکە مێردەکەم دێت.

جینان لە فەرەنسا چاوی بە سەرۆکی فەرەنسا کەوت. ئەو باسی دیدارەکەی لەگەڵ ئۆلاند دەکات و دەڵێت "دوای کۆنفرانسەکە پێیانگوتم سەرۆکی فەرەنسا دەیەوێ تۆ ببینێ، بەڵام تەنیا 3 خولەک کاتت هەیە. کە چوومە بەرامبەری سەرم سوڕما، قەت باوەڕم نەدەکرد ئەو داوای کردبێ من ببینێ. لەوێ پێیانگوتم ئەگەر بمێنیتەوە لە ماوەی 24 کاژێردا رەگەزنامەی فەرەنسیت دەدەینێ، بەڵام من رازی نەبووم و گوتم لە جیاتی من هاوکاریی کورد بکەن بۆ ئەوەی لە دژی داعش شەڕ بکەن و کچ و ژنی ئێزدی رزگار بکەن".

ئەو ژنە ئێزدییە جلوبەرگێکی سادەی لەبەردابوو، مۆبایلێکی زۆر هەرزانی پێبوو کە تەنانەت کامێراشی نەبوو. ئەو قسەکانی سەرۆکی فەرەنسای گێڕایەوە و گوتی "سەرۆکی فەرەنسا پێیگوتم دڵنیا بە ئێمە بەردەوام دەبین لە هاوکارییەکانمان بۆ گەلی کورد لە شەڕی دژی داعش".

هەرچەندە ئێستا هیچ لە خزمە نزیکەکانی جینان و مێردەکەی لە دەستی داعشدا نەماون، بەڵام تاکە داواکاریی جینان رزگارکردنی کچ و کوڕانی ئێزدییە لە دەستی ئەو گرووپە. ئەو دەڵێت "ئەو سێ مانگەی لە دەستی داعشدا بووم ئەوەندەم ناخۆشی و زوڵمی ئەوان بینیوە، ئێستا بۆ هەر شوێنێک بچم، هەر کەسێک پێم بڵێت چیت دەوێ بۆت بکەین، پێی دەڵێم کچ و ژنەکانمان لە دەستی داعش رزگار بکەن".

لە جیاتی ئەوەی سوپاسی بکرێت کە فەرەنسای بە قوربانی گەلەکەی کردووە، بەڵام جینان زانیویەتی لەسەر ئەو هەڵوێستەی سەرکۆنە کراوە. ئەو بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی "من فەیسبووکم نییە، بەڵام زانیومە هەندێک کوردی ئێزدی بە هەڵە لە من گەیشتوون، زۆر قسەی نەشیاویان لەسەر من کردووە و گوتوویانە دەبووایە تۆ داوای مافی پەنابەری بۆ کوردی ئێزدی بکەی، داوای هێزێکی نێودەوڵەتی بکەی بۆ پاراستنی ناوچەی ئێزدییەکان، بەڵام من لەو هەڵوێستەی خۆم پەشیمان نیم".

پاش 23 رۆژ مانەوەی لە چەند وڵاتێکی ئەوروپی، جینان دوو رۆژە گەڕاوەتەوە کوردستان و ئێستا لە ژێر خێوەتێک دەژی، ئەو دەڵێت "هەتا یەک کچ و ژنی کوردی ئێزدی لە دەستی داعشدا بمێنێ من راناوەستم. ئەو خێوەتەی لە ژێریدا دەژیم بە هەموو ئەورووپای ناگۆڕمەوە".

### هیچ بەرپرسێک لێی نەپرسیوە

لەو گرتە ڤیدۆییەی لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا دەردەکەوێت، وا هەست دەکەی جینان باڵیۆزی وڵاتێکە یان بەرپرسێکی کوردە و داوا لە سەرۆکی فەرەنسا دەکات هاوکاریی گەلەکەی بکات.

جینان داوایەکی رەتکردەوە کە هەزاران گەنج خەونی پێوە دەبینن و ژیانی خۆیانی بۆ دەخەنە مەترسییەوە، ئەویش گەیشتنە بە یەکێک لە وڵاتانی ئەورووپا و وەرگرتنی مافی پەناهەندەییە، بەڵام ئەو دوو رۆژە گەڕاوەتەوە کوردستان و تا ئێستا کەس لێی نەپرسیوە.

جینان گوتی "هیچ بەرپرسێکی کورد لەسەر ئەو هەڵوێستەم دەستخۆشی لێ نەکردم، بەڵام من ئەو کارەم بۆ دەستخۆشی نەکرد، من چاوەڕێی هیچ دەستکەوتێک ناکەم، ئەوەی کردوومە بۆ گەلەکەی خۆم کردوومە".

# 400 کچی کوردی ئێزدی دەبنە پێشمەرگە

### فەرماندەی هێزی کچانی کوردی ئێزدی:

## دەمانەوێت تۆڵەی کچ و ژنانی کۆچۆ و حەردان بکەینەوە

**ناسر عەلی**
**رووداو – دهۆک**

دوای دروستکردنی سریەیەکی پێشمەرگە لە کچان و ژنانی رۆژئاوای کوردستان، سریەیەکی دیکەی پێشمەرگەی کچ لە کوردی ئێزدی دروست دەکرێ و بڕیارە بەم نزیکانە دەست بە مەشق و راهێنان بکەن و چەکیان بدرێتێ.

بوونی کچانی بادینان بە پێشمەرگە وەرچەرخانێکی گەورەیە لە کولتووری ناوچەکەدا کە کولتووری عەشایریی تێدا زاڵە. پەرۆشیی کچانی بادینان بۆ بوون بە پێشمەرگە بە جۆرێکە کە سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە دەڵێت "ئەگەر دەرگای ناونووسین بکەینەوە، بە سەتان کچ لە بادینان دەبنە پێشمەرگە".

ئێستا سریەکەی کچانی رۆژئاوای کوردستان لە بەنداوی مووسڵ شانبەشانی پێشمەرگە پیاوەکان لە ئەرکدان.

فەرماندەی سریە نوێیەکەی کچان و ژنانی کوردی ئێزدی، ژنێکی ئێزدییە بەناوی خاتێ شنگالی. ئەو باسی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو سریەیە دەکات و دەڵێت "دوای کارەساتی شنگال هەر بیرم دەکردەوە بەشێوەیەک بتوانم تۆڵەی کوردی ئێزیدی لە دوژمنەکانی کورد بکەمەوە. لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی رابردوودا بەرێگای پێشمەرگەیەکی کوردی ئێزدی، ئەو بیرۆکەیەمان گەیاندە سوپاسالاری پێشمەرگە، ئەویش رەزامەندیی نیشان دا".

رۆژی 15ی کانوونی دووەم فەرمانی دامەزراندنی ئەو سریەیە دەرچوو، خاتێ دەڵێت "لەو رۆژەوە ژنان و کچان پەیوەندیمان پێوە دەکەن بۆ ئەوەی ببنە پێشمەرگە".

دەمێکە لە سلێمانی فەوجێکی تایبەت بە ژنان هەیە، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی نەریتی عەشایری لە بادینان، تازە ژنانی ئەو ناوچەیە قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە و دەیانەوێ بەپۆشینی جلی پێشمەرگایەتی بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان بشکێنن.

خاتێ کە دەستپێشخەری بۆ شکاندنی ئەو بەربەستە کردووە، گوتی "پێش رووداوەکانی شنگال وەکو هونەرمەندێک هەم سازم لێدەدا و هەمیش گۆرانیم دەگوت، بەڵام کە بینیم زوڵمێکی زۆر لە کچ و ژنی ئێمە دەکرێت، بڕیارم دا ببمە پێشمەرگە". شنگالی هەروەها دەڵێت "سەرەتا تەنیا چەند هاوڕێیەک بووین، پاشان ئەو ژمارەیە زیاد بوو، ژمارەمان گەیشتووەتە 400 پێشمەرگە کە هەموویان لە کوردی ئێزدین".

ئەو هێزەی ژنان جلوبەرگیان وەرگرتووە. جارجار لە دەوروبەری دهۆک مەشقیان پێدەکرێ، بەڵام هێشتا بەفەرمی نەکەوتوونەتە ناو مەشق، شنگالی دەڵێت "بەم زووانە بەفەرمی دەست بە مەشق و راهێنان دەکەین، دواتر ئامادە دەبین بۆ هەر ئەرکێک پێمان بسپێرن".



لە هێرشی داعشدا بۆ سەر شنگال و دەوروبەری لە مانگی هەشتی ساڵی رابردوو، نزیکەی 5 هەزار کچ و ژن و منداڵی کوردی ئێزدی کەوتنە دەست چەکدارانی داعش کە زۆربەیان خەڵکی هەردوو گوندی کۆچۆ و حەردان بوون.

خاتێ دەڵێت "هەندێک لەو کچانەی لەلای ئێمە بوونەتە پێشمەرگە، هێشتا کەسوکاریان لەلای داعش دیلن، بۆیە ئێمە دەمانەوێت تۆڵەی کچ و ژنانی گوندی کۆچۆ و حەردان بکەینەوە".

لەنێو هێزەکانی پەکەکە و یەپەگە و سەرجەم هێزەکانی سەر بە پەکەکە ژمارەیەکی زۆر کچ هەن. ژنانی رۆژئاوا یەکینەی تایبەت بەخۆیان هەیە بەناوی یەکینەکانی پاراستنی ژنان کە رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە شەڕی کۆبانێ.

### سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە:

## ئەگەر دەرگا بکەینەوە بە هەزاران کچی دیکە دەبنە پێشمەرگە

کچانی ریزەکانی پەکەکە و لق و پۆپەکانی بۆیان نییە شوو بکەن. خاتێ دەڵێت ئاساییە ژنە پێشمەرگەکانی ئەوان شوو بکەن و تاوەکو ئێستا هەندێکیان شوویان کردووە. خاتێ باسی مەرجەکە دەکات و دەڵێت "هەر کچێک دێتە لای من دەبێتە پێشمەرگە قسە لەگەڵ کەسوکارەکەی دەکەم و رەزامەندیی ئەوان وەردەگرم. ئاساییە ئەوان شوو بکەن، بەڵام بەو مەرجەی رازی بێت ژنەکەی تا مردنیش پێشمەرگە بێت".

دەرگا بۆ سەرجەم کچ و ژنانی کوردستان کراوەیە بۆ ئەوەی بێنە ریزەکانی ئەو هێزەوە. خاتێ دەڵێت "ئێمە هێزی پاسەوانی سنوورین، راستە ئێستا تەنیا کوردی ئێزیدین، بەڵام دەرگامان کراوەیە بۆ هەموو کچ و ژنانی کوردستان، ئامادەین بەرگری لە هەموو کوردستانیش بکەین".

لە دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان ئەو دوو سریەیە بۆ کچانی رۆژئاڤای کوردستان و کچانی ئێزیدی دروست کرا کە ئەوەی یەکەمیان ژمارەیان سەرووی 100 کچ دەبێ و ئەوەی دیکەش ئێستا ژمارەیان 130 پێشمەرگەیە".

جەمال ئیمینکی، سوپاسالاری پێشمەرگە دەڵێت "ئەگەر دەرگا بە رووی کچاندا واڵا بکەین، ژمارەیەکی زۆر لە کچ و ژن ئامادەن ببنە پێشمەرگە، بەڵام بەهۆی نەبوونی میلاکات ناتوانین ژمارەی هێزەکە لەوە زیاتر بکەین".

د.محەممەد ئەحمەد، یاریدەدەری ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ (رووداو):

# یەکگرتوو حکومەت و پەرلەمانی لە هەڵوەشاندنەوە رزگار کرد



د.محەممەد ئەحمەد، یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی و سەرۆکی شاندی دانوستانکاری ئەو حیزبە لە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی باسی کێشە و جیاوازی نێوان پێنج لایەنەکە لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکات و سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەخت بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ "ئەگەر لایەنەکان رازی بن بەو هەڵبژاردنە کەواتە بەداواکەی پارتی رازی بوون کە داوا دەکەن سەرۆک لە نێو خەڵک هەڵبژێردرێت". بەبڕوای د.محەممەد ئەگەر یەکگرتوو نەبووایە، ئێستا کوردستان دوو ئیدارە بوو، بەڵام دەڵێت لەو قۆناغەدا شەڕی ناوخۆ هەڵنەدەگیرسا.

سەبارەت بە هەڵوێستی واشنتن و تاران لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. د.محەممەد دەڵێت "ئەوان لە رووکەشدا لەسەر ئەو پرسە هاوهەڵوێست دیارن، بەڵام نازانین لە پشت پەردەوە چی هەیە".

هەڤپەیڤین، مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

**رووداو: دوێنێ نیگارکێشێکی گەرمیان بەشداری کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی کرد، باسی چی کرد؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** وەکو یەکگرتوو ئێمە ئەو هەستەمان هەبوو کە ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی و دەستکەوتەکانی خۆمان بپارێزین، بۆیە ئەو هەموو کێشەیەمان بەسەر خۆمان هێنا، بۆ ئەوەی سازانی نیشتمانی سەربگرێت و سەقامگیری سیاسی پارێزراو بێت.

کاتێک ئەو هونەرمەندەمان بینی بە گیرفانی خاڵی لە گەرمیانەوە بەخۆی و تابلۆکانییەوە هاتبوو، دەپاڕایەوە و تکای لە پێنج لایەنەکە دەکرد رێکبکەون و ناکۆکییەکان بەلاوە بنێن، دەیگوت "خەڵک بێ مووچەیە و وەزعی خراپە، تکایە رێکبکەون". قسەکانی ئەو هونەرمەندە لە ناخەوە منی هەژاند.

**رووداو: زۆر باسی ترس و شەڕی ناوخۆ و پەلاماردانی یەکدی دەکرێت، ئێوەش زوو زوو باسی ئەو مەترسییانە دەکەن، ئایا مەترسییەکە بەو ئاستەیە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** رەنگە لەم قۆناغەدا شەڕی ناوخۆ روونەدات و ئەستەم بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە لایەنە دەسەڵاتدارەکان بۆ دوو ئیدارەیی و دابەشبوونی هەرێمی کوردستان لەسەر پەل بوون. با نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە، ئەو شەوە کە بڕیار بوو ژووری عەمەلیات دروست بکرێت و لایەنەکان بۆ گەیشتن بە سازان کۆببنەوە، ئەندام مەکتەب سیاسییەکی یەکێک لەو دوو هێزە تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی "سبەی حکومەت هەڵدەوەشێتەوە". بۆیە کاک ئەبوبەکر هەڵەدنی کاژێر 12ی شەو چووە لای سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و داوای لێکرد لیژنەی یاسایی کۆببێتەوە، بەڵام با راپۆرتەکە نەنووسێت و هیچ بڕیارێک نەدرێت و دەرفەت بە لایەنەکان بدرێت تا دەگەنە سازان، بۆ بەیانییەکەی زۆربەی لایەنەکان سوپاسی ئێمەیان کرد کە هەرێمی کوردستانمان لە دوو ئیدارەیی رزگار کرد. لەوانە بوو هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پەرلەمان بە یەک کاژێر رووی بدابایە، بەڵام بە 10 ساڵ ئەو باردۆخە چاک نەدەبووەوە. بۆیە ئێمە لە وەهمدا نین کاتێک باسی دوو ئیدارەیی دەکرێت.

**رووداو: ئەی تا چەند ئیرادەیەکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی هەبوو بۆ ئەوەی شەڕی ناوخۆ روونەدات؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** وەڵڵا هیچ ئیرادەیەکی نێودەوڵەتی نەبوو بۆ رێگرتن لە دوو ئیدارەیی و شەڕی ناوخۆ، بەڵکو هەوڵەکانی یەکگرتوو بوو، بەخوا ئەگەر ئێمە نەبووینایە و داوامان لە لیژنەی یاسایی نەکردبایە کۆبوونەوە دوابخەن، حکومەت و پەرلەمان هەڵدەوەشایەوە.

**رووداو: بە شەڕی ناوخۆشەوە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** نەخێر شەڕی ناوخۆ ئاسان نەبوو، بە تایبەت لە قۆناغی یەکەم، بەڵام کاتێک دوو ئیدارەیی دروست بێت، فشاری دارایی و سیاسی دروست بێت، دەستێوەردانی ئیقلیمیشی بۆ زیاد دەبوو، بۆیە عەجایەب نەبوو بۆ شەڕی ناوخۆ سەربکێشێت.



■ لایەنەکان ئێمەیان لە بەردەم خەڵک وا پیشاندا کە رێگرین لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات

■ کەیسی نەوت و پەیوەندییەکانی دەرەوە بەستراوەتەوە بە پرسی سەرۆکایەتی

■ لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ هاوهەڵوێستین

**رووداو: بەڵام دوایی زۆربەی تۆمەتەکان خرایە ئەستۆی ئێوە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** هێرش و پەلاماری زۆر بێویژدانانە کرایە سەر یەکگرتوو. کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە ئاراستەی دژایەتی ئێمە دەکرا، وەکو ئەوەی ئێمە رێگریمان لە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان کردبێت، کەچی وانەبوو.

بۆیە رەخنەمان لە پارتی و یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ گرت چونکە خەڵکەکەیان وا تێگەیاندبوو کە 19ی ئاب دونیا دەگۆڕاو دونیایەکی دیکە دەهاتە دی لە کاتێکدا وا نەبوو، واش دەرنەچوو.

ئێمە شەوەکەی رێککەوتبووین کە کۆبوونەوەی 19ی ئابی پەرلەمانی کوردستان دوابخرێت، ئەم رێککەوتنە بە ئامادەیی ئەمریکاو بەریتانیاو نەتەوە یەکگرتووەکان کرابوو، بەڵام بەداخەوە سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەوەی نەچێتە ژێر باری ئەو داوایە، کۆبوونەوەکەی کرد و رێژەی یاساییشی تەواو نەبوو.

ئێمە وەکو یەکگرتوو، بۆ هەر بڕیارێکی گرنگ و ستراتیژی پێویستمان بە رەزامەندی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەیە تا بڕیارێکی یەکگرتوو دەربکات، کاتێک شەوەکەی رێککەوتین کە دانیشتنی پەرلەمان دوابخرێت، ئێمە سەرجەم ئەندامانی سەرکردایەتیمان ئاگادار کردەوە کە پێویست ناکات بێنە هەولێر کۆببنەوە، بەڵکو کۆبوونەوەکەی پەرلەمان دواخراوە.

سەرۆکی پەرلەمان نەیدەویست کۆبوونەوەکە دوابخات تا خەڵک موزایەدەی لەسەر نەکەن. ویستی بە فراکسیۆنەکانی بکات ئەوانیش نەیانکرد، ئەمجارە سەرۆکی پەرلەمان ویستی لە کۆبوونەوەکە بابەتەکە دوابخات، بەڵام رێژەی یاسایی تەواو نەبوو، چونکە ئێمە پێشتر وەکو گوتم رێککەوتبووین لەسەر ئەو پرسە. بابەتەکەش ئەوەندە ئاسان نەبوو بە 15 خولەک یاسایەکی وا هەستیار بخرێتە دەنگدانەوە.

کاتێک من لە بەغدا پەرلەمانتار بووم لەسەر یاسایەک کە رەهەندی سیاسی هەبوو، داوای دەکرد کۆبوونەوەکان بە کراوەیی بهێڵینەوە. بۆ چەندین هەفتە وامان دەکرد تاوەکو لایەنەکان دەگەیشتنە رێککەوتن.

**رووداو: ئێوە زیاتر لە 6 ساڵە کاری هاوبەشتان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامیدا هەیە، خۆ ئەوانیش رەخنەیان لێدەگرتن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لایەنگرانیان ئێوەیان تۆمەتبار دەکرد؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** ئێمە رەخنەو گلەیی ئەو هەڵمەتە چەواشەکارانەیەمان لە هەموو لایەنەکان گرت. رەخنەکانمان زیاتر لەلایەن دەسەڵاتدارەکان بوو کە دەبوو بەپێی رێککەوتن کۆبوونەوەی 19ی ئاب دوابخرێت، رەنگە چاوەڕێی زیاترمان لە برایانی کۆمەڵ هەبووبێ، بە حوکمی برایەتی ئیسلامی و کاری هاوبەشی چەند ساڵە.

**رووداو: لە کۆبوونەوەی حەوتەمی پێنج قۆڵیدا یەکگرتوو هیچ پرۆژەی نوێی پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک بخرێتە گشتپرسی؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** هیچ پرۆژەیەکی نوێمان نەبووە، بەڵکو لەگەڵ سێ لایەنەکەی دیکە (گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ) هاوهەڵوێستین کە سەرۆک لە نێو پەرلەمان هەڵبژێردرێت و دەسەڵاتەکانی سەرۆک رێکبخرێتەوە. رەنگە لە وردەکاری جیاوازیمان هەبێت، بۆیە لە کۆبوونەوەی حەفتەم هیچ شتێکی نوێ روونەدا.

**رووداو: ئەی پرۆژەتان نەبوو سەرۆک لە نێو خەڵک هەڵبژێردرێت و لە بەرامبەر پەرلەمان بەرپرسیار بێت؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** لە کۆبوونەوەکانی رابردوو ئەو بابەتە قسەی لەسەر کراوە، بەڵام ئەو پێشنیازە بەس هی ئێمە نەبووە و لایەنەکانی دیکەش گفتوگۆیان لە بارەوە کردووە کە سەرۆک لە نێو خەڵک هەڵبژێردرێت و دەسەڵاتەکانی رێکبخرێتەوە و لە بەردەم پەرلەمانیش بەرپرسیار بێت، ئەمەش بە ریفراندۆم یەکلایی بکرێتەوە کە ئاخۆ لە نێو خەڵک بێت یان لە نێو پەرلەمان، بەڵام گفتوگۆی زۆر و جدی لەسەر نەکراوە.

**رووداو: ئەی لە کۆبوونەوەی حەوتەم لەسەر چی رێککەوتن؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** لەسەر ئەوە رێککەوتین هەر لایەنێک پێشنیازی خۆی بهێنێ بۆ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**رووداو: باسی هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکرێت، ئایا ئەمە چارەسەرێکی گونجاوە بۆ دەرچوون لەم قەیرانە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** وەکو یەکگرتوو هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوەختە نییە، بەڵام هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆچی دەکرێت؟ ئەگەر بۆ پەرلەمانە ئەوا پەرلەمان ماوەیی یاسایی ماوە و هێشتا دوو ساڵی ماوە. پەرلەمان پێویستی بەهەڵبژاردن نییە، ئەگەر بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشە کەواتە لایەنەکان رێککەوتوون و ئیدی ئەم خۆماندووکردنەی ناوێت. ئەگەر چوار لایەنەکە (گۆڕان و یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ) بەمە رازی بن، کەواتە هەڵبژاردنی بۆ چییە؟ پارتی ئەمەی دەوێت. ئەگەر لایەنەکان بە هەڵبژاردنی سەرۆک لە نێو خەڵک رازی بن، کەواتە بە داواکەی پارتی رازی بوونە و پێویست بە هەڵبژاردنی پێشوەخت ناکات.

**رووداو: رازی نەبوونی لایەنەکان بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە کۆمسیۆنەوە هەیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کردووە و ئەوان دەڵێن ناتوانین؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** هیچ پەیوەندی بە کۆمسیۆنەوە نییە، راستە کۆمسیۆن پارە و کاتی دەوێت، بەڵام کێشەکە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکە، ئەگەر لایەنەکان رازی بن بە هەڵبژاردنی سەرۆک لە نێو خەڵک کەواتە هەڵبژاردنی پێشوەختی ناوێت.

**رووداو: قسە لە نەبوونی کاندیدە، لایەنەکان کاندیدیان نییە بۆ رکابەری بارزانی؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** باسی کاندید نییە، بەڵکو قسە لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لە نێو خەڵک یان لە نێو پەرلەمان.

**رووداو: بەڵام یاسای ساڵی 2005ی هەموارکراو باس لەوە دەکات سەرۆک بە راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، خۆ ئەو یاسایە هەموار نەکراوەتەوە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** یاساکە خۆی تەواو بووە.

**رووداو: تا چەند کەیسی نەوت و ئابووری و پەیوەندییەکانی دەرەوە بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گرێدراوە، هێزەکان لە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی ناچنە ژێرباری بەڵکو دەیانەوێ لە کۆبوونەوەی دوو قۆڵی لەگەڵ پارتی باسی بکەن؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** ئێمە قسەمان لەسەر ئەو بابەتە هەیە و پێشتریش گفتوگۆمان لەسەر کردووە، باسمان لەوە کردووە کە کەیسی نەوت و دارایی و پەیوەندییەکانی دەرەوە و پێکهێنانی حکومەتی خۆجێیی لە پارێزگاکان و هاوبەشی دەسەڵات لە حکومەت ببێتە بەشێک لەو رێککەوتنە، بۆ ئەوەی کۆی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان سەقامگیری و پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت.

■ لایەنەکان بۆ دوو ئیدارەیی لەسەر پەل بوون

■ چاوەڕێی هاوهەڵوێستیمان لە فراکسیۆنی کۆمەڵ دەکرد

■ دانیشتنەکانی پەرلەمان دژی یەکگرتوو ئاراستە دەکرا

■ هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ پەرلەمان پێویست نییە

■ ئێمە رێگر بووین لە دوو ئیدارییی و شەڕی ناوخۆ

**رووداو: کەواتە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان شتێکی رووکەشە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** رووکەش نییە یەکێکە لە پرسە سەرەکییەکان، ئەگەر لەسەر پرسی سەرۆکایەتی رێکبکەوین، لەسەر پرسەکانی دیکەش بە ئاسانی رێکدەکەوین.

**رووداو: باشە ئێستا رۆڵی پەرلەمانی کوردستان چی لێهاتووە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** پەرلەمان لە حاڵەتێکی نائاساییدایە وەکو کۆی دامەزراوەکانی دیکە. بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە حاڵەتێکی نائاساییدایە.

**رووداو: رۆڵی وڵاتان لە چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە چییە؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** هەموو وڵاتان پەرۆشن بۆ باردۆخی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئارامی و سەقامگیری سیاسیدان، ئەگەر پێشتر لە زۆر شت ناکۆک بووبن، ئەمڕۆ لەسەر پاراستنی هەرێمی کوردستان و پاراستنی ئەم ئەزموونە هاوهەڵوێستن.

**رووداو: واشتن و تاران لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هاوهەڵوێستن؟**

**د.محەممەد ئەحمەد:** هاوهەڵوێستن لەسەر پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکان بە رێگای ئاشتی و دیموکراسی. ئەوەی من بە ئاشکرا بیزانم هاوهەڵوێستن، ئیتر نازانم بەشێوەیەی شاراوە چی هەیە.

کوردستانی

ژمارە (375) دووشەممە 2015/9/14




## سەرۆکە گەنجە شۆخەکە لەسەرکار لادەدرێت



**رووداو- جزیرێ**

لەیلا ئیمرەت، سەرۆکی شارەوانی جزیرێ لە باکووری کوردستان، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی تورکیاوە لەسەرکار لادرا.

لەیلا ئیمرەت، بەتۆمەتی هەوڵدان و هاندانی چالاکی چەکداری دژ بە دەوڵەتی تورکیا و پڕوپاگەندەکردن بۆ رێکخراوی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەن داواکاری گشتی جزیرەوە درابووە دادگا. لەیلا لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە کاندیدکرابوو ، توانیبووی 83%ی دەنگی خەڵکی جزیرە بهێنێت و بووە خاوەنی زۆرترین رێژەی دەنگ لەناو هەموو سەرۆک شارەوانییەکانی تورکیادا و بە "سەرۆکە گەنجە شۆخەکە" ناسرابوو.

# دەوڵەت لە باکووری کوردستان تەنیا لەنێو ئۆتۆمبێلی دژە گوللەدایە

**ماشم سۆیلەمەز**

ناوچە ئازادەکان، راگەیاندنی خۆسەری، بۆمبەکان، هەڵاتنی مامۆستایان و ئامێرە پەککەوتووەکان، ناوچەکەیان گەڕاندووەتەوە بۆ سالانی نەوەتەکان. دەوڵەتیش لەناو ئۆتۆمبێلی گوللەنەبڕدا زیندانی کراوە.

لەناوچەکە تاریکی و کابووس درێژەی هەیە. لە کوێ؟ کەی؟ چی دەبێت؟ کەس نازانێ. دەوڵەت دیار نییە! پەکەکە بەشێکی گەورەی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی کۆنترۆڵ کردووە. لە ئامەدەوە بەرەو گەڤەر بەڕێدەکەوم، لە رێگە ئاگادارم دەکەنەوە "مەڕۆ، رێگا زۆر مەترسیدارە". بەڵام بەهۆی پیشەکەمەوە پێویستە بڕۆم.

سەرچاوەیەکی تایبەت لەسەر پارچە کاغەزێک ناو و ژمارەی تەلەفۆنم بۆ دەنووسێت و دەڵێت "ئەگەر هاتنە سەر رێگات ئەو کاغەزە رزگارت دەکات". لە فارقین پێیانگوتم "نەچیتە گەڕەکی خوارەوە". دەگەینە کۆزلوک و پاشانیش بەچەند شوێنێکی دیکەدا تێدەپەڕین. رۆژ ئاوابووە و خەریکە تاریک دادێت. هەندێکجار بەڕێگای راست و هەندێکیش بە رێگای شاخاویدا دەڕۆین، ئەگەری ئەوە هەیە پەکەکە یان ئاسایش بمانوەستێنێ و داوای ناسنامەمان لێبکات. لە تبلیس نزیک دەبینەوە و دونیا بە تەواوی تاریک داهاتووە. لە تاتوان پشوویەک دەدەین و پرسیار لە بارودۆخی رێگا دەکەین. هەندێکیان دەڵێن رێگاکە باشە، هەندێکیشیان داوا دەکەن بەشەو نەچینە سەر رێگای وان.

رێگای تاتوان – وان یەکێکە لەو رێگایانەی لە رابردوودا بە وردی پشکنینی تێدا دەکرا، بەڵام ئێستا جەندرمە لەسەر رێگا نەماوە. خاڵەکانی پشکنین تەنیا پاشماوەکانیان ماوە. دەڵێن ئەو سەربازانەی ئاسایشی رێگایان لە ئەستۆدا بوو، ناچار بوون بگەڕێنەوە بارەگاکانیان.

نزیکەی سەعات 11ی شەو دەگەینە وان. لەناو شار بارودۆخێکی جیاواز لە ئارادایە. پۆلیسەکان ئێلەگی گوللەنەبڕیان بەستووە و شەقامەکان پڕن لە زرێپۆش، بەوەدا دەردەکەوێت کە رێوشوێنی ئەمنی لە لووتکەدایە.

دەوڵەت وازی لە پاراستنی رێگای نێوان شارەکان هێناوە، تەنیا لەناو سەنتەری شاردا خۆی قایم کردووە. رێوشوێنی ئەمنی لەبەردەم بارەگای ئاکپارتی لە هەر شوێنێکی دیکە قایمترە.

رێگای نێوان وان – جۆلەمێرگ جیاوازە. لەکاتێکدا پێویستە رێوشوێنی ئەمنی لەسەر ئەو رێگایە زۆر توند بێ، بەپێچەوانەوە هیچ هێزێکی سەربازی لەسەر ئەو رێگایە نییە. سەربازگەکان دەورووپشتی خۆیان قایم کردووە. بەدرێژایی رێگای وان – جۆلەمێرگ – گەڤەر تەنیا یەک بازگەی سەربازی دەبینین، ئەوانیش بەهۆی تەقینەوەی بۆمب شوێنی خۆیان گۆڕیوە، ئەرکی ئەو بازگەیەش تەنیا گەڕانە بەدوای بۆمب لەسەر رێگاکە.

پەروەردە و تەندروستی لە دەرەوەی بازنەن

بەنێو ئەو دیمەنانەدا دەگەینە گەڤەر. جگە لە شەقامی سەرەکیی شارۆچکەکە، دەوڵەت لە هیچ شوێنێکی دیکە نییە. تەواوی گەڕەکەکان ناوچەی ئازادکراون. خەڵک نیگەرانە "ئێمە لەنێوان مان و نەماندا دەژین. گوتیان چارەسەری، بەڵام ئەنجامی نەبوو. ئێستا بارودۆخەکە خراپترە".

لە گەڤەر لە پاش سەعاتی دیاریکراو چ لەلایەن پەکەکە بێ یان دەوڵەت، چوونە دەرەوە مەترسیدارە. مومکین نییە بچیتە ناو گەڕەکەکان. کارمەندانی فەرمی دەوڵەت ناچارن لەدوای کاتی دیاریکراو شوێنی کارکردن بەجێبێڵن. دەبێت لە سەعاتی دیاریکراو هەموو کەس لە ماڵەکەی بێ، ئەگەرنا گوللەی زرێپۆشی پۆلیس یان گوللەی "تیرۆریستان"ت بەردەکەوێت.

ئێستا دەوڵەت لەناوچەکە رووبەڕووی زەحمەتی زۆر دەبێتەوە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی، ئاسایش و دادپەروەری. لەدوای جەژن خزمەتگوزاریی پەروەردەشیان دێتە سەر. لە چەندین ناوچە قوتابخانەکان دەکەونە ناو بازنەی بایکۆتکردن کە پەکەکە دەیسەپێنێ.

(ئەحمەد.ک) لە جۆلەمێرگ مامۆستایە، دەڵێ ساڵی رابردوو نەک سەرپەرشتیاران، بەڵکو پەکەکە قوتابخانەکانی پشکنی، لەمەودواش بەمشێوەیە دەبێت "من بەڕێوەبەرم، بەڵام هاوڕێی مامۆستام هەیە کاری پەکەکەش دەکەن. مامۆستای هاوڕێم هەیە چووەتە کۆبانێ. لەم بارودۆخەدا زۆربەی قوتابخانەکان لە کاتی خۆیاندا ناکرێنەوە. مامۆستا هەیە بەرلەوەی دەستبەکاربێ وازی هێناوە. تەنیا سەرباز و پۆلیس بەدەست دەوڵەتەوە ماوە، دەزگاکانی دیکە لە دەستی پەکەکەدان".

لەچەندین شوێن نەخۆش تەنیا بە ئەمبولانس دەبرێتە نەخۆشخانە. ئەستەمە بەشەو لەکاتی نائاساییدا نەخۆش بتوانێ بە ئۆتۆمبێلی خۆی بچێتە نەخۆشخانە.

رەمزی کالان دەڵێت "دوای قسەکانی ئەردۆغان لەبارەی کۆبانێ، بارودۆخەکە بە خراپی شکایەوە. لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران زۆر شت گۆڕا. بارودۆخەکە گەڕاوەتەوە بۆ سالانی نەوەتەکان، من لە گوندێکی نزیکی شار دەژیم. بۆ ئەوەی سەردانی نەخۆشخانە بکەم رۆژێک پێشوەخت دێم لەلای خزمەکانم دەمێنمەوە".

وەکو باری نائاساییە

پەکەکە لە نزیکەی 100 شوێنی نیشتەجێبوون باری نائاسایی راگەیاندووە. هەروەها دەوڵەتیش لە 100 شوێن ناوچەی ئەمنیی تایبەتی راگەیاندووە. لە هەندێک شوێن ژیان گەیشتووەتە ئاستی راوەستان.

رەمزیە تورکمەز، 75 ساڵ، لە شەمزینان دەژیت. نە سیاسییە و نە لەگەڵ دەوڵەتیش هیچ کێشەی هەیە. منداڵەکانی لە ئیستانبوڵن. هاوژینەکەی کۆچی دوایی کردووە و بە تەنیا دەژی. ئەو تەنیا داوای ئارامی دەکات "هەر بچمە دەرەوە سەرباز یان گەریلا دێن. باخچەم هەیە، دەمەوێ بچم تەماتە لێبکەمەوە، بەڵام ناتوانم".



### رۆژی قاچاخچییەکانە

دوای ئەوەی لە جۆلەمێرگ تەواوبووم، بە رێگای واندا گەڕامەوە ئامەد. دیمەنەکە لەوێش هەمانشێوەیە. نەبوونی سەرباز لەسەر رێگا خزمەت بە قاچاخچییەکان دەکات. بەرپرسێکی جەندرمە لەناوچەکە دەڵێ "لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر 60% زیادی کردووە. چونکە بە کشانەوەمان لەسەر رێگاکان بۆشایی پەیدا بووە".

لەهەموو شارۆچکەکانی سەر بە ماردین مەترسی هەیە. قزلتەپە، نوسەیبین، هەروەها کەربۆران کە چوار پۆلیسی تێدا کوژران ناوچەی ئازادکراون. لە شڕناخ بارودۆخەکە جیاوازترە. بەتایبەتی لە جەزیرە و سلۆپی جگە لە شەقامە سەرەکییەکان دەوڵەت نییە. وەکو هەموو شوێنەکانی دیکە لێرەدا خەندەق لێدراون. وەکو کۆبانێ خەندەق و قەناس بەدەستەکان گەڕەکەکان دەپارێزن. ئەگەر مۆڵەتی پەکەکەت نەبێ ناتوانی لە گەڕەکەکان بێیتە دەرەوە. جەزیرە لە گەڤەر زۆر پەرێشانترە. هەمان قسە بۆ سلۆپیش راستە. پەکەکە لەو شوێنانە خۆسەری جێبەجێ دەکات. هێزی چەکداری هەیە، قوتابخانە و نەخۆشخانە لەدەستی پەکەکەدایە. بەبێ زرێپۆش پۆلیس و سەرباز لە سلۆپی و جەزیرە ناتوانن بچنە هیچ شوێنێک.

لەو شوێنانەی سەردانم کردن (گەڤەر، شەمزینان، جەزیرە و سلۆپی) کەس لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن قسە ناکات. ئەوان دەڵێن تاوەکو ئەردۆغان مابێت، ئەو شەڕە درێژە دەکێشێت.

### گەشتیار ناچنە ماردین

لە نەوەتەکاندا کە شەڕ لەوپەڕی توندیدا بوو، وەکو ئەمڕۆ گەشتیاری لە ماردین لە کورتیی نەدابوو. هەرچەندە لەناو ماردین کێشەیەک نییە، بەڵام نیگەرانی لەوپەڕیدایە. هۆتێلەکان 60% لە کورتییان داوە. محەممەد چەلیک سەرۆکی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی ماردین دەڵێت "ماردین کە شارێکی جیهانییە، هیچ کات وەکو ئێستا نەبووە. مرۆڤ دەترسێ. هۆتێلەکان بەتاڵن. ئەو ترسە لەخۆوە نییە. قسەکانی ئەردۆغان لە دوای 7ی حوزەیران ئەم بارودۆخەی دروستکرد".

سەمیح ئیدز، شرۆڤەکاری کاروباری تورکیا بۆ (رووداو):

# هێرشەکانی پەکەکە سوودیان بۆ ئەنقەرە هەیە



سەمیح ئیدز لەساڵی 1982 لە ئاژانسی راگەیاندنی ئابووری لە ئەنقەرە دەستی بەکاری رۆژنامەوانی کردووە. دواتر لە ئاژانسی ئانادۆڵ، رۆژنامەی جمهوریەت، تورکیش دەیلی نیوز، NTV و CNN تورک پەیامنێری و سەرنووسەریی کردووە. ئێستا لە رۆژنامەی جمهوریەت و حوریەت دەیلی نیوز گۆشەنووسە. لەهەمانکاتدا لە مۆنیتەر شرۆڤەکاری کاروباری تورکیایە. ئەو شرۆڤەکارە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت پەکەکە هەڵەیەکی ستراتیژی کرد کە دەستی بەشەڕ کردەوە، چونکە بیانووی دایە تورکیا بەناوی تیرۆرەوە رووبەڕووی ببێتەوە.

رووداو – هەولێر

## پەکەکە تەسلیمی هێرشێکی ستراتیژی بووە

**رووداو: تورکیا بە کردنەوەی بنکەی ئینجەرلیک، چەند کاریگەری دروستکرد لەسەر گۆڕینی هاوسەنگییەکانی ناو سووریا؟**

**سەمیح ئیدز:** دەگوترێ لەسایەی ئینجەرلیکدا کاریگەری ئۆپەراسیۆنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش زیاتر دەبێت. هەڵبەتە لاوازبوونی داعش هاوسەنگییەکانی ناو سوریا دەگۆڕێت. بەڵام هاوسەنگییەکان زیاتر لە دژی ئیسلامیەکان و لە بەرژەوەندیی کورد دەگۆڕێت. لەو قۆناغەدا دیار نییە کردنەوەی ئینجەرلیک رۆیشتنی ئەسەد خێراتر دەکات یان نا. کێشەی سەرەکیی ئاکپارتی کە مانەوەی ئەسەدە درێژەی هەیە. بەڵام ئامانجی هەڵسانی فڕۆکەکان لە ئینجەرلیک ئەسەد نییە، بەڵکو داعشە. ناتوانین بڵێین تورکیا بەمە زۆر دڵخۆشە.

**رووداو: ئامانجی تورکیا لە کردنەوەی بنکەی ئینجەرلیک چییە؟**

**سەمیح ئیدز:** ئامانجی ئەنقەرە لەو کارە رزگاربوونە لەو گۆشەگیریەی لەناوچەکەدا تێیکەوتووە. هەروەها بەشێوەیەک بەشداربوونە لە یارییەکە. ئەگەر لە دوای کۆمەڵکوژیی پرسوس تورکیا بێدەنگ بووایە، زیاتر تۆمەتبار دەکرا. بێگومان تورکیا دەیویست بە کردنەوەی ئینجەرلیک دەستی لە بەرامبەر پەکەکە بەهێزتر بێت. بۆ ئەمەش دەستی بە گوتنەوەی دەستەواژەی "تیرۆر لە هەر کوێ بێت بەرەنگاری دەبمەوە" کرد. بێگومان ئەگەر رۆژئاوا دڵخۆشیش نەبێ بە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە پەکەکە، مافی بەرگریکردن لەخۆ دەداتە تورکیا. هێرشەکانی پەکەکەش لەو گۆشەیەوە سوودیان بۆ ئەنقەرە هەیە.

**رووداو: ئێستا لە تورکیا کێشەی ناوخۆیی لەئارادایە. ئایا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە هۆی دەرکەوتنی ئەوکێشانە، یان کێشە ناوخۆییەکان سیاسەتی تورکیایان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو ئاقارەدا برد؟**

**سەمیح ئیدز:** ئێستا تورکیا سیاسەتێکی راست و واقیعی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە. هەموو حیسابەکانی ئاکپارتی هەڵە بوون. سەرەڕای ئەوە بەهۆی فشارە سیاسییە ناوخۆییەکان نەیتوانی سیاسەتێکی نوێ بەرهەم بێنێ.

**رووداو: دەربارەی رۆڵی نوێی پەکەکە لە جیهاندا چی دەڵێیت؟ بەتایبەتی لە چاوی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپادا؟**

**سەمیح ئیدز:** هەرچەندە پەکەکە بەهۆی شەڕی داعشەوە لە جیهاندا وێنەیەکی باشی بۆ خۆی دروستکرد، بەڵام ئەگەر درێژە بە هێرشەکانی بدات، پێموانییە ئەو وێنەیەی بەردەوام بێت. پەکەکە لە جیاتی قۆستنەوەی، ئەو دەرفەتە بە شێوەیەکی دیکە بەکاردێنێ. ئەمریکاش بە دەستەواژەی "پەکەکە لەگەڵ پەیەدە جیاوازە. یەکێکیان رێکخراوێکی تیرۆریستیە، ئەوەی دیکەیان تیرۆریست نییە" ئاراستەی خۆی ناگۆڕێت. رۆژئاوا بەهیچ شێوەیەک پشتگیری لە تیرۆر ناکات. سەرەڕای هەموو ئەو ناکۆکیانەی لە ئارادایە، پێویستە رۆژئاوا وەکو هاوپەیمانێک رۆڵی گرنگ و گەورەی جیۆ – ستراتیجیی تورکیا لەبیر نەکات.

**رووداو: دەستپێکردنی هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا بۆ سەر رێکخراوێکی سوننی نەتەوەپەرستی عەرەب و توندڕەوی ئیسلامی، نابێتە هۆی ئەوەی داعش رووی هێرشەکانی بکاتە سەر تورکیا؟**

**سەمیح ئیدز:** ئەمە چاوەڕوانکراوە. بێگومان لە هێرشی پرسوسەوە دەرکەوت کە تورکیا لەم جۆرە هێرشانە بەدوور نییە.

رووداو: ئێستا هەندێ پرسیار لەجۆری ئەوەی کە "بۆچی رێ لە کوشتن ناگرن؟"، "بۆچی منداڵەکانمان دەکوژرێن؟" لەلایەن ئەندامانی سوپاوە دەگوترێنەوە، ئەمە چ مانایەکی هەیە؟

سەمیح ئیدز: لەو کاتەی هەموو کەس لە تورکیا ئەو پرسیارانەی دەکرد، هێرشەکانی پەکەکە دەستی پێکردەوە و نیگەرانیی سالانی رابردووی رای گشتی زیندوو کردەوە. زۆر کەس پێیوایە پەکەکە لێرەدا تەسلیمی هەڵەیەکی ستراتیژی بووە.

**رووداو: ئەردۆغان و دەسەڵاتی ئاکپارتی زۆر بەهێز خۆ نیشان دەدەن، پێتوایە ئەوان ئەوەندە بەهێز بن؟**

**سەمیح ئیدز:** دوای حەوتی حوزەیران نە ئەردۆغان و نە ئاکپارتی وەکو رابردوو بەهێز دیارنین. ئێستا هەموو هەوڵێکی ئەردۆغان گەڕانەوەیە بۆ دۆخی جاران.

**رووداو: پێتوایە کۆتایی بەدەسەڵاتی ئاکپارتی دێت؟**

**سەمیح ئیدز:** هەموو دەسەڵاتێک کۆتایی هەیە. مێژوو ئەمەی سەلماندووە.

**رووداو: چارەسەرەی کێشەی کورد بووەتە مەسەلەیەکی سەرەکیی سیاسەت. پێتوایە ئەو کێشەیە بە پشتبەستن بە دینامیکی ناوخۆی تورکیا چارەسەر دەکرێت، یان وەکو پەکەکە دەڵێت پێویستی بە لایەنی سێیەمە؟**

**سەمیح ئیدز:** ئەو کێشەیە بە دینامیکە ناوخۆییەکانی تورکیا چارەسەر دەکرێت. لایەنی سێیەم بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکات و تۆمەتی ئەوەی کە "کورد پیاوی لایەنی سێیەمن" جارێکی دیکە زیندوو دەکاتەوە. ئەمەش چارەسەری کێشەکە نەک ئاسان ناکات، بەڵکو ئەوەندەی دیکە زەحمەتی دەکات.

# هەرێمی هاوبەشی کورد و سوننە مشتومڕ دەنێتەوە

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی



پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا:

## هیچ پارتێکی سیاسی کوردی پشتیوانی لەو پرۆژەیە ناکات

لە داهاتوویەکی نزیکدا، مشتومڕێکی سیاسیی نوێ لە عێراق سەرهەڵدەدات، ئەوەش دوای ئەوەی کە سەرکردە و کەسایەتییە سوننەکانی پشت ئەو داخوازییە نوێیەی داوای هەرێمی هاوبەشی کورد و سوننە دەکات، روخساری خۆیان ئاشکرا دەکەن.

"هەرێمی هاوبەشی کورد و سوننە" ئەوە ئەو پرۆژەیەیە کە شیعە لە عێراقدا هیوا دەخوازن تەنیا خەیاڵی چەند سیاسییەکی سوننە بێت. بەڵام ئایا ئەوە تەنیا هەڕەشەیەکە و فرێدراوەتە بەردەم شیعەکانی عێراق؟ پەرلەمانتارێکی کورد لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، لەزاری پەرلەمانتارانی سوننەی سەر بە پارێزگای نەینەواوە دەڵێت "سوننە پرۆژەیەکیان هەیە بۆئەوەی داوا لە کورد بکەن پێکەوە هەرێمێکی هاوبەش دروستبکەین و دەڵێن ئەوەیان بەباشی هەڵسەنگاندووە".

ئەشواق جاف، هێشتا رای فراکسیۆنەکەی و حیزبەکەی لەوبارەیەوە نازانێ، بەڵام پێیوایە ئەگەر پرۆژەی لەوجۆرەش بە فەرمی هاتە بەردەم بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، دەبێ سەرەتا بابەتی سنوورەکان یەکلایی بکرێنەوە "چونکە ئێمە کێشەی سنوورمان لەگەڵ سوننە هەیە و کێشەی مافیشمان لەگەڵ شیعە هەیە"، گوتیشی "بەڵام کێشەی گەورە لە بەردەم پرۆژەی سوننەکاندا ئەوەیە کە ئێستا ئەوان لەنێو خۆیاندا تەبا و بەهێز نین و بڕیاری یەکگرتوویان نییە".

هێشتا دیار نییە چ لایەنێکی سیاسی، یان چەند کەسایەتی سیاسیی دیار لەپشت ئەو بیرۆکەیەن. وا دەردەکەوێ کە کورد و سوننە هەردووکیان، بۆ گوشار خستنە سەر شیعەی دەسەڵاتداری عێراق سوود لەو بیرۆکەیە وەربگرن، بێ ئەوەی هیچ لایەکیان بەکردەوە کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئەو بیرۆکەیە بە جددی وەربگرن.

داخزانی زیاتر و زیاتری عێراق بۆ ناو فەلەکی ئێران، سوننەی عێراقی بەتەواوی نائومێد کردووە لەوەی وڵاتەکە بۆ باوەشی جیهانی سوننە بگێڕنەوە. بەپێی ئەو زانیاریانەی لە چەند سەرچاوەیەکەوە دەستکەوتوون، پوختەی پرۆژەی سوننەکان ئەوەیە کە هەردوو پارێزگای نەینەوا و سەلاحەدین و لە داهاتووشدا ئەنبار، لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەنە یەک هەرێم و بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمەکە رابەرایەتی بکات و پۆستەکانی دیکە لەنێوان کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکەدا دابەش بکرێن، بەوەش ئەوان جگە لەوەی لەدەست حکومەتی شیعەی عێراق رزگاریان دەبێ، هاوکات دەتوانن بگەنە ئاستێکی باشیش لە گەشەی ئابووری.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ هێشتا ئەوە گفتوگۆی نێوان سوننەکان خۆیانە و نەبووەتە بڕیارێکی سیاسی "بەڵام لەو دۆخەدا کە بەشێک لە سوننەکان ئاوارەن لە کوردستان و خاکیان بەدەست خۆیانەوە نییە و لە حکومەتدا پەراوێزخراون و بوونیان بەهای نەماوە، کورد باشترین لایەنە لە ناوچەکەدا کە رووی تێبکەن، هاتنە پاڵ کورد دەبێتە دەستکەوت بۆ ئەوان".

بەبڕوای موسەننا ئەمین، لە داهاتووی عێراقدا کێشە تائیفییەکان گەورەتر دەبن "ئەمەش ناکۆکیی نێوان سوننە و کورد کەم دەکاتەوە و هەر ئەوەش هانی سوننە دەدات بۆئەوەی بیر لە پرۆژەی لەو جۆرە بکەنەوە".

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق، پێشنیاز دەکات "ئەگەر کورد بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتی نییە، سەرکردایەتی کورد بە پشتیوانیکردن لە سوننە هاوسەنگی هێز لە عێراق دروستبکەنەوە بۆئەوەی ئارامی بۆ عێراق بگەڕێتەوە، ئەگەر شیعە بزانێ کورد سوننە دەگێڕێتەوە بۆ گۆڕەپانەکە، رەنگە دان بە دەوڵەتی کوردستاندا بنێ بۆ ئەوەی کوردی لەکۆڵ ببێتەوە و سوننەش بەهێز نەبێتەوە".

بەڵام ئەوە هێشتا لەنێو هەموو سوننەکانی عێراقدا کۆدەنگیی لەسەر نییە، یەکێک لە پەرلەمانتارەکانی پارێزگای نەینەوا ئەو زانیاریانەی رەتنەکردەوە، بەڵام گوتی "ئەوە لەڕووی جوگرافییەوە دژوارە"، ئەو پەرلەمانتارە سوننەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، زیاتر دەڵێ "دەزانین بۆچوونێک لەنێو شەقامی سوننەی عێراقدا هەیە کە خۆزگە بە مۆدێلی ئیدارە و سەقامگیری و خزمەتگوزاری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەخوازن، بەڵام هەروا ئاسان نییە لەو دۆخەدا هەرێمی هاوبەشی سوننە و کورد بکەیتە پرۆژە و جێبەجێی بکەیت".

ئەو پەرلەمانتارە سوننەیە، پێشیوایە ئەگەر هەموو ئەوانەش دەستەبەر بوون و شیعە بێدەنگ مایەوە لەبەرامبەریدا "هێشتا مەرج نییە کورد بەوە رازی ببێت، کورد چ پێویستی بەو سەرئێشەیە هەیە دروستی بکات بۆخۆی؟".

کورد هێشتا پێداگیری لەسەر بەدیهێنانی دەستهێنانی ئەو خەونە دەکات کە ساڵەهایە خەونی پێوە دەبینێ و بریتییە لە دامەزراندنی دەوڵەت. دەکرێ بەو هەموو سنووره ناکۆکی لەسەرەوە، کورد و سوننە بە رابەرایەتی کورد هەرێمێک بەتامی دەوڵەت لەنێو عێراقدا دروستبکەن؟ ئەی چی دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دابەشبووی سەر بلۆکی سوننە و شیعە؟ موسەننا ئەمین پێیوایە سوننەی عێراق نەک تەنیا لە شیعە، بگرە لە تورکیا و وڵاتانی عەرەبیش بێهیوا بوون "بۆیە لەم دۆخەی ئێستادا لارییان لە هەرێمێکی هاوبەش نییە بە سەرکردایەتی کورد و بگرە پشتیوانی نێودەوڵەتی زۆرتریش دەبێ".

بەڵام زانا روستایی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق لەو باوەڕەدایە کە دەبێ کورد ئەو پرۆژەیە رەتبکاتەوە "مەگەر ئێمە بەتەمای دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان نین؟ ستراتیژی کورد دەوڵەتە و هیچ پارتێکی کوردستانی پشتیوانی لەو پرۆژەیە ناکات".

لە دانیشتنی دوێنێ 2015/9/13دا پەرلەمانتارێکی شیعە مەزهەبی عێراق بە 100 هەزار واژۆوە جارێکی دیکە پرسی هەرێمی بەسرەی وروژاندەوە و هەموو پەرلەمانتارە کوردەکانیش واژۆیان خستووەتە سەر پرۆژەکەی محەممەد تائی. ئەو پرسەی مالیکی لە ساڵانی سەرۆکایەتیدا سەرکوتی کرد.

دوای ئەوەی 100 هەزار واژۆکە دەدرێتە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، قۆناغی یەکەمی بە هەرێمبوونی بەسرە کۆتایی هات و قۆناغی دووەم دەستپێدەکات کە ئەنجامدانی راپرسییە "دوای ئەوەی راپرسی ئەنجامدرا و دەنگی زۆرینە بەڵێ بوو، بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان بەسرە دەبێتە هەرێمی سەربەخۆ" زانا روستایی وای گوت.

هەر لەوبارەوە ئەشواق جاف زانیاری زۆرتر دەدات و دەڵێ "تەنانەت داوا لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش کراوە بودجەی راپرسیەکە بۆ کۆمیسیۆن دابین بکەن".

جانێت سێپێن، باڵیۆزی پێشووی هۆڵەندا لە عێراق بۆ (رووداو):

# دەمانەوێ عێراق بکەینە وڵاتێک خەڵک تێیدا بمێنێتەوە



جانێت سێپێن، باڵیۆزی پێشووی هۆڵەندا لە عێراق دەڵێ عێراق بەرپرسیارە لە پاراستنی سەلامەتیی گیانی هاووڵاتیانی و دەبێت جیهان هاوکاریی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات لەو بەرپرسیارێتییەدا. پاش دوو ساڵ لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکەی لە بەغدا، سێپێن بەم دواییە و بەهەمان ئەرکێ عێراقی بەرەو پاکستان جێهێشت. لە نیوەی ماوەی ئەرکەکەیدا کارەکەی سێپێن بەتەواوی گۆڕا کاتێک داعش هاتە گۆڕەپانەکە. کارەکەی ئەو زیاتر بووە تەرکیز خستنە سەر کاری مرۆیی. لەم هەڤپەیڤینەدا سێپێن باسی ماوەی ساڵانی کارکردنی لە عێراق دەکات.

یودیت نیورینک
رووداو - هەولێر

### داعش ئەرکی ئێمەی لە عێراق گۆڕی

**رووداو: هاتنی داعش و کەوتنی مووسڵ لە حوزەیرانی 2014 چ کاریگەرییەکی لەسەر کارەکەت هەبوو؟**

**جانێت سێپێن:** کاتێک بەراوردی ساڵی یەکەم و دووەمی کارەکەم دەکەم، وەک ئەوە وایە کە دوو پۆستی جیاوازم هەبووبێت. بێگومان، هەمیشە لە هۆڵەندا بایەخدان بە عێراق هەبووە، بەڵام ئەو بایەخە لە پاش کەوتنی مووسڵ زیادی کرد. بەر لە هاوینی ساڵی رابردوو، ئێمە باڵیۆزخانەیەک بووین کە کاروباری هاووڵاتیانی هۆڵەندیمان لە بواری بازرگانی و وەبەرهێنان بەڕێوە دەبرد و چاودێریی بارودۆخی سیاسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤمان دەکرد. بەڵام لە پاش هاوین، کارەکەمان گۆڕا بۆ هاوکاری مرۆیی و مەشقی سەربازی بە سوپای عێراق و پێشمەرگە. لەهەمان کاتدا، بایەخدان بە عێراق لە پەرلەمانی هۆڵەندا زیادی کرد: ژمارەی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران لە پێش و پاش بارودۆخەکە زۆر جیاواز بوو.

**رووداو: هۆڵەندا یەکێکە لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا کە مەشقی سەربازی بە سوپای عێراق و پێشمەرگە دەکات. ئایا هیچ دوو دڵییەک هەبوو لە ناردنی ئەو راهێنەرە سەربازیانە لەبەر خراپی بارودۆخەکە و سەلامەتی گیانیان؟**

**جانێت سێپێن:** زۆر بە کەمی بینیومە کە پەرلەمانی هۆڵەندا بە خێرایی رازی بێت بە ناردنی راهێنەری سەربازی بۆ مەشق و راهێنان. دەبوو باڵیۆزخانەکەمان بە زوویی ئەو کارەی بکردایە. ئەرکی دیپلۆماسی زۆرمان هەبوو بەر لە هاتنی راهێنەرە سەربازییەکان. ئێستا ئەوان لە بەغدا و هەولێرن. سەردانی هەردوو ناوچەکەم کرد و بینیم کە راهێنەرە سەربازییەکان زۆر بەپەرۆشن لە کارەکەیاندا نەک تەنیا لە مەشقپێکردنی سەربازیدا بەڵکو لە بواری مافەکانی مرۆڤ و مافی ژنان.

**رووداو: داعش هەزاران ژن و منداڵی ئێزدی رفاند و هێشتا زۆریان لە دەست داعشدان، جیهان دەتوانێ چی بکات بۆ یارمەتیدانیان؟**

**جانێت سێپێن:** دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆرترین هەوڵی بخاتەگەڕ بۆ هاوکاریکردنی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی ئەوە بەرپرسیارێتی ئەوانە. مەشقی سەربازی راستەوخۆ هاوکاری ئەو ژنانە ناکات، بەڵام هاوکاریی گۆڕان لەو ژینگەیەدا دەکات کە ئەمەی تێدا روودەدات. ئەوانە بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ ژنان دەکەن، چونکە هەرگیز فێرنەبوون رێزی ژنان بگرن، ئەمە زیاتر هانم دەدات کە کار لە بواری مافەکانی ژناندا بکەم.

**رووداو: ئەمە چی لە تۆ دەکات وەک مرۆڤێک؟**

**جانێت سێپێن:** چ وەک باڵیۆزێک و چ وەک مرۆڤێک بینین و بیستنی ئەو شتانەی لە عێراق روودەدات زۆر قورسە. من وەک خۆم، بۆم دەرکەوت چ ژیانێکی باشمان لە هۆڵەندا هەیە. تەماشاکە چی بەسەر کۆمەڵگەی عێراقیدا هاتووە بەتایبەت ژنان. خراپیی ئەو بارودۆخە هێشتا بەتەواوی دیار نییە. ئەمانە بەشێکن لە هەڵگیرسانی شەڕێک کە کەس پێی قبوڵ نییە. وام لێدەکات لەهەمان کاتدا هەست بەبێ دەسەڵاتی و سادەیی بکەم.

**رووداو: ئێزدییەکان داوای هێزێکی نێودەوڵەتی تایبەت دەکەن بۆ پاراستنیان کاتێک گەڕانەوە ناوچەکەیان، ئایا هۆڵەندا بەشداری لە هێزێکی لەو جۆرەدا دەکات؟**

> چانسی وەرگرتنی گەنجانی کورد لە هۆڵەندا زۆر کەمە

**جانێت سێپێن:** ئەمە چیرۆکێکی ئاڵۆزە، چونکە حکومەتی ناوەندی بەرپرسیارە لە پاراستنی هاووڵاتیەکانی بەبێ رەچاوکردنی باکگراوندی ئاینی و نەتەوەییان. لەکاتی خۆیدا وڵاتەکەم بڕیار دەدات.

**رووداو: زۆرێک لە ئێزدی و مەسیحییەکان دەیانەوێ عێراق جێبهێڵن و بێنە ئەوروپا، وەک زۆر لە گەنجە کورد و عێراقییەکان، هۆڵەندا دەتوانێ چییان بۆ بکات؟**

**جانێت سێپێن:** بۆ گەنجانی عێراقی و کورد چانسی هاتن بۆ هۆڵەندا زۆر کەمە. کاتێک دەگەنە ئەوێ ژیانیان زۆر سەخت دەبێت. رەنگە ژیانیان سەلامەت بێت، بەڵام هەلی دۆزینەوەی کار و بنیاتنانی ژیانێکی باش بۆ خۆیان و خێزانەکانیان ئاسان نابێت. ئەوەی هۆڵەندا دەتوانێت بیکات یارمەتیدانە لە هێنانەکایەی ژینگەیەک لە وڵاتەکانیان کە تێیدا خەڵک بتوانێ ژیانێکی ئاسایی بژی. ستراتیژی درێژخایەنمان لە بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ و پرۆگرامی ئاشتەوایی و پێشکەوتنی ئابووری، ئەوەیە کە عێراق بکەینە وڵاتێک گەنجان بیانەوێ تێیدا بژین.

ئەگەر قسە لەگەڵ ئەو گەنجە کوردە هۆڵەندیانە بکەی کە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، دەڵێن "گەڕاوینەتەوە بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتەکەمان بەوەی لە هۆڵەندا فێری بووین. دەمەوێ کۆشش و توانام لە شتێکی ئاوادا بەکاربهێنم".

کاتێک قسە لەگەڵ نوێنەرانی کڵێسا و سیاسەتمەدارانی مەسیحی دەکەم، جەخت دەکەنەوە لەوەی کە دەبێت یارمەتیی مەسیحیەکان بدەین وڵات جێنەهێڵن. لەبەرئەوەی ئەوێ وڵاتی ئەوانە و وڵاتێکی فرە کولتوورە. تەنانەت داوا لە وڵاتانی دیکە دەکەن ڤیزا بە مەسیحییەکان نەدەن تاوەکو عێراق جێنەهێڵن.



> سیاسەتمەدارانی مەسیحی داوا لە وڵاتانی ئەوروپا دەکەن ڤیزا نەدەنە مەسیحییەکان

**رووداو: هۆڵەندا چ دەسکەوتێکی لە عێراق و کوردستان هەبووە؟**

**جانێت سێپێن:** ساڵی رابردوو کونسوڵخانەمان لە هەولێر کردەوە بۆ پێدانی ڤیزا بە بازرگانان و بەرپرسان و قوتابیان. بەهۆی قەیرانەکەوە ئێستا ناتوانین وەبەرهێنانی گەورە و بازرگانی بکەین، بەڵام هێشتا خەڵکی وەڵامی پرسیارەکانیان و پشتگیری لە باڵیۆزخانە و کونسوڵگەری وەردەگرن. سەرەڕای قەیرانەکە، هێشتا رۆڵی خۆمان دەگێڕین. ئەمە ئەوەیە کە کورد و عێراقیەکان لە بیریان ناچێت: ئێمە وڵاتمان جێنەهێشت کاتێک پێویست بوو. ئەگەر لە رووی ئابوورییەوە هاوکاریی وڵاتێک بکەی، بەرهەمەکەی سەقامگیری دەبێت.

رووداو
ئابووری
ژمارە (375) دووشەممە 2015/9/14

## لە هەولێر رۆژانە 5000 کەس دەفڕن



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

تەلار فایەق، بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر دەڵێت رۆژانە 5000 گەشتیار لەرێگەی فڕۆکەخانەی هەولێر گەشت دەکەن، ژمارەی گەشتەکانیشیان رۆژانە زیاد دەکات، بۆیە پێشبینی دەکەن ژمارەی گەشتیارانیان لەساڵی رابردوو زیاتر بێت. بەپێی ئاماری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ژمارەی گەشتیاران لەساڵی 2013 گەیشتووەتە ملیۆنێک و 193 هەزار و 783 گەشتیار، بەڵام ساڵی رابردوو سەرەرای ناسەقامگیری بارودۆخی کوردستان، ژمارەی گەشتیاران بۆ ملیۆنێک و 570 هەزار گەشتیار بەرزبووەوە، واتە بەرێژەی 31% زیادی کرد.

# باری کارگۆ لە فڕۆکەخانەکانی کوردستان بۆ نیوە دابەزیوە



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی و ناسەقامگیریی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، چەند هێڵێکی ئاسمانی گەشتەکانیان بۆ کوردستان وەستاندووە و خواستیش لەسەر گواستنەوەی شمەک و کاڵا لەرێگەی فڕۆکەوە بە رێژەی 50% دابەزیوە.

بەپێی ئاماری فڕۆکەخانەی هەولێر، لە هەشت ساڵی رابردوودا 160 هەزار و 701 تۆن شمەک و کاڵا لەرێگەی ئەو فڕۆکەخانەیەوە هاوردە کراوە، تاوەکو ساڵی پاریش ساڵ بە ساڵ لە بەرزبوونەوەدا بوو، بەجۆرێک کە هەشت ساڵ لەمەوبەر 9321 تۆن بووە، بەڵام لە ساڵی 2013دا گەیشتووەتە 38 هەزار و 572 تۆن، بەڵام ساڵی رابردوو قەبارەی ئەم ئاڵوگۆڕە بە رێژەی 13% کەمی کرد و لە هەشت مانگی رابردووشدا رێژەکە بۆ 50% دابەزیوە.

تەلار فایەق، بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی هەولێر، دەڵێت پێشتر خواست لەسەر گواستنەوەی شمەک و کاڵا لەرێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە لە زیادبووندا بوو، بەجۆرێک رێژەی زیادبوونەکە هەندێ ساڵ دەگەیشتە 40%. بەڵام لەساڵی رابردووەوە بەهۆی قەیرانی دارایی و ناسەقامگیریی بارودۆخی ئەمنیی عێراق و کوردستان گواستنەوەی شمەک و کاڵا لە رێگەی فڕۆکەوە سست بووە، بە تایبەتی لە هەشت مانگی رابردوودا رێژەکە بۆ 50% دابەزیوە.

دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان، چەند هێڵێکی ئاسمانی بواری کارگۆ گەشتەکانیان بۆ فڕۆکەخانەی هەولێر وەستاند، بەڵام ئێستا هەریەک لە هێڵەکانی (DHL، Emirates Air Line، turkishairlines، Royal Jordanian، Jordan) گەڕاونەتەوە، کۆمەڵێک فڕۆکەی دیکەش بەشێوەی نارێکخراو گەشتیان هەیە و باردەهێنن.

دوای دروستکردنی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی و واڵابوونی ئاسمانی هەرێمی کوردستان بەڕووی کۆمپانیا فڕۆکەوانییە جیهانییەکاندا، بەدەیان نووسینگەی فڕۆکەوانی و کۆمپانیای تایبەت بەکارگۆ و پۆستە لە هەرێمی کوردستان دەستبەکار بوون.


کۆمپانیای مەتین ئێکسپرێس بۆ باری ئاسمانی، کۆمپانیایەکی تایبەت بەبواری کارگۆیە و ماوەی 13 ساڵە لەو بوارەدا کار دەکات، یەکەم فڕۆکەی کارگۆش کە لە فڕۆکەخانەی هەولێر نیشتەوە باری ئەو کۆمپانیایەی هەڵگرتبوو.

ئاریان عوسمان، بەڕێوەبەری فرۆشتن لەو کۆمپانیایە پێیوایە جگە لە قەیرانی دارایی و ناسەقامگیریی بارودۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، خراپبوونی پەیوەندیی نێوان حکومەتی بەغدا و هەولێر، وەستانی گەشتی ئاسمانیی چەند وڵاتێک بۆ هەرێمی کوردستان، کاریگەرییان لەسەر کەمبوونەوەی قەبارەی ئاڵوگۆڕی کارگۆ لە هەرێمی کوردستان هەبوو.

ئاریان هۆکاری دیکەش باس دەکات و دەڵێت "وەستانی کاری کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان و هەندێ کۆمپانیای نەوت، کاریگەریی زۆریان لەسەر کەمبوونەوەی هاوردەکردنی کارگۆ لە کوردستان هەبوو".

ئاریان باسی ئاستی دابەزینی کارگۆ لە کوردستان دەکات و دەڵێت "پێشتر بەهۆی ئەو گەشە ئابوورییەی لە کوردستان هەبوو، زۆربەی کۆمپانیاکانی عێراق روویان لەکوردستان کردبوو، مانگانە بەتێکڕایی 350 تۆن بارمان هەبوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی، ساڵی رابردوو رێژەی بارەکانمان 50% کەم بووەوە، ئەمساڵیش بەرێژەی 75% کەمی کردووە".

کۆمپانیاکەی ئاریان نزیکەی 20 نووسینگەی لە عێراق، ئیمارات، تورکیا و چین هەیە و بەردەوامە لە گواستنەوەی شمەک و کاڵا لەو وڵاتانەوە بۆ بازرگان و وەبەرهێنەرانی هەرێمی کوردستان، ئاریان دەڵێت "بازرگان و وەبەرهێنەرەکانی عێراق و کوردستان پێشتر کۆگاکانیان پڕبوو لەشمەک و کاڵا، بەردەوامیش بوون لە هاوردەکردن، بەڵام ئێستا تەنیا هەر ئەوەندە بار دەهێنن کە مانگانە یان هەفتانە پێویستیان پێیە و بۆیان ساخ دەبێتەوە".




### کارمەند دەنێرنەوە ماڵەوە

هاوردە و هەناردەکردنی شمەک و کاڵا و پۆستە لە رێگەی فڕۆکەوە لە هەشت مانگی رابردوودا بەجۆرێک کەم بووەتەوە کە هەندێ کۆمپانیای بواری کارگۆ و پۆستی خێرای ناچار کردووە ژمارەی کارمەندەکانیان کەم بکەنەوە.

شێرزاد ناسیح، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای پەلەپۆست بۆ باری ئاسمانی و پۆستی خێرا، دەڵێت "ساڵی رابردوو بەهۆی قەیرانی دارایی و ناسەقامگیریی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کارکردنی کۆمپانیاکەمان لە بواری کارگۆ بە رێژەی 50% کەمی کرد، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی بەردەوامیی قەیرانەکە 80% کەمی کردووە، تەنانەت ماوەی دوو مانگە هیچ بارێکمان بۆ نەهاتووە". گوتیشی "ئەم بارودۆخە کاریگەریی زۆری لەسەر کاری کۆمپانیاکەمان هەبووە، بۆیە بەناچاری نووسینگەی بەغدامان داخست و کارمەندەکانمان رەوانەی ماڵەوە کردەوە، لە نووسینگەکانی سلێمانی و کەرکووکیش کە لە هەریەکەیان چوار کارمەندمان هەبوو، یەک کارمەندمان هێشتووەتەوە، نووسینگەی موسڵیشمان بەیەکجاری داخست".

تەلار فایەق گەشبینە بەوەی بواری گواستنەوەی کارگۆ بگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی بەر لە قەیرانی دارایی و دەڵێت "پێشتر گەشتی فڕۆکە بارهەڵگرەکان زۆر بوون، بەڵام ئێستا مانگانە 25 گەشتی رێکخراو و نزیکەی 20 گەشتی نارێکخراومان هەیە، وا بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا هێڵی قەتەر دەست بە گەشتەکانی بکاتەوە، بۆیە گەشبینم بەزیادبوونی گەشتی فڕۆکە بارهەڵگرەکان".

**هۆکارەکانی کەمبوونەوەی باری کارگۆ:**

- قەیرانی دارایی
- ناسەقامگیریی دۆخی ئەمنی
- راوەستانی گەشتی ئاسمانیی هەندێک وڵات
- کەمبوونەوەی کاری بەڵێندەرایەتی
- رۆیشتنەوەی چەند کۆمپانیایەکی نەوت بۆ وڵاتەکانیان

**بەغدا دەتوانێ بیبڕێت**

# کوردستان خۆی بۆ بڕینی بەشە خۆراک و دەرمان ئامادە نەکردووە



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

ئەندامێکی لێژنەی دارایی و ئابووری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ بڕینی بەشە خۆراک و دەرمانەکەی لەلایەن بەغداوە ئامادە بکات، چونکە دەڵێت "بەرپرسانی بەغدا بە میزاج و کاردانەوەی سیاسی کار دەکەن".

ساڵانە حکومەتی عێراق لە پرۆژە یاسای بودجەدا ، بڕێک پارە بۆ کڕینی بەشە خۆراک و دەرمان تەرخان دەکات. بەپێی رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغداش بێت، پێویستە 17%ی ئەو بودجەیە بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێت، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە بەغدا بەبیانووی جۆراوجۆر تەنیا 12.6%ی ئەم برە بۆ کوردستان خەرج دەکات.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لێژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت "هەرچەندە هێشتا پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2016 ئامادە نەکراوە و هیچ هەوڵێکیش نییە بۆ بڕینی بەشە خۆراک و دەرمانی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی عێراق بەشێوەی دەستووری و دامەزراوەیی کار ناکەن و بڕیارەکانیان زۆر جار بەشێوەی میزاجی و کاردانەوەی سیاسی دەردەکەن، بۆیە ئەگەری بڕینی بەشە خۆراک و دەرمان لە بەغدا چاوەڕوانکراوە".

بەپێی دەستوور، حکومەتی عێراق بۆی نییە بەشە خۆراک و دەرمان و بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت، چونکە لە برگەی 3ی مادەی 121ی دەستووردا هاتووە "دەبێت لەو داهاتانەی لە حکومەتی فیدراڵ بەدەستدێن، پشکێکی گونجاو بۆ هەرێمەکان تەرخان بکرێ، بە لەبەرچاوگرتنی داهات و پێویستییەکان و رێژەی دانیشتووانیان".

نەجیبە نەجیب دەڵێت "هیچ مادەیەک لە دەستووردا، ناردنی پارەی پەیوەست نەکردووە بە هەناردنی بڕی نەوت لە پارێزگا و هەرێمەکان، بەڵام لە یاسای بودجەدا بەپێی رێککەوتن پابەندییەکی دارایی لەسەر هەرێم و بەغدا هەبوو، بۆیە ئەگەر کێشەکانی هەولێر و بەغدا چارەسەر نەکرێن، هەنگاوێکی لەم شێوەیە لە بەغدا چاوەڕێ دەکرێت".

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی "هەفتەی رابردوو لە کۆبوونەوەیەکماندا لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، پرسیارێکی لەو شێوەیەم ئاراستە کرد، هەرچەندە بەهۆی گفتوگۆی زۆر لەسەر هەندێ بابەتی دیکە وەڵامەکەم دەست نەکەوت، بەڵام سەرۆکی حکومەت لە کۆبوونەوەکەدا جەختی لەسەر باشترکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێم و چارەسەری کێشەکان بە گفتوگۆ کردەوە".

### پارە بۆ بەشە خۆراک نییە

ساڵانە وەزارەتی بازرگانیی عێراق بەگوێرەی ئەو برە پارەیەی لە خەرجی حاکیمە بۆ کڕینی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان تەرخان دەکرێت، تەندەر بۆ کڕینی مادە خۆراکییەکان دەکات و بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکان بەشە خۆراک دابەش دەکات.

ساڵی رابردوو حکومەتی عێراق بۆ کڕینی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان 4.5 ترلیۆن دیناری تەرخان کرد، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی داهاتی عێراق، تەنیا 2.7 ترلیۆن دیناری تەرخان کردووە، دیاریش نییە بۆ ساڵی داهاتوو چەندە پارە تەرخان دەکرێ.

فەتحی محەممەد، راوێژکاری پەیوەندییە ئابوورییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان دەڵێت "سەرەتا نزیکەی 10 مادەی خۆراک دابەش دەکرا، بەڵام ساڵ بەساڵ بەهۆی کەمکردنەوەی پارەکە، مادە خۆراکییەکان کەم کرانەوە، ئێستا تەنیا مادەکانی وەک (شەکر، رۆن، برنج و ئارد) دابەش دەکرێن".

بەهۆی ئەو کەموکورییانەی لە ناردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیاندا هەیە، پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند جارێک قسەی لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا کردووە بۆ ئەوەی پارە بداتە کوردستان و خۆی خۆراک بکڕێت، بەڵام بەغدا رازی نەبووە.

سەبارەت بە ئەگەری بڕینی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان لەلایەن بەغداوە، ئەو راوێژکارە گوتی "تا ئێستا بەغدا بە نووسراوی فەرمی ئاگاداری نەکردووینەتەوە کە نیازی بڕینی بەشە خۆراکی هاووڵاتیانی کوردستانی هەیە یان نا، هەر بۆیە هیچ پلانێکمان بۆ ئەو پێشهاتە دانەناوە".

ئەگەر بەغدا بەشە خۆراک ببڕێت کۆبوونی خۆراک بەردەوام دەبێت؟ فەتحی محەممەد دەڵێن "حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو نەوتەی دەیفرۆشێت تەنیا گرنگیی بەدابینکردنی مووچە داوە، بۆیە تاوەکو ئێستا هیچ پلانێکی نییە کە ئەگەر بەغدا بەشەخۆراکی هاووڵاتیان ببڕێت پارە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات، چونکە کڕینی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان پارەیەکی زۆری دەوێت و لە توانای حکومەت بەدەرە".

ئەوانەی لە کوردستان سوودمەندن لە وەرگرتنی بەشە خۆراک، بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ژمارەیان 4 ملیۆن 652 هەزار کەسە.

### بەغدا تەنیا 55%ی بەشە دەرمانی کوردستان دەدات

جگە لە خۆراک، دەرمانی کوردستانیش هەر لە رێگەی بەغداوە دێت، بەڵام گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەغدا قەت بەشە دەرمانی کوردستان بەتەواوی نانێرێت.

دکتۆر خاڵس قادر دەڵێت "هەرێمی کوردستان مانگانە پێویستی بە چوار ملیار دینارە بۆ کڕینی دەرمان، بەڵام بەغدا ساڵانە تەنیا 55%ی پێویستی کوردستان لە دەرمان دەنێرێت و ئەوەی دیکە بۆ خۆمان دەیکڕین".

ئەگەر بەغدا دەرمانی کوردستان ببڕێت، ئەوا وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان توانای کڕینی دەرمانی نییە، دکتۆر خاڵسیش دەڵێت "لەو حاڵەتەدا بۆ دەستکەوتنی دەرمان پەنا دەبەینە بەر رێکخراوە تەندروستییە جیهانییەکان". نەجیبە نەجیب، بەپێویستی دەزانێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی بۆ پێشهاتی بڕینی بەشە خۆراک و دەرمان بۆ ساڵی 2016 هەبێت و هەوڵ بدات بۆ دابینکردنیان پشت بەخۆی ببەستێ، چونکە وەک ئەو دەڵێت "بەغدا لەهەر چرکەیەکدا دەتوانێ بیانوویەک بدۆزێتەوە و بەشە خۆراک و دەرمانی کوردستان ببڕێت، وەک چۆن بودجەی بڕی".

ڕووداو تاراوگە
ژمارە (375) دووشەممە 2015/9/14

## پەخشی کوردی رادیۆی سوید دەوەستێ

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

رادیۆی نێودەوڵەتی سوید و لە نێویان بەشی کوردی، پەخشی ئاسایی خۆی رادەگرێت. بەپێی هەواڵێک کە رادیۆکە بڵاوی کردووەتەوە پەخشی رۆژانەکەی کاژێر 2ی لەسەر شەپۆلی FM نامێنێ و تەنیا لە وێب و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوامی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی دەدات. رادیۆی نێودەوڵەتی سوید جگە لە سویدی، بە 12 زمانی دیکە پەخشی خۆی دەکات و بۆ هەر یەکێک لە بەشەکانیش بەو زمانە وێب سایتی خۆی هەیە. بەشی کوردی رادیۆی نێودەوڵەتی سوید، پێشتر لە ژێر ناوی زایەڵە پەخشی خۆی دەکرد.

### چیرۆکەکانی تاراوگە .. ئەو گەنج کوردانەی فلۆرەنس پیری کردن

# کورد لە فلۆرەنس لەسەر پێکەنینی ئیتاڵییەکان دەژین

**ڕووداو- ئیتاڵیا**

ئازاد مستەفا، 52 ساڵ، لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا دەژی، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نێردرایە ئەو وڵاتە بۆ خوێندن، بەڵام ئەو نەیخوێند و داوای مافی پەنابەریی لەو وڵاتە کرد. ئازاد دەڵێت "تەمەنم 21 ساڵ بوو کە هاتمە ئیتاڵیا، ژیانێکی زۆر زەحمەتم لێرە بەسەر بردووە و تاوەکو ئێستاش بە نانەسکی دەژین".

نهێنییەکانی کوردی تاراوگەنشین جیاوازە و هەریەکەیان هەڵگری تایبەتمەندێتی ئەو قۆناغەن کە کۆچیان تێدا کردووە. بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە بەشێکیان خەریکە بیر دەچنەوە. ئەو گەنجانەی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا کۆچیان کرد، لە توێژی دەستەبژێر بوون و بەشێکیان تاوەکو ئێستا نەگەڕاونەتەوە کە زۆربەیان مامۆستایانی زانکۆ و بەشێکی زۆریان هونەرمەند بوون.

ئازاد لە شاری فلۆرەنس دەژیا، بەهۆی کارکردنی لەگەڵ ڕێکخراوێکی ناحکومی، ئەو شارەی جێهێشتووە و ئێستا لە رۆما دەژی. ئازاد گوتی "خەرجیی رۆما ژیانی قورس کردووین، بەڵام لەو هاوڕێیانەم باشترم کە کاری هونەری دەکەن". ئازاد زۆربەی کات کاری وەرگێڕان بۆ ئەو شاندە کوردی و عێراقیانە دەکات کە سەردانی ئیتاڵیا دەکەن.

### فلۆرەنس... بەهەشتی هونەر و دۆزەخی کورد

فلۆرەنس دەکەوێتە باکووری ئیتاڵیا و نزیکەی 200 کم لە رۆمای پایتەخت دوورە و پایتەختی هەرێمی تۆسکانیایە کە پەیوەندییەکی دێرینیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە.

شارەکە بە شاری هونەر ناوی دەرکردووە و زۆربەی مۆزەخانە هونەرییەکان لەو شارەن. زۆر لەو کوردانەی کە سەروکاریان لەگەڵ هونەر هەیە و کۆچیان کردووە بۆ ئیتاڵیا، لەو شارە گیرساونەتەوە. ئێستا نزیکەی 20 هونەرمەندی کورد لەو شارە دەژین کە ئازاد یەکێک بووە لەوان، بەڵام بەهۆی قورسیی ژیان لەلایەک و دۆزینەوەی کارێکی دیکە، رووی لە شاری رۆما کردووە.

نەهرۆ عومەر کە خەڵکی هەولێرە، 37 ساڵە لە شاری فلۆرەنس دەژی. هەرچەندە ژیان لەو شارە بە "قورس و زەحمەت" وەسف دەکات، بەڵام دەڵێت "ناتوانین بەجێی بهێڵین". ئەویش لەبەر دوو هۆکار "ئەو بڕە پارەیەی دەستمان دەکەوێت بە ئەستەم بەشی ژیان دەکات و ناتوانین ژیانێکی دیکەی پێ دروست بکەین". هەروەها "تێکەڵبوون بە ژیانی ئەو شارە کە خەسڵەتی تایبەتیی خۆی هەیە، ناتوانی دەستبەرداری ببی". قورسیی ژیان لەو شارە وای کردووە کە نەهرۆ تەنانەت نەتوانێت ژنیش بهێنێ.

### "پێکەنینی ئیتاڵییەکان سەرچاوەی ژیانمانە"

ئەو هونەرمەندە کوردانەی لەو شارەن، زۆرتر وێنەی کاریکاتێری دروست دەکەن، چونکە نەخشاندنی وێنەی کاریکاتێریی بووەتە کولتووری خەڵکی ئیتالیا و بەتایبەت لە فلۆرەنس.

سامان کە وێنەکێشێکی کوردی نیشتەجێی فلۆرەنسە، دەڵێت "ئیتاڵییەکان زۆر دڵیان خۆشە کە وێنەیەکی کاریکاتێریی خۆیان دەبینن و ساڵانە چەند وێنەیەکی لەو شێوەیە دەکرن".

نرخی کێشانی هەر وێنەیەک نزیکەی 20 یۆرۆ دەبێت، بەڵام سامان دەڵێت "هەندێکجار بەپێنج یۆرۆش دروستی دەکەین".

ئیتاڵیەکان ساڵانە وێنەی کاریکاتێری خۆیان دەکرن. زۆرجاریش رووداوەکانی ژیانیان دەکەن بە کاریکاتێر. سامان گوتی "پێکەنینی ئەوان بە وێنە کاریکاتێرییەکانی خۆیان، سەرچاوەی ژیانی ئێمەیە. زۆرجار بەهۆی گاڵتەئامێزیی وێنەکان، پارەیەکی زۆرمان دەدەنێ".

سامان و هاوڕێکانی ساڵانە نزیکەی پێنج مانگ کار دەکەن و پارە کۆدەکەنەوە بۆ ئەوەی زستان پێی بژین. سامان گوتی "ئەوەی کاری باش بکات، ڕەنگە بتوانێ بە سێ ساڵ جارێک گەشتێک بکات".

زۆر لەو کورد و عێراقیانەی ئەو کارە دەکەن، بڕوانامەی بەرزیان هەیە. فەرەیدوون 62 ساڵ، بکالۆریۆسی لە سینەمادا هەیە و کاری وێنەکێشان دەکات. ئەو کە جارێک گەڕاوەتەوە کوردستان و سەردانی هەردوو کۆلێژی هونەرە جوانەکانی سلێمانی و هەولێری کردووە، گوتی "بەهۆی کێشەی گونجاندنی بڕوانامە نەمتوانی سوود لە دەرفەتی کار لە زانکۆکانی کوردستان وەربگرم".

فەرەیدوون لە وەرزی هاویندا کاری وێنەکێشان دەکات و لە زستانیشدا دەبێتە وانەبێژ لە زانکۆی بیزا. لەبارەی قورسیی ژیانیان لەوێ گوتی: "ڕۆژانی هاوین نزیکەی 10 - 20 یۆرۆ داهاتمانە و تەنیا پێنج یۆرۆی خەرج دەکەین و ئەوەی دیکەی کۆدەکەینەوە بۆ زستان و کرێی مانگانە".

سەفەر بۆ کوردستان و گەشتکردن بۆ دەرەوە بۆ ئەو کۆمەڵە کوردەی ئەم کارە دەکەن، زۆر ئەستەمە "هەر ئەمەشە وای کردووە کە تەواوی تەمەنی گەنجێتیمان لەم وڵاتە بەسەربەرین و زۆرینەمان بەبێ ژن ماوینەتەوە". فەرەیدوون وایگوت.

### هۆنراوە و مێژووی کورد بە ئیتاڵی

لە نێو کتێبخانەی زانکۆی بیزا و کۆلێژی هونەر لە شاری فلۆرەنس، چەند پەرتووکێک بە زمانی ئیتاڵی لەبارەی مێژووی هونەر و چەند هونەرمەندێکی کورد و کەڤاڵی کارە کوردییەکان دەبینرێ و پەرتووکێکی هۆنراوەکانی شێرکۆ بێکەسیش بە زمانی ئیتاڵی لەوێ بوو.

ئەو دوو پەرتووکە لەلایەن دوو لەو کوردانەی ئیتاڵیا لە ساڵی هەشتاکاندا وەرگێڕدراون، بەڵام فەرەیدوون گوتی "بەهۆی کۆچی کوردی ئیتاڵیا بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپا و گەڕانەوەی هەندێکیان بۆ کوردستان، ئەم هەوڵانە درێژەی نەبوو".

ئەو کوردانەی ئیتاڵیایان جێهێشتووە، کەوتوونەتە بەر رەخنەی هاوڕێکانیان و دەڵێن بۆ سوود وەرگرتن لە سۆسیال روویان لە سوید و فینلاند و ئەڵمانیا کرد. ئازاد گلەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەیە و دەڵێت "ئێمە ئەوپەڕی چەند ساڵێکی دیکە دەژین، بەڵام دەبوو حکومەتی هەرێم و زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان سوودیان لە کوردی ئەم وڵاتە وەرگرتبا".



### لە حاجیاواوە تا بەریتانیا... بەسەرهاتی کۆچبەرێکی کورد

# "لە فەرەنسا بەرماوەی خەڵکمان دەخوارد"



**راوچی حەسەن**
**ڕووداو- هەولێر**

کەسێکی لێوانلێو لە بەختەوەری و دڵخۆش لە کوردستان، هاوڕێکانی بە "ئاریانی ژیکەڵە" ناویان دەبرد و ئێستاش بیری دەکەن. ئاریان پێش سەفەرکردنی هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات کە رۆژێک لە رۆژان لەنێو یەختێکدا شەپۆلەکانی دەریا بزری بکەن و سێ شەو بەبێ نان و ئاو رۆژ بکاتەوە.

ئاریان خالید کە خەڵکی شارۆچکەی حاجیاوایە، رۆژێک بەر لەمانگی رەمەزان دەستی دایک و باوکی ماچ دەکات و کوردستان بەجێدێڵێ، نزیکەی 40 رۆژ لە تورکیا دەمێنێتەوە. دواتر ملی ڕێگەیەک بۆ بەریتانیا دەگرێتەبەر کە خۆی بە "ڕێگەی مەرگ" وەسفی دەکات.

ئاریانی تەمەنی 22 ساڵ ، لە شاری ئیزمیری تورکیا و لەڕێگەی ئاوییەوە بەڕێدەکەوێت. ئەو لەگەڵ 75 کەسی دیکە کە ژمارەیەکیان کوردی شارەکانی (سلێمانی، گەرمیان، رانیە و حاجیاوا) بوون و ئەوانی دیکەش عەرەب و تورک و فارس، بۆ ماوەی 7 رۆژ لەناو دەریادا دەمێننەوە.

ئاریان گوتی: "یەکەم رۆژی گەشتەکەمان زۆر ئاسایی بوو، بەڵام رۆژی دووەم و سێیەم مەرگەسات دەستپێکرد، شەپۆلەکانی دەریا بەهێزێکی یەکجار زۆر لێیدایـن، شەپۆل هەبوو پێنج مەتر لەسەر سەری ئێمە بەرز دەبووەوە و دەهاتە نێو یەختەکەوە. ئەوکات کە شەپۆلی دەریا لێی دەدام، بیرم لای گۆڕ بوو".

### برسێتی تینیان بۆ دێنێ

گەشتەکەی ئاریان و هاوڕێکانی بەردەوامە. چوارەم رۆژی گەشتەکەیانە، یەختەکەیان هەر لەناو دەریایە و سووتەمەنی لێ بڕاوە، ئەمجارە شەپۆلەکان وەستاون و ئاساییـن، بەڵام ئەوەی لەسەر دەریا ئۆقرەی لێ بڕیون بێ نان و ئاوییە. ئاریان گوتی "لەسەر دەریا زۆرمان تینوو بوو، ئاوی دەریاش لەبەرئەوەی زۆر سوێرە نەدەخورایەوە، ژن و منداڵەکان تەواو بێ تاقەت بووبوون، ئەوان چەندین جار لە برسان و لە تینوێتیان بوورانەوە".

رۆژی دواتر قاچاخچییەکان تەلەفۆن بۆ هاوڕێیەکیان دەکەن، ئەوانیش بەلەمی بچووک بچووک دێنن و کۆچبەرەکان دەگەیەننە کەنار دەریا. ئاریان گوتی "سێ سێ و چوار چوار لە بەلەمە بچووکەکانیان بارکردین، من کە بە سەلامەتی گەیشتمە کەنار دەریا، سوجدەی شوکرم بۆ خودا برد".

### کەسوکارم خەریکن پرسەم بۆ دادەنێن!

ئاریان باس لە پرسە و مردنی خۆی و هاوڕێکانی دەکات و دەڵێت "لە کوردستان هەواڵ بە کەسوکارمان درابوو کە یەختەکەمان نوقم بووە و ئێمە خنکاوین".

لە کاتێکدا کەسوکاری خەریک بوون پرسەی بۆ دابنێن، ئاریان دەگاتە کەناری دەریا، یەکەم کار کە بیری لێکردەوە تەلەفۆنکردن بوو بۆ کەسوکاری "بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ دایکم کرد و گوتم دایە من سەلامەتم و چەند کاژێرێکە دابەزیوم".

لەدوای ئەو ناخۆشییانە، ئاریان دەگاتە ئیتاڵیا و دەچێتە شاری باری، لەوێ بۆ ماوەی 30 کیلۆمەتر بەپێ رێدەکات. دواتر لەگەڵ هەشت کۆچبەری کورد و 20 کۆچبەری ئەفغانی بە پاسێک بەڕێدەکەون بۆ شاری نیسی فەرەنسا.

ئاریان دەڵێت "لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر لەو شارە ماینەوە، بەڵام ئەوەندە ساردبوو لەرزمان گرتبوو. پاشان چووینە شاری مۆناکۆ".

لەوێ پۆلیس دەزانێت ئەوان کۆچبەرن بۆیە رەوانەی شاری نیسیان دەکاتەوە، ئەمجارە ڕێگەی پیادە بۆ شاری ئەنتیبێت دەگرنەبەر، پاشان بە شەمەندەفەر دەچنە شاری کان. هەر بە شەمەندەفەر خۆیان دەگەیەننە شاری پاریس.

### بەرماوەی خەڵک دەخۆن

ئاریان لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی (رەوەز و کارزان) دەگەنە پاریس، بەڵام هیچ پارەیەکیان لەگیرفاندا نەمابوو، دوو شەو لە وێستگەی شەمەندەفەر دەخەون.

ئاریان دەڵێت "ژیانمان زۆر خراپ بوو، سەرما تەنگی پێ هەڵچنیبووین، پارەی لەفەیەکمان لەگیرفاندا نەبوو، بەرماوەی خەڵکمان لەسەر شەقامەکان هەڵدەگرتەوە و دەمانخوارد".

هێشتا ئاریان و هاوڕێکانی نەگەیشتوونەتە شوێنی مەبەست کە بەریتانیا بوو. ئەوان دەچنە شاری داندیخ، بەڵام لەوێ بە هەڵە سواری پاسێک دەبن و خۆیان لەسەر سنووری بەلجیکا دەبیننەوە. لەوێ لە پارکێک بۆ ماوەیەک پشوو دەدەن و بەهەمان پاس دەگەڕێنەوە داندیخ، لەوێ سواری پاس دەبن و دەچنە (گرانسا) و (تێتینگام) لە جەنگەڵستانەکانی فەرەنسا، لەوێ شاحینە و پاسەکان دەوەستن کە دەچنە بەریتانیا و کۆچبەران بەو ئۆتۆمبێلانە دەچنە بەریتانیا.

### دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژنانی کورد

لە هەردوو گۆڕەپانی گرانسا و تێتینگام لە فەرەنسا، کۆمەڵێک کۆچبەر کۆبوونەتەوە کە دەیانەوێت لەڕێگەی بارهەڵگری گەورە و ڤانی بچووکەوە بگەنە بەریتانیا، بەڵام چۆن؟ بە چ ڕێگایەک؟ چی ڕوودەدات لەو دوو جەنگەڵە؟ ئاریان 16 جار بەو ئۆتۆمبێلانە چووەتە نێو خاکی بەریتانیا و گەڕێندراوەتەوە ئەو دوو گۆڕەپانە. ئاریان دەڵێت "چەندین جار لە مردن گەڕاومەتەوە، جارێکیان سواری شاحینەیەک بووین پڕ لە کاڵەک بوو، شاحینەش کەپس بوو، زۆری نەمابوو بخنکێین".

لەو گۆڕەپانەوە کە پڕیەتی لە کۆچبەری کورد، تورک، عەرەب و ئەفغانی، قاچاخچییەکان وا ڕێککەوتوون لەگەڵ یەک کە هەرچی بیانەوێت دەیکەن. ئاریان دەڵێت لەو گۆڕەپانەی کە ئەوانی لێبوون زۆر ڕێزیان دەگیرا و خزمەتیان دەکرا.

بەڵام لە گۆڕەپانی (تێتینگام) پێچەوانەی گۆڕەپانەکەی دیکەیە، ئاریان دەڵێت "ئەوەی دیتم لەوێ زۆر ناخۆش بوو، چەند قاچاخچییەکی حەبخۆری لێبوو، دەستدرێژییان دەکردە سەر ژنانی کورد، من ئەمەم بە چاوی خۆم بینی".

دوای بڕینی ڕێگایەکی سەخت و دژوار و پڕ دەردەسەری، ئاریان رۆژی 2015/8/14 دەگاتە بەریتانیا، بەڵام ئەو هیچ پەشیمان نییە و نایەوێت بگەڕێتەوە کوردستان. ئاریان ئامۆژگاری ئەو گەنجانە دەکات کە بەتەمای سەفەرکردنن بۆ ئەوروپا "تکایان لێدەکەم بەڕێگەی ئاویدا نەیەن بۆ ئەوروپا، چونکە من لەو ڕێگایە لە مردن گەڕامەوە".



## دکتۆر ئاراس برادۆستی، بەرپرسی دیسکی تەندروستیی ڕووداو:

# کاتی ماڵئاواییم لە شاشە نزیک بووەتەوە

ئاراس نەجمەدین برادۆستی، 28 ساڵ، بەو تەمەنە کەمە چەندین لێپرسراوێتی خستووەتە سەرشانی خۆی، ماوەی پێنج ساڵە پزیشکە. لەگەڵ کردنەوەی تەلەڤزیۆنی ڕووداویش بەرنامەی نۆڕین (کە پێشتر هەتووان بوو)، پێشکەش دەکات. ئێستا لە بەشی مێشک و دەمار درێژە بە خوێندن دەدات و ئەندامی پەیمانگەی نێودەوڵەتی سەرکردایەتی جیهانییە لە ئەمەریکا. سەرۆکی ڕێکخراوی سەرکردایەتی لێخۆرسی فەرەنسییە. سەرەڕای سەرقاڵییەکەی، لایەنی کۆمەڵایەتی و هونەری و ئەدەبی فەرامۆش نەکردووە. جاروبار شیعر دەنووسێ، ڕۆژانە دوو کاژێر وەرزش دەکات. ئێستاش دەیەوێ خۆی فێری ژەنینی عود بکات. هەروەها گرنگیش بە فێربوونی زمان دەدات. لەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ (ڕووداو) زانیاری زیاتری لەبارەوە دەزانن.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### شانازی بە ماچکردنی کەللەسەری شەهیدەکە دەکەم

**ڕووداو: بەرلەوەی ببی بە پزیشک، قەت خەونت بەوەوە دەبینی ببیتە پێشکەشکاری تەلەفزیۆنی؟**

**دکتۆر ئاراس:** بەڵێ ئەوە خەونی منداڵیم بوو.

**ڕووداو: بەرنامەکەی تۆ لە دەستپێکی پەخشی ڕووداوەوە وەکو خۆی ماوەتەوە، نهێنی مانەوەی بەرنامەکەت چییە، چونکە پێشتر زۆر بەرنامە هەبوون لە ڕووداو نەمان؟**

**دکتۆر ئاراس:** نۆڕین بینەرێکی باشی هەیە، بەپێی فیدباکی ئێمە لە پڕبینەرترین بەرنامە سەرکەوتووەکانی ڕووداوە، کاتێک بینەری ڕووداو لە بەرنامەیەک ڕازی بن، ڕووداویش گرنگی زیاتری پێدەدات. نۆڕین لە نێو بەرنامە تەندروستییەکانی کوردستان یەکەمی بێ ڕکابەرە، بۆیە ماوەتەوە.

**ڕووداو: چ بابەتێکی تەندروستیت بەلاوە گرنگە باسی بکەی، بەڵام جورئەت ناکەی یان ناوێری باسی بکەی، یان ڕێگەت پێ نادرێت باسی بکەی؟**

**دکتۆر ئاراس:** وەکوو پزیشک لە هیچ بابەتێک سڵ ناکەمەوە، زانستی پزیشکی نە شەرمی هەیە و نە ترس. هەستیارترین بابەتەکانیشمان ورووژاندوون. تاکە بابەت کە زۆر هەستیارە، تەندروستیی سێکسییە، لە وەرزی نوێی نۆڕیندا ئەو دیوارەش دەڕوخێنین.

**ڕووداو: تۆ لە ڕاپۆرتێکتدا باست لە مەسعود بارزانی کرد ئەگەر کوڕەکەی نەخۆش بێت و بیهێنێتە نەخۆشخانەی ڕاپەڕین، ئەو قسەیەت هیچ کاردانەوەیەکی هەبوو؟**

**دکتۆر ئاراس:** کاردانەوەی ئیجابی ئەوە بوو کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی بە سەرۆکایەتی هەرێمیشەوە هێنایە سەر خەت، کاردانەوەی سلبیشی ئەوە بوو کە چەند کەسێک هەڕەشەیان لێکردم، بەڵام گوێم پێنەدان، سەرۆکایەتی هەرێمیش پشتگیرییان کردم.

**ڕووداو: حەز دەکەی ببیتە پزیشکی تایبەتی سەرکردەکان؟**

**دکتۆر ئاراس:** سەرکردەکان کوڕی ئەم وڵاتەن، ئەگەر پێویستیان پێمان بێت وەک هەر هاووڵاتییەکی دیکە خزمەتیان دەکەم، بەڵام خۆم حەز دەکەم پزیشکی هەژارێکی کوردستان بم، نەک سەرکردەکان.

**ڕووداو: ئەگەر لە نێوان پیشەی پزیشکی و پێشکەشکاری سەرپشکت بکەن، کامیان هەڵدەبژێری؟**

**دکتۆر ئاراس:** هەردووکیانم زۆر خۆشدەوێن، هەردووکیان تەواوکەری یەکدین، هەڵبژاردنی یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکە زۆر سەختە، بەڵام زیاتر حەزم لە کاری پزیشکییە، ئینجا تا سەریش لە ڕاگەیاندن نابم، کاتێکی کەمم لەسەر شاشە ماوە، کاتی ماڵئاوایی نزیکە.

**ڕووداو: خەڵک دەپرسن ئەو کچە جوانەی لەگەڵ د.ئاراس بەرنامەی پێشکەش دەکرد، چی لێهات؟**

**دکتۆر ئاراس:** وایە ئەو پرسیارە لە منیش دەکرێت، ستایلی کارکردن لە ڕووداو زۆر سەختە، دکتۆرە لونا دەیویست بخوێنێت، بۆیە نەیتوانی بەردەوام بێت لەگەڵمان.

**ڕووداو: بەنیاز نیت لەگەڵ خانمێکی دیکە بەرنامە پێشکەش بکەی؟**

**دکتۆر ئاراس:** سێ ساڵە هەوڵ دەدەم کەسێکی دیکەم لەگەڵ بێت کە ئەرکی من کەم بکاتەوە، کێشەکە لەوەدایە پزیشکان حەزیان لە ڕاگەیاندن نییە، هیوادارم لە داهاتوودا ڕوخساری نوێ لەسەر شاشەی ڕووداو ببینین.

**ڕووداو: پێشکەشکاری تەندروستی دەبێت ئارام و سادە بابەتەکان ڕوون بکاتەوە، بەڵام شێوازی د.ئاراس هەندێک حەماسییە، دەنگ و دیمەنیشی ئەوەیان پێوە دیارە کە جۆرێک ترسی لە کامێرا هەیە، هەروەک زۆر جددیشە لەکاتی پێشکەشکردن.**

**دکتۆر ئاراس:** جددی نیم، کامێراش زۆر هاوڕێمە، بەڵام بۆ حەماسیبوونەکە وایە، خۆم فوڵ ئینێرجی و حەماسیم لە هەموو کارێک کە دەیکەم، پیشەکەی خۆمم خۆشدەوێت و نابێت بە خەواڵوویی بیکەم.

**ڕووداو: دەڵێن د.ئاراس زیاد لەپێویست گەشبینە، بەوەش باڵانس ناپارێزێ لە دانانی پلانەکانی و کەمتر حیساب بۆ گرفت و لەمپەرەکان دەکات؟**

**دکتۆر ئاراس:** من واقعبینم، نە گەشبینم و نە ڕەشبین، بەڵام بڕوایەکی زۆرم بە تواناکانی خۆم و ڕووداو هەیە، بۆیە سەقفی پلانەکانمان هەمیشە لەسەرەوەیە.

**ڕووداو: بەردەوام سەرقاڵ دیاری، خەریکی چیت؟**

**دکتۆر ئاراس:** من پزیشکم، کاری ڕاگەیاندنیش دەکەم، بزنسێکی خنجیلانەشم هەیە، خەریکی فێربوونی عودم، حەزم لە فێربوونی زمانیشە، بەشێکی باشی کاتیشم دەدەمە ئەو کەسانەی کێشەی تەندروستییان هەیە، بۆیە سەرقاڵم.

**ڕووداو: دەڵێن ئێوە خێزانێکی پزیشکین، پێویستتان بە سەردانی پزیشک نییە، ڕاستە؟**

**دکتۆر ئاراس:** خۆشبەختانە بەڵێ، نانا زۆریش پێویستمان بە پزیشکە، کە نەخۆش کەوتی ئیتر دەبێت لە دەرگای پزیشکان بدەی.

**ڕووداو: وێنەت بڵاوبووەتەوە کە دایکت چارەسەرت بۆ دەکات، دایکیشت پزیشکە؟**

**دکتۆر ئاراس:** نەخێر، دایکم خوێندەوارییەکی کەمی هەیە، دوای پێگەیاندنی ئێمە و لە تەمەنی پەنجا ساڵی کەوتە بەر خوێندن، ئێستاش بەردەوامە، لەو وێنەیەدا فشاری خوێنم وەردەگرێت، هەرچەندە ئەو پزیشکیی نەخوێندووە، بەڵام بەڕاستی پزیشکێکی میهرەبانە.

**ڕووداو: لەگەڵ ماڵی میر (میری برادۆستیان) بەینت چۆنە، وەکو برادۆستییەکانی دیکە هەینییان سەردانیان دەکەی؟**

**دکتۆر ئاراس:** پەیوەندییەکی زۆر تۆکمەمان هەیە، ئەوان هاوڕێ و دۆست و خزمی منن، لە نزیکەوە دەیانناسم، بەپێی توانا و کاتیش سەردانیان دەکەم.

**ڕووداو: وا بزانم تا ئێستا ژنت نەهێناوە، بۆچی؟**

**دکتۆر ئاراس:** کەس پێم ڕازی نابێت (بەپێکەنینەوە).

**ڕووداو: مەرجە ئەوەی دەبێتە هاوژینت ڕۆژنامەنووس یان پزیشک بێت؟**

**د.ئاراس:** نەخێر بێگومان، ئەوە پێوەر نییە لای من، گرنگ ئەوەیە کەسێکی ڕۆشنبیر بێت، لەیەک تێبگەین، بەینی خۆمان بێت حەز دەکەم جوانیش بێت.

**ڕووداو: دەڵێن زۆر شانازی بە ماچکردنی کەسێکەوە دەکەی، ئەو کەسە کێیە؟**

**دکتۆر ئاراس:** لە بەرنامە مەیدانییەکەی پزیشکیی دادوەری، ئەوکاتەی ئێسکی سەری پێشمەرگەیەکی دهۆکم ماچ کرد کە لە ساڵی 1988 لە شاخکێ شەهید کرابوو، بە زۆر خۆمم کۆنترۆڵ کرد، بەڵام تاوەکو ماوم شانازی بەو ماچەوە دەکەم.

> لەسەر ناوهێنانی کوڕی بارزانی هەڕەشەیان لێکردم

> حەز دەکەم پزیشکی هەژارێک بم نەک سەرکردەکان

> لەگەڵ میری برادۆستیان نێوانم خۆشە

> لە وەرزی نوێی نۆڕیندا بابەتێکی هەستیار دەورووژێنین



دلبخوین دارا

## مووچەکەم لە ڕووداو چەندە؟

ئەو ڕۆژە لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا لە کافتریای ستاربوکس دانیشتبووم، وەکو هەر جارێک ئەسپرەسۆم دەخواردەوە. لە ناکاو دۆستێکی کۆنم لێ پەیدا بوو.

دەستمان بەقسە کرد، چەپ و ڕاست لەسەر زۆر شت قسەمان کرد، بە گرانی لەسەر میدیای کوردی قسەمان کرد. برادەرەکەم گوتی "شتێک بە نێوی میدیای کوردی نییە".

منیش گوتم ڕووداو هەیە و ئەگەر شتێک بەناوی میدیای کوردی هەبێت، مرۆڤ دەتوانێ ڕووداو بە نموونە بهێنێتەوە. ئەوەی ڕووداو کردی میدیای کوردی تاوەکو ئێستا نەیکردووە. چونکە ئێمە لە ڕووداو کار دەکەین، لاق لەسەر لاق دانانێین و تەسبێح ڕاناوەشێنین.

قسە هاتە سەر بودجەی ڕووداو و مووچەی کارمەندانی. برادەرەکەم وەکو زۆر کەسی دیکە حەزی دەکرد بزانێت مووچەکەم چەندە؟ منیش گوتم ڕووداو باشترین مووچە دەداتە کارمەندەکانی. مرۆڤ ناتوانێت بە نانە سک، کارێکی پرۆفیشناڵ بکات. کاری ڕۆژنامەنووسی بە هەژاری ناکرێت.

ئێمە دەزانین ڕەوشی ئابووریی کوردستان وەکو پێشوو نییە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناتوانن مووچەی کارمەندەکانیان بدەن، بەڵام پێش قەیرانی دارایی، بودجەی کەناڵەکانی دیکە ئەگەر بەقەد ڕووداو نەبووبێ، کەمتر نەبووە. کارمەندەکانیشیان دوو هێندەی کارمەندانی ڕووداو بوون.

بەڵام برادەرەکەم سوور بوو لەسەر ئەوەی بزانێت مووچەکەم لە ڕووداو چەندە؟ دەیپرسی ئەگەر تۆ مووچەیەکی زۆر وەرنەگریت، چۆن دەستبەرداری ژیانی ئەورووپا بوویت.

زۆرجار ئەو جۆرە پرسیارانەم لێدەکرێ: مووچەکەت چەندە؟ چەند دەفتەر دۆلار وەردەگریت؟ بۆچی دەستبەرداری ئەورووپا بوویت و گەڕایتەوە کوردستان؟

من لە کوردستان فێری دەستەواژەی وەکو وەرەقە و دەفتەر بووم، بەڵام حەزناکەم بەکاریان بهێنم.

ئەوان مافی خۆیانە شت لەبارەی ژیانی منەوە بزانن، چونکە من ڕۆژانە لەسەر شاشە دەردەکەوم، خەڵکانێک هەن چارەی تۆیان دەوێت و دەیانەوێ ئاگاداری ژیانی تایبەتیشت بن. خەڵکانێکیش چارەی تۆیان ناوێت، بەڵام ئەوانیش دەیانەوێ شتە تایبەتییەکانی تۆ بزانن.

### لە بەرخودانەوە هەتا ڕووداو

من لە ساڵی 1990ەوە لە نێو کاری ڕاگەیاندندام، لە ڕۆژنامەی بەرخودان کە لە شاری دوسلدۆرف دەردەچوو، من ئیدیتۆری کوردی بووم، لەوێوە بگرە هەتا تەلەفزیۆنی مەد و میدیا و ئێستاش ڕووداو.

مرۆڤ بە ویژدانەوە بڵێت، دەزگایەک کە مرۆڤ بتوانێ بە ئازادی قسەی تێدا بکات، بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ کارم تێدا کردبێ و لێی ئاسوودە بووم ڕووداوە. دەزگایەکی جددییە، پرۆفیشناڵە، لە حیزبایەتی دوورە و هەوڵ دەدات باڵانس ڕابگرێ.

ڕووداو لە ماوەیەکی کەمدا سەرکەوت و بووە تەلەفزیۆنێک کە سەرنجی خەڵک ڕابکێشی. ئێمە ئیدی لۆگۆی ڕووداو لە هەموو شوێنێک دەبینین، زۆرجاریش دەبێتە سەرچاوە بۆ ئاژانسە جیهانییەکان، بۆیە ئاساییە ئەو مووچەیەی ڕووداو دەیداتە کارمەندەکانی جیاوازتر بێت. ڕووداو ئیدی پرەستیژە.

### ڕۆژنامەنووس چی دەوێت؟

لە دەزگایەکی بە ئیعتیبار کار بکات. جا چ ڕۆژنامە، ڕادیۆ یان تیڤی بێت. لێی ئاسوودە بێت. خۆی لە دەزگاکەدا ببینێتەوە. بتوانێت گەورە بێت و ببێتە مارکە. ببێتە هێزێک کاریگەری هەبێت، خۆی لە شوێنێکی ڕاست ببینێ. قسەکانی بە کاریگەر بن و گوێی لێ بگیرێ. چارەی ئەویان بوێت، بۆیە هەر کاتێک لێمدەپرسن ڕووداو چەند پارەت دەداتێ؟ دەڵێم ڕووداو ئەو شتانە دەداتە من.

## پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنی ڕووداو

**ڕووداوی ئەمڕۆ:** بەرنامەیەکی مێزگردییە باس لە مژاری ڕۆژ دەکات.
کاتی پێشکەشکردن: یەکشەممە تا پێنج شەممە، کاژێر 21:05
پێشکەشکار: هیوا جەمال

**وەرزین:** لە وەرزینی ئەمجارەدا باسی دەستپێکردنی قۆناغی کۆمەڵەکانی پاڵەوانێتی چامپیۆس لیگ دەکات.
کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: ڕێبوار محەممەد

**مێد ئین کوردستان:** بەرنامەی ئەمجارە لەسەر شکستهێنانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزارە لە کوردستاندا، بەهۆی نەبوونی پلان.
کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: هێدی کەریم

**دوو ئالی:** میوانداری دوو کەسایەتی باکوور یان ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، لە دوو بۆچوون و گۆشەنیگای جیاوازەوە شرۆڤە بۆ مژار و بابەتە گەرمەکانی ڕۆژ دەکرێ.
کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: دلبخوین دارا

**فیچەر:** (کۆبانێ لە 134 ڕۆژدا) باس لەو سەردەمە دەکات کە شاری کۆبانی بەشێکی زۆری کەوتە ژێر دەستی داعشەوە و چەندین تاوانیان دژی خەڵکی شارەکە ئەنجام دا.
کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 23:30
ئامادەکردن: عومەر کالۆ

**چوار قۆڵی:** گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەڤانییە لە نێوان بەشداربووانی بەرنامەکەدا لەسەر گەرمترین مژارەکانی ڕۆژ لە باشووری کوردستان و ناوچەکە، هەر جارەو میوانداری سیاسەتمەدارێک یان نووسەر و ڕۆژنامەنووسێک دەکرێ.
کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: ڕێبوار کەریم وەلی

**هەڤپەیڤین:** هەڤپەیڤینێکی تایبەتە لەگەڵ لویس مۆرینۆ ئۆکاسیۆ، داواکاری گشتی پێشووی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی
کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: هێمن مەلا زادە

**پەنجەمۆر:** بەشی یەکەمی گفتوگۆیەکە لەگەڵ جەعفەر حامیدی، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.
کاتی پێشکەشکردن: پێنجشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: کاوە ئەمین.

**قاوەیەک لەگەڵ حیزبەکان:** ئەم هەفتەیە پێشکەشکاری بەرنامەکە قاوەیەک لەگەڵ کادیرانی پێشکەوتووی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەخواتەوە
کاتی پێشکەشکردن: پێنجشەممە، کاژێر 23:05
پێشکەشکار: هێمن عەبدوڵڵا

**نۆڕین:** لە چەند بڕگەیەکی تەندروستی پێکدێت، بە میوانداری کەسانی شارەزاو پسپۆڕ
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 21:05
پێشکەشکار: دکتۆر ئاراس برادۆستی

**چاوی ڕووداو:** لە هەر ئەڵقەیەکی چاوی ڕووداودا چوار فیچەر پێشکەش دەکرێن.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: گوڵستان محەممەد ئەمین

تێبینی: ئەم خشتەیە جێگیر نییە، ڕەنگە بەهۆی ڕووماڵ و ڕاستەوخۆکانی کەناڵی ڕووداو، گۆڕانکاری بەسەردا بێت.


جێی مەبەستە نایابەکان
گەشتە ناوازەکان
QATAR
هەفتانە پێنج جار گەشت بکە لە هەولێرەوە بۆ دەوحە و گەشت بکە بۆ زیاتر لە 150 شوێنی جیاواز بۆ مەبەستی بازرگانی یان پشوو.
گەشتەکانی گەڕانەوە دەستپێدەکات لە:
کلاسی ئابووری
کلاسی بازرگانی
دێلهی $602 $1,222
کوالا لامپوور $740 $2,103
هانگ ژۆ $965 $2,450
گوانگ ژۆ $965 $2,450
ئێستا شوێن بگرن تا 31 ی ئۆکتۆبەر بۆ گەشتکردن لە نێوان 1 ی ئۆکتۆبەر تا 10 ی دیسەمبەری 2015.
سەردانی qatarairways.com/iq بکەن
پەیوەندی بکەن بە ئۆفیسەکانمان لە هەولێر: 0770 670 1001
سلێمانی: 0770 495 0001
پەیوەندی بکەن بە بریکاری گەشتەکانتان
oneworld
QATAR AIRWAYS القطرية
هێڵی پێنج ئەستێرەی جیهانی
هەموو گەشتەکان ئەگەری گۆڕانکاری یان دانانی باجی گونجاویان هەیە


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
ممتاز
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLK
powder
حليب



جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆڵی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێک لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوک - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131





الدورة الحادية عشر
معرض السليمانية الدولي
11TH ANNUAL
SULAYMANIYAH
INTERNATIONAL EXPO
DBX 14 - 17 November 2015 Sulaymaniyah - Iraq
پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی
خولی یازدەهەم .. بەم زووانە
المعرض الرائد في اقليم كردستان
في دورته الحادية عشر
لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو
• زیاتر لە ملیۆنێک میوان سەردانیان کردوە
• سێ هەزار کۆمپانیا
• کۆمپانیای هەرێمی و جیهانی
خلال السنوات السابقة
• مليون زائر
• ثلاثة الاف شركة
• شركات اقليمية ودولية
Event Partner
اساسيك
للاتصال:
+964 770-789-9664
+964 750-747-5222
info@iacci.info
WWW.DBXKURDISTAN.COM
Organizers
Sponsors
KOREK
Fastlink
zain
ممنوع دخول الزائرين دون سن 16 سنة
Since 2005,
THE OLDEST AND MOST SUCCESSFUL SHOW IN IRAQ
In The Previous Years
• one million visitor
• 3000 company
• International Exhibitors
Contacts:
+964 770-789-9664
+964 750-747-5222
info@iacci.info
WWW.DBXKURDISTAN.COM
Event Partner
اساسيك
Organizers
Sponsors
KOREK
Fastlink
zain
Visitors under age of 16 are not allowed

## ژنێک خۆی دەخنکێنێ

**ڕووداو- کەرکووک**

ژنێکی دانیشتووی گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکووک لەڕێگەی خۆهەڵواسینی بە پەتێکەوە خۆی خنکاندووە. سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی ڕەحیماوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پێشنیوەڕۆی 9ی ئەیلوول ئەو ژنە کە تەمەنی 49 ساڵە و ئاوارەیە، بە گوتەی کەسوکاری، تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە و ماوەیەکە چارەسەری پزیشکی وەردەگرێت، بەڵام پێشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە ماڵی خۆیان لەڕێگەی خۆهەڵواسینی بە پەتێک، خۆی خنکاندووە. دواتریش تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادیی کەرکووک کراوە و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە.



دراوسێیەکیان ویستبووی دەستدرێژیی بکاتە سەر

# دایکێک و کوڕە چوار ساڵانەکەی بە چەقۆ دەکوژرێن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- زاخۆ**

ڕۆژێک پێش ئەوەی بکوژرێ، قسەی لەگەڵ دایکی کردبوو، بڕیار بوو ڕۆژی هەینی 2015/9/4 سەردانی ماڵی دایکی بکات، بەڵام لەلایەن گەنجێکی دراوسێیانەوە کە هەوڵی دابوو دەستدرێژیی بکاتە سەری، بە چەقۆ لەگەڵ کوڕە چوار ساڵانەکەیدا کوژرا.

ڕوندک عەبدولواحید، تەمەن 25 ساڵ، دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2015/9/1 لە نێو ماڵەکەی خۆیدا کوژرا. کەسوکارەکەی دەڵێن لەو کاتەدا ڕوندک و منداڵەکانی بە تەنیا لە ماڵ بوون، گەنجێکی دراوسێیان فرسەتی هێناوە و لە سەربانەوە چووەتە ماڵیان و هەوڵی داوە دەستدرێژیی بکاتە سەری، بەڵام ژنەکە بەرگری لە خۆی کردووە و ئەویش کوشتوویەتی.

واحید بادینی، باوکی ڕوندک کە بەڕێوەبەری تیپی مۆسیقای زاخۆیە، بە (ڕووداو)ی گوت کە پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سەرقاڵی پرۆڤەکردن بووە بە تیپەکەی، لەوکاتەدا خوشکی مێردی کچەکەی پەیوەندی پێوە کردووە و هەواڵەکەی داوەتێ.

واحید گوتی "تۆمەتبارەکە دراوسێی ماڵی کچەکەمە و کۆتربازە، ئەو ڕۆژە زانیویەتی کچەکەم و منداڵەکانی بە تەنیا لە ماڵەوەن، فرسەتی هێناوە و لە سەربانەوە چووەتە ماڵیان و هەوڵیداوە دەستدرێژیی بکاتە سەر، بەڵام کچەکەم بەرگری لە خۆی کردووە، بۆیە کوشتوویەتی".

وەک واحید باسی کرد، تۆمەتبارەکە دوای شکستهێنانی لە هەوڵەکەی، کچەکەی خنکاندووە و دواتریش بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە مردنی، چەند چەقۆیەکی لە جەستەی داوە.

ڕوندک دایکی دوو کچ و کوڕێک بووە، کچەکانی یەک ساڵ و دوو ساڵن و کوڕەکەشی چوار ساڵە، واحید گوتی "تاوانبار بۆ ئەوەی تاوانەکەی بشارێتەوە، بە چەقۆ کوڕەکەشی کوشتووە. دوو کچەکەشی لەبەر ئەوەی منداڵ بوون، هیچی لێ نەکردوون".

واحید ڕەتیکردەوە کە کچەکەی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو کوڕەدا هەبووبێت و گوتی "ئەو کوڕە دراوسێی ماڵی کچەکەمە، کاتێک ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەری، بەرگری لەخۆی کردووە، هەر بەو هۆیەش کوژراوە، ئەگەر پەیوەندی لەگەڵی هەبووایە بەرگری لە خۆی نەدەکرد".

### چیرۆکی کوشتنەکەی دەکرێتە فیلم

واحید بادینی، هونەرمەندێکی ناسراوی قەزای زاخۆیە، بە مردنی کچەکەی تاساوە و دەڵێت کوژرانی کچەکەی زامێکە تا مردن لەسەر دڵی دەمێنێتەوە "هەر کەسێک منداڵی هەبێت دەزانێت ئەو ڕووداوە چەند ناخۆشە".

ڕووداوی کوشتنی ڕوندک بەلای دانیشتووانی قەزای زاخۆوە زۆر کاریگەر بووە و بە گوتەی باوکیشی، هاوڕێکانی لە سەندیکای هونەرمەندان بیریان لەوە کردووەتەوە چیرۆکی کوشتنەکەی بکەنە فیلم.

باوکی: چیرۆکی کوشتنەکەی دەکرێتە فیلم



ڕوندک خاوەنی پێنج خوشک و سێ برایە. لەیلا واحید کە خوشکی ڕوندک ە بە (ڕووداو)ی گوت، خوشکەکەی ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە لەگەڵ دایکی قسەی کردووە و پێیگوتووە کە ڕۆژی هەینی سەردانیان دەکات "بەڵام بەداخەوە دراوسێکانی تەلەفۆنیان بۆ کردین کە ڕوندک کوژراوە. سەرەتا لەلای دایکم باسم نەکرد و پێمگوت ڕوندک لە نەخۆشخانەیە و پێویستە بچین سەردانی بکەین".

بە قسەی لەیلای تەمەن 19 ساڵ، کوشتنی ڕوندک لەنێو قەزای زاخۆدا ترس و دڵەڕاوکەی دروست کردووە. لەیلا گوتی "بەشێکی زۆری ژنەکانی زاخۆ بەهۆی ئەو ڕووداوەوە ترسیان لێ نیشتووە و لە نێو خۆیاندا هەر باسی دەکەن".

هەر دوای ڕووداوەکە، پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد و توانییان لە ماوەی دوو ڕۆژدا تۆمەتبارەکە بدۆزنەوە. ڕائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوای کوشتنی ئەو ژنە و کوڕەکەی، تۆمەتبارەکە هەڵات، بەڵام پۆلیسی زاخۆ و نەهێشتنی تاوان لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ دۆزینەوەی و توانییان لە ماوەی دوو ڕۆژدا بیدۆزنەوەو دەستگیری بکەن.

گوتیشی "تۆمەتبارەکە بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە و لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیسیشدا دانی بەوەدا ناوە کە ئەو ژن و کوڕەی کوشتووە".

ماست و پەنیر و هێلکە بە قاچاخ دێننە باشووری کوردستان

# ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستان دەبنە قاچاخچیی سنوورەکان

**عوبەید ڕەشائایی**
**ڕووداو- سحێلا**

دایکی عومەر، لەگەڵ چەند ژنێکی گوندەکەی لە هەفتەیەکدا سێ ڕۆژ، سنووری نێوان ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بە قاچاخ دەبڕن بۆ ئەوەی بەرهەمی پەلەوەر و ئاژەڵەکانیان لە گوندەکانی باشووری کوردستان ساغ بکەنەوە و قووتی خێزانەکانیانی پێ دابین بکەن.

ئەو ژنە تەمەن 55 ساڵە، دانیشتووی گوندی بەستا سویسە کە 30 کیلۆمەتر لە شارۆچکەی دێرک دوورە. دایکی عومەر ڕۆژانە هێلکەی مریشک و قەیماغ و ڕۆنی ئاژەڵ، ژاژی و پەنیر و مریشک و کەڵەبابی خۆی و دانیشتووانی گوندەکەی کۆدەکاتەوە و لەگەڵ چەند ژنێکی گوندەکەی، بەشەو سواری ئۆتۆمبێلێک دەبن تاوەکو نزیک سنوور، لەوێشەوە بە قاچاخ سنوور دەبڕن و کاڵاکانیان لە باشوور ساغ دەکەنەوە.

### گومرگیان دەکەن

ئەو ژنە باسی دەربازبوون لە سنوور دەکات و دەڵێت لەسەر سنوور شەڤانانی یەپەگە دەمانبینن، دوای پشکنین ئەگەر شتەکان زۆر نەبن، ئەوا گومرگێکی کەممان لێ وەردەگرن، بەڵام ئەگەر زۆر بوو، بۆ نموونە ئەگەر 20 کیلۆ قەیماغم پێبێت، ئەوا بۆ هەر کیلۆیەک 500 دینارمان لێ وەردەگرن، ئینجا ڕێگەمان دەدەن بڕۆین".

دوای دەربازبوون لە شەڤانانی یەپەگە، ئینجا نۆرەی ئەو پێشمەرگانە دێت کە پاسەوانیی سنوور دەکەن. دایکی عومەر دەڵێت "ئێمە بەردەوام هەوڵ دەدەین ڕێگایەک بدۆزینەوە کە پاسەوانی سنووری لێ نەبێت، هەندێکجار ئەوان دەمانبینن، بەڵام دەزانن ئێمە بازرگان نین، هیچ قسەیەک ناکەن".

بەڵام هەمووشیان وا نین، دایکی عومەر دەڵێت "هەندێک لە پاسەوانانی سنوور زۆر توندن لەگەڵمان، هەر بمانبینن دەستگیرمان دەکەن و شتەکانمان لێ دەستێنن. دەبێ چەند ڕۆژێک هاتوچۆی بارەگای لیوای پاسەوانی سنوور بکەین، تاوەکو شتەکانمان دەدەنەوە".

### هەرزانفرۆشی دەکەن

دوای دوو کاژێر ڕۆیشتن و بڕینی سنوور، خەمی ساغکردنەوەی شتومەکەکان دەستپێدەکات. دایکی عومەر دەڵێت "کە هاتینە ئەو دیوە، دەچینە ناوچەی سحێلا و زوممار، لەوێ لەبەردەم دوکانەکان دادەنشین و چاومان لەو خەڵکانەیە کە بەوێدا تێدەپەڕن بۆ ئەوەی شتەکانمان لێ بکڕن. ئەگەر کڕیارمان نەبوو، ئەوا ناچارین شتەکانمان بە نرخێکی هەرزان بە دوکاندارەکان بفرۆشین".

دایکی عومەر و ژنەکانی دیکە 5 هێلکەی مریشکی خۆماڵی بە هەزار دینار دەفرۆشن، کیلۆیەک قەیماغ بە 11 هەزار دینار، کیلۆیەک ڕۆنی ئاژەڵ بە 12 هەزار دینار، کیلۆی پەنیر و ژاژی بە 3-4 هەزار دینار، مریشک و کەڵەبابی خۆماڵیش بە 10 تاوەکو 15 هەزار دینار دەفرۆشن.

### لە ترسی سەربازی هەڵدێن

دایکی عومەر سێ کوڕ و دوو کچی هەیە، بەڵام ئەو سەرچاوەی بژێوی خێزانەکەیەتی. دایکی عومەر دەڵێت "دوو لە کوڕەکانم کە یەکێکیان ئەندازیاری نەوت بوو، لە ترسی سەربازیکردن بۆ پەیەدە ڕۆژئاوای کوردستانیان جێهێشت و هاتنە هەرێمی کوردستان، لێرەشەوە چوونە ئەورووپا. هەروەها کوڕێکیشم کە تەمەنی 18 ساڵە، لەترسی سەربازی ناوێرێ لە ماڵەوە بێتە دەرەوە، بۆیە من ناچارم ئەو کارە بکەم، بۆ ئەوەی ئەوان بژیێنم".

سەبارەت بە کچەکانیشی، دایکی عومەر گوتی "یەکێکیان تاوەکو پۆلی شەشی ئامادەیی خوێند، ئەوی دیکەشیان سێی ناوەندی، بەڵام بەهۆی هەژارییەوە نەیانتوانی درێژە بە خوێندن بدەن".

### تەنیا بۆ هەڤاڵانە

بەپێی قسەی دایکی عومەر، تاوەکو ئێستا سێ جار دەزگای خێرخوازیی بارزانی کەلوپەلی بەسەر خەڵکی گوندەکەیاندا دابەش کردووە، بەڵام دەڵێت نادرێتە خەڵکی موستەحەق.

ئەو گوتی "هەفتەیەک لەمەوبەر جلوبەرگیان بەسەر 27 خێزانی دەستکورتدا دابەش کرد، بەڵام خێزانی وا ئەو جلانەی وەرگرت کە دەڕاسەیان هەیە، بەڵام ئێمە هیچ داهاتمان نییە و زۆر دەستکورتین، تەنیا لەبەر ئەوەی هەڤاڵ نین، نایدەنە ئێمە. هەموو جارێک پێماندەڵێن ناوی ئێوەی تێدا نییە، لە کاتێکدا ئێمە چەندین جار ناوی خۆمان بۆ وەرگرتنی یارمەتی تۆمار کردووە".



ژنێک: یەپەگە گومرگمان لێ دەستێنێ و پاسەوانی سنووریش دەستگیرمان دەکات



تا ئێستا 560 کەس لەو ڕێیەوە ژنیان هێناوە یان شوویان کردووە

# لەڕێی پڕکردنەوەی فۆرمەوە بۆ مێرد دەگەڕێن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

(ک) دوای بینینی ئەو کوڕەی کە دەیەوێت ببێتە هاوژینی، دڵخۆش دیار بوو، ئەو گوتی "وەکو ڕوخسار بەدڵمە، ئەگەر کوڕێکی باشیش بوو، خوا بە قسمەتم بکات".

(ک) کچێکی باڵاپۆشی تەمەن 27 ساڵە و دانیشتووی یەکێک لە قەزاکانی سنووری پارێزگای سلێمانییە، لەڕێگەی کچێکی پوورییەوە لە سەنتەری پەیمان بۆ هاوژینی، فۆرمی پڕکردووەتەوە. ئەو دەڵێت "پێشتر کچە پوورەکەم کە تەمەنی 40 ساڵ بوو فۆرمی پڕ کردەوە و شووی کرد، منیش دەمەوێ ئەو ڕێگەیە تاقی بکەمەوە".

ئەم کچانە دەیانەوێ بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕووباری کولتوور و دابونەریت مەلە بکەن و ئەو تابووە بشکێنن کە تەنیا کوڕان مافی ئەوەیان هەبێت بەدوای هاوژیندا بگەڕێن. ئامارەکانی سەنتەری پەیمان بۆ هاوژینی، دەرخەری ئەو ڕاستییەن.

بەپێی ئاماری ئەو سەنتەرە، لە ماوەی 6 ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 1600 کەس فۆرمیان پڕ کردووەتەوە، لەو ژمارەیە 450یان کچ بوون و 250یان بێوەژن. هەر بەپێی ئاماری سەنتەرەکە، تاوەکو ئێستا 560 کەس لەڕێی ئەو سەنتەرەوە ژنیان هێناوە یان شوویان کردووە.

### بۆ بێوەژنان بەخۆڕاییە

هەر کەسێک بیەوێ لەڕێی ئەو سەنتەرەوە هاوژین بدۆزێتەوە، فۆرمێکی دەدرێتێ و 25 هەزار دیناری لێ وەردەگیرێت. دوای دۆزینەوەی کەسێک کە مەرجەکانی کەسی داخوازیکەری تێدا بێت، پەیوەندی پێوە دەکرێتەوە. بۆ یەکەم چاوپێکەوتنی ئەو دوو کەسە لە سەنتەرەکە بڕی 15 هەزاریان لێ وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر ئەو دوو کەسە یەکدییان بەدڵ بوو، ئەوا هەر لەوێ چەند جارێکی دیکەش بەبێ بەرامبەر دەتوانن یەکدی ببیننەوە. بەڵام خاوەنی سەنتەرەکە بڕیاری داوە فۆرم و بینین بۆ خوێندکاران و بێوەژنان و کەمدەرامەتان بێ بەرامبەر بدات.

"س" کچە فەرمانبەرێکی تەمەن 25 ساڵە و باڵا مامناوەندێکی کەمێک ئەسمەرە. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردووەوە فۆرمی پڕکردووەتەوە و تائێستا لەگەڵ سێ کەس گفتوگۆی کردووە، بەڵام نەگەیشتووەتە ڕێککەوتن.

(س) گوتی "من دوو کەسیانم بە دڵ نەبوو، یەکێکیشیان منی بەدڵ نەبوو"، ئەو کچە مەرجی بۆ ئەو کوڕەی شووی پێدەکات تەنیا ئەوەیە ڕێزی بگرێت و دڵپیس نەبێت "زۆر ڕقم لە پیاوی دڵپیسە".

ئەو کچە دژی ئەو بۆچوونانەیە کە پێیانوایە نابێت کچان هەوڵی دۆزینەوەی هاوژین بدەن "کچیش وەکو کوڕ مرۆڤە، ئەوان چۆن هەوڵ دەدەن، ئێمەش دەبێت هەوڵ بدەین".

دایک و خوشکێکی (س) ئاگادارن کە فۆرمی پڕکردووەتەوە "بە نهێنی فۆرمم پڕ نەکردووەتەوە، بەڵکو دایکم و خوشکەکەشم ڕازی بوون، چونکە کارێکی خراپم نەکردووە".

(ج) ژنێکی تەمەن 45 ساڵە و دانیشتووی شاری کەرکووکە و خاوەنی چوار منداڵە، بەڵام لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە. ئەو ئێستا دەیەوێ شوو بکاتەوە، دوو ساڵە فۆرمی لە سەنتەری پەیمان پڕکردووەتەوە. ئەو دەڵێت "تاوەکو ئێستا لە ڕێگەی ئەو سەنتەرەوە لەگەڵ چەند پیاوێک دانیشتووم و گفتوگۆمان کردووە، بەڵام نەگەیشتووینەتە ڕێککەوتن".

(ج) هەنگاوەکەی خۆی بە دروست دەزانێت، چونکە پێیوایە دۆزینەوەی کەسێکی باش بۆ داهاتووی ژیانی باشترە لەوەی پەنا بۆ کاری نابەجێ ببات.

### عەرەبیش دەچنە لای پەیمان

فایەق مستەفا حەمەسوور، خاوەنی سەنتەری پەیمان چیرۆکی جیاوازتری کچان و ژنانی لایە کە ناویان تۆمار کردووە و گوتی "ئێستا کچێکی 16 ساڵی عەرەب ناوی نووسیوە، چونکە پێشتریش خوشکێکی تەمەن 17 ساڵی لە ڕێگەی ئێمەوە شووی بە کەسێک کرد و ئێستا منداڵیشیان هەیە".

فایەق دەڵێت ئێستا کچان و ژنانیش هاوشێوەی کوڕان و پیاوان و بە ئاشکرا سەردانیان دەکەن بۆ پڕکردنەوەی فۆرم. ئەو گوتی "ئامارەکانمان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕێژەی هاتنی کچان و ژنانیش لە ئاستێکی باشدایە".

وەک فایەق باسی کرد، لەنێو ئەوانەی فۆرمیان پڕکردووەتەوە جگە لە کچانی ئاسایی، بەرپرسی فەرمانگەش هەیە "کچێک فۆرمی پڕ کردووەتەوە کە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەکی حکومییە، جگە لەوەش بێوەژنێک تەمەنی 60 ساڵە فۆرمی پڕکردووەتەوە".

ئەو کچ و ژنانەی ناویان بۆ شووکردن تۆمار کردووە، مەرجەکانیان جیاوازن. بە گوتەی فایەق، ئەو کچانەی بڕوانامەیان هەیە، حەز دەکەن بەرامبەرەکەیان بڕوانامەی هەبێت، بەڵام بێ بڕوانامەکان زیاتر دەیانەوێت کەسێکی باش بێت، گەنجەکانیش حەز دەکەن کوڕەکە لەڕووی ڕوخسارەوە جوان بێت، بەڵام هەندێک لە کچانی بەتەمەن دەڵێن ئەگەر کەسەکە زۆر بە تەمەنیش بێت ئاساییە، بەڵام دەوڵەمەند بێت.

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (375) دووشەممە 2015/9/14

## لە هەولێر گەنجێک دەکوژرێ



**ڕووداو- هەولێر**

ئێوارەی ڕۆژی 2015/9/13 لە گەڕەکی ڕۆشنبیری شاری هەولێر، دەمەقاڵێیەک لە نێوان خاوەن دوکانێک و کرێچییەکەی دروست دەبێت و خاوەن دووکانەکە کرێچییەکەی دەکوژێت و هەڵدێت.

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند "دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت کەوا لە نێوان خاوەن دوکان و کرێچییەکـەی بووەتــە دەمەقاڵێ و خاوەن دوکانەکە تۆمەتبار (ق.ق.ع)، بە گولــلــە لەخاوەن فڕنەکەی داوە بەناوی دیدار ئیسماعیل، کە هەر لەشوێنی ڕووداوەکە گیانی لەدەستداوە. هەروەها باوکی کوژراوەکەش لەلایەن خاوەن دوکانەکەوە بریندارکراوە".

بەهۆی نەسازانەوە

# لە کوردستان ڕۆژانە 22 خێزان لێک دەترازێن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕێــژەی تــەڵاق و جیابوونەوە لــە دادگاکانی کوردستان بەرەو هەڵکشانە و بەپێچەوانەشەوە ڕێژەی مارەبڕین ڕوو لە داکشــانە. چالاکڤانێکی بــواری ژنــان ئەمە بە "کارەســات" نــاو دەبات و دەڵێــت ســەرەتایەکە بــۆ هەڵوەشــانەوەی شیرازەی خێزان لە کوردستان.

### ڕۆژانە 22 خێزان لێک هەڵدەوەشێنەوە

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی سێ ساڵ و شەش مانگی یەکەمــی ئەمســاڵدا 28 هــەزار و 471 حاڵەتی جیابوونــەوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردســتان تۆمــار کراون. بەپێــی ئەو ئامــارە، ڕۆژانە 22 خێزان هەڵدەوەشێنەوە.

ئەو ماوەیەی کە ئەو ژمارەیە لە جیابوونەوەی تێــدا تۆمارکــراوە دەکاتــە 1277 ڕۆژ، بەڵام لە هەر ساڵێکدا زیاتر لە 120 ڕۆژ پشووە، بەمەش لەو سێ ساڵ و شەش مانگەدا 858 ڕۆژ دەوامی دادگاکانی کوردســتان هەبووە، بەوجۆرە ڕۆژانە زیاتــر لە 33 حاڵەتــی جیابوونەوە لە دادگاکان تۆمار کراوە.

### گەنجن و زوو بڕیار دەدەن

ژیلەمــۆ عەبدولقــادر، بەهــۆی کارەکەی کە بەڕێوەبــەری بەرەنگاربوونــەوەی توندوتیژیــی دژی ژنانــە لــە هەولێــر، ڕۆژانــە چەندین ژن و مێرد ســەردانی دەکەن کــە بە نیازن لە یەکدی جیاببنەوە.

ژیلەمۆ پرســیار لە هــۆکاری جیابوونەوەیان دەکات. ئــەو دەڵێت "زۆربــەی جیابوونەوەکان بەهــۆی نەگونجــان لەگــەڵ یەکــدی، خیانەتی هاوژینــی، داواکردنی ماڵی جیــا لەلایەن ژنان، خــراپ بەکارهێنانــی ئامێرەکانــی تەکنەلۆژیا، قەیرانــی دارایــی، دەســتێوەردانی خێزانــی و ساردیی پەیوەندی سێکسییەوەیە".

ژیلەمــۆ عەبدولقادر کە وردەکاری ئامارەکەی ئەنجوومەنی دادوەریی بینیوە، بۆی دەرکەوتووە زۆربــەی ئەوانــەی جیابوونەتــەوە تەمەنیان لە نێــوان 15 تاوەکــو 25 ســاڵانە. ئــەو دەڵێــت "بەشــێکی زۆر لە کــوڕان ء کچان بۆ تێرکردنی حەزە سێکسییەکانیان لە تەمەنی زوودا بڕیاری شــووکردن یــان ژنهێنــان دەدەن، کاتێکیــش دەکەونــە نێو ئــەرک و لێپرســراوێتی، ناتوانن بەرگــەی بگــرن، بۆیە لە شــووکردن و ژنهێنان پەشیمان دەبنەوە".

زۆر لــەو ژن و پیاوانەی بەنیازن جیاببنەوە، کاتێــک دەچنــە بــەردەم دادوەر دەڵێن لەگەڵ یەکــدی ناگونجێیــن بۆیە جیادەبینــەوە، بەڵام ژیلەمۆ دەڵێ "زۆر لەوانە راســتییەکە لە دادوەر دەشارنەوە. زۆربەیان بەهۆی خیانەتی هاوژینی، ســاردیی سێکســی، دەســتێوەردانی خێزانی و داواکردنی ماڵی سەربەخۆ جیادەبنەوە.

### قبوڵ ناکەن سکاڵایان لەسەر تۆمار بکرێ

لــە ســاڵی 2007 بەڕێوەبەرایەتــی بەرەنگاربوونــەوەی توندوتیژیــی دژی ژنــان دامــەزرا، ئیــدی ژنــان شــوێنێکیان شــک برد کە بچن شــەرحی حاڵــی خۆیانی تێــدا بکەن.

لــەو بەڕێوەبەرایەتییــە ســاڵ بە ســاڵ ژمارەی تۆمارکردنــی ســکاڵای ژنان بەرەو هەڵکشــانە، بەڵام سکاڵای ژنان بەبێ باج نەبووە.

ژیلەمۆ دەڵێت "ئێستا جۆرێک لە چاوکراوەیی هەیە، ئێستا ژنان هەموو شتێک لە مێردەکانیان قبوڵ ناکەن و سکاڵا تۆمار دەکەن، بەڵام عەقڵی پیاوی کورد ئەمە قبوڵ ناکات، زۆربەیان حاشــا لە ژنەکانیان دەکەن، یان تەڵاقیان دەدەن".

### مۆبایل لە هەژاریی کاریگەرترە

پارێــزەری راوێــژکار، ئــەردەڵان ئەحمــەد ڕەشــید کە یەکێکە لەو پارێزەرانەی کار لەسەر دۆسیەکانی تەڵاق و جیابوونەوە دەکات، پێیوایە هــۆکاری ســەرەکیی جیابوونــەوەی ژن و مێرد نەمانی گیانــی لێبووردەییە "گیانی لێبووردەیی لەنێــوان ژن و مێردا وەک پێویســت نەماوە و خێزانیش ئەو پیرۆزییەی جارانی نەماوە".

بەبــڕوای ئەو پارێــزەرە، هەرچەندە قەیرانی دارایی و کەمبوونــەوەی هەلی کار کاریگەرییان لەســەر زیادبوونی ڕێژەی تــەڵاق و جیابوونەوە هەیــە، بــەڵام هێشــتا کاریگەرییەکەیــان وەکو مۆبایــل و تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نییــە "چونکە لەوانەیــە لێکتێگەیشــتن لەنێــوان ژن و مێــرد لەســەر گرفتــی ئابووری دروســت بێــت، بەڵام کاتێک پیاوێک هەست دەکات ژنەکەی لەڕێگەی مۆبایلــەوە پەیوەنــدی لەگــەڵ کوڕێــک هەیە، قبوڵی ناکات و تەڵاقی دەدات".

ئــەو پارێــزەرە بەشــێک لــە هۆکارەکانــی جیابوونەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەگێڕێتەوە و دەڵێت "ئەو پشــتیوانییە وەهمییــەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بۆ ئافرەتانیان دروستکردووە، کاریگەرییان لەسەر زیادبــوون ڕێژەی جیابوونــەوە هەبووە، چونکە کاتێــک ئافــرەت کێشــەیەکی بچووکــی دەبێ، ڕوودەکاتــە ئەو بنکانە، ئــەوە لەبیر دەکات کە ئەو لە خێزان و کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا دەژی و ئەمەی لێ قبوڵ ناکرێ".

### "کارەساتە"

ڕائید ژیلەمۆ هۆشداری دەدات لە هەڵکشانی ئامارەکانــی جیابوونــەوە و دەڵێت "زیادبوونی جیابوونەوە بەو ڕێژە زۆرە کارەســاتە، چونکە لێکەوتــەی خراپــی دەبێ، بۆ نموونــە کاتێک ژنێــک تــەڵاق دەدرێــت، شــیرازەی خێزانێک تێکدەچێــت و دوو خێــزان دەبنــە دوژمــن. ئەگــەر منداڵیان هەبێت هەندێجــار منداڵەکان سەرگەردان دەبن".

### مارەبڕین کەمی کردووە

نــەک بــە تەنیــا هەڵوەشــانەوەی خێــزان ڕووی لە هەڵکشــان کردووە، بەڵکو پێکهێنانی خێزانیــش بەپێــی ئامارەکــەی ئەنجوومەنــی دادوەری کەمی کردووە.

بەپێی هەمان ئامار، لە ســێ ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا 177 هەزار و 990 گرێبەستی هاوژینــی لــە دادگاکانــی هەرێمی کوردســتان کراون.

بەڵام ژمارەکە ســاڵ بە ســاڵ کەم دەکات، لە ســاڵی 2012دا 56003 گرێبەستی هاوژینی کراوە، لە ساڵی 2013دا ژمارەکە کەمی کردووە بۆ 52749. ســاڵی ڕابردوو ژمارەکە کەمتریش بووە بۆ 47444 گرێبەســت و لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا تەنیا 21795 گرێبەستی هاوژینــی لــە دادگاکان کراون کە بــەراورد بە شــەش مانگی یەکەمی ســاڵی ڕابــردوو 4309 گرێبەست کەمی کردووە.

ژیلەمۆ عەبدولقــادر، هۆکاری کەمبوونەوەی مارەبڕین بۆ قەیرانی دارایی، ڕاگرتنی پێشینەی هاوژینی، گرفتی نیشتەجێبوون، ناسەقامگیریی بارودۆخی سیاســی و کەمبوونەوەی هەلی کار دەگێڕێتەوە.

هۆکارەکانی زیادبوونی تەڵاق:




**هۆکارەکانی کەمبوونەوەی مارەبڕین:**

- قەیرانی دارایی
- ڕاگرتنی پێشینەی هاوژینی
- گرفتی نیشتەجێبوون
- ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی کوردستان
- کەمبوونەوەی هەلی کار

**ئاماری تەڵاق و مارەبڕین لە 2012/1/1 تاوەکو 2015/6/30**

| ساڵ | تەڵاق و جیابوونەوە | مارە برین |
|---|---|---|
| 2012 | 6581 | 56002 |
| 2013 | 8482 | 52749 |
| 2014 | 8777 | 47444 |
| 2015 (6 مانگ) | 4631 | 21795 |
| کۆی گشتی | 28471 | 177990 |



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## بۆ شیربایی یاخی بوو

پەڕاوی لێکۆڵینــەوەی دوو خێزان ئاراستەی لیژنەی ئاشتەوایی کرابوو، کاتێک ســەیری پەڕاوەکە کرا و وتەی ســکاڵاکار خوێندرایــەوە، دەرکــەوت پیاوێک ســکاڵای لەســەر خــەزوور و خەســووی تۆمارکردووە بــە تۆمەتی ئــەوەی ژنەکەیان لــێ زەوت کردووە، شایەتیشــی بۆ قســەکانی هەبوو. لە گوتەی سکاڵاکاردا هاتبوو کە خەزوور و خەســووی بــەو مەرجــە ژنەکــەی دەدەنەوە، پارەیان بداتێ.

هــەردوولای کێشــەکە لــە لیژنەی ئاشــتەوایی ئامادەبــوون. پیاوەکــە گوتــی "خەزوورم و خەســووم ماوەی دوو مانگە ژنەکەمیان زەوت کردووە و داوای 10 هەزار دۆلارم لێدەکەن وەکو شیربایی بۆ ئەوەی ژن بۆ کوڕەکەیان بهێنــن. منیــش مووچــەی مانگانەم تەنیا 500 هەزار دینارە و لە توانامدا نییە 10 هــەزار دۆلاریان بدەمێ".

کاتێک قسە لەگەڵ ماڵی خەزووری کوڕەکە کــرا، ئــەوان نکۆڵییان لەوە نەکــرد کە داوای ئەو بــڕە پارەیەیان کــردووە و گوتیــان "ئێمە پێشــتر وا ڕێککەوتبووین کــە لەبری کچەکەمان 10 هــەزار دۆلارمــان بداتــێ، بــەڵام پارەکــەی نەداینــێ. بۆیە ئێســتاش کچەکمان نانێرینەوە تاوەکو 10 هەزار دۆلارمان نەداتێ".

لێمان پرســین: بۆچی پێشتر ڕازی بــوون کچەکەتــان بدەنە ئــەو پیاوە، پێش ئەوەی پارەکە وەربگرن؟ ئەوان گوتیان : "هەڵخەڵەتاین". کە قســەی هەردوولا وەرگیرا، بە پێویســت زانرا بانگــی کچەکــەش بکرێ و قســەی لەگــەڵ بکــرێ. گوتمان کــە کارێکی هەڵەیــە بــۆ پــارە گوشــار لەســەر مێردەکــەت دروســت بکــەی و لێــی یاخــی بیت، تۆ تازە شــووت کردووە و مێردەکەت تۆی زۆر خۆشــدەوێت، لەبەر خاتری ئەم و ئەو ماڵ لە خۆت تێــک مــەدە. بــەڵام کچەکەش ســوور بــوو لەســەر داواکارییەکــەی خۆی. پیاوەکــەش پێداگیری لەســەر ئەوە دەکرد کە ژنەکەی خۆی خۆشــدەوێ و ئامادە نییە تەڵاقی بدات.

بۆ جاری دووەم قسە لەگەڵ دایک و باوکی کچەکە کرایەوە، پرســیاریان لێکــرا کــە ئایــا هیچ نووســراوێک لە نێوانیاندا هەیە ئەو بڕە پارەیەی تێدا نووســرابێت، گوتیان "نەخێر تەنیا لە مەجلیسی پیاوان باسکراوە".

بۆ هەردوولا ڕوونکرایەوە کە دەتوانن بابەتــی پارەکــە لــە دادگای بەرایی یەکلایی بکەنــەوە. ئەگەر پیاوەکەش داوا لــە ژنەکــە بــکات و نەچێتــەوە لای ئــەوە بە لاسار دادەنرێت، دوای شــەش مانگیش لاســارییەکەی پلەی کۆتایــی وەردەگرێت و دەتوانێ داوای جیابوونــەوە بکات، بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی لەسەر پیاوەکە بمێنێ. هەموو ڕێکارە یاساییەکانی کێشەکە بۆ ژن و پیاوەکــە و کچەکەیــان ڕوونکرایەوە، بەڵام ئەوان هەر ســووربوون لەســەر قسەی خۆیان.

ئەگــەر ســەیری ئــەم کێشــەیە بکەیــن، دەردەکەوێــت ژن و پیاوەکە هیــچ کێشــەیەک لە نێوانیانــدا نییە، بــەڵام دایــک و باوکی کچەکــە وایان لــە کچەکەیان کــردووە لاساربێت و نەچێتــەوە لای مێردەکەی. پێدەچێت کچەکــە لەبــەر دڵی دایــک و باوک و براکــەی ئەو بڕیــارەی دابێ، بەڵام لە کۆتاییدا هەر خۆی دەبێتە قوربانی.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# بە ئۆتۆمبێل لێی دەدەن و پاشان بە فیشەک دەیکوژن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

پیاوێکــی تەمــەن 32 ســاڵ لەلایــەن چەنــد کەسێکەوە بە ئۆتۆمبێل لێی دەدرێ و پاشانیش بە فیشــەک دەکوژرێت، بە تۆمەتی کوشتنیشی پێنج کەس دەستگیر دەکرێن.

(توانــا.س)، ئێــوارەی ڕۆژی 2015/9/1 بــە دووریــی چەنــد مەترێک لە ماڵــی خۆیان لە یەکێک لە گەڕەکەکانی ســلێمانی، لەلایەن چەند کەسێکەوە بە ئۆتۆمبیلێک لێی دەدرێ، دواتریش تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن.

شــایەتحاڵێک کــە ڕووداوەکــەی بینیــوە، بە (ڕووداو)ی گــوت "نزیک کاتژێــر 6ی ئێوارە بوو، ســەرەتا ئۆتۆمبێلێــک لەو پیــاوەی دا و کەوت، پاشــان فیشــەکێکیان بە قاچییەوە نا، دواتریش فیشــەکێکیان بە ســەرییەوە نــا و ئۆتۆمبێلەکە هەڵات".

بەپێــی ئــەو زانیاریانــەی دەســت (ڕووداو) کەوتــوون، کوشــتنی ئــەو پیــاوە پەیوەندی بە



کێشــەیەکی کۆمەڵایەتییــەوە هەیە کــە زیاتر لە ساڵێکە درێژەی هەیە. سەرچاوەیەک بە (ڕووداو)ی گــوت "ئەو پیاوە خێزاندار بــووە و منداڵێکی تەمەن ســێ ساڵیشــی هەبووە، بەڵام دەگوترێت ساڵێک لەمەوبەر پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ژنێکــی خزمــی هاوژینەکەیــدا هەبــووە و دوای ئاشــکرابوونی ئەو پەیوەندییــە هاوژینەکەی لێی جیابووەتەوە. ئەو ژنەشی پەیوەندی لەگەڵ پیاوە کوژراوەکە هەبووە، تەڵاقدراوە".

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەکە، پێشتریش پۆلیس ئاگاداری دۆسیەکە بوون، بەڵام بە تەواوی چارەســەر نەکراوە و کێشەکە درێژەی هەبووە و دواجار کوشتنی توانای لێکەوتەوە.

هاوســێیەکی ماڵــی کوژراوەکە بــە (ڕووداو)ی گــوت "ئــەو پیــاوە کەســێکی باش بــوو بۆ دراوسێکان، بەڵام ڕەنگە وەکو هەر کەسێکی دیکە کێشــەی هەبووبێت". گوتیشــی "تەنانەت ئەگەر کوشــتنەکەش پەیوەندی بەو کێشەیەوە هەبێت، دەبووایە لەڕێگەی دادگاوە چارەسەر بکرێت، نەک پەنا بۆ کوشتن ببرێت".

هەر بەپێــی زانیارییەکان، ئەو ژنەی پێشــتر پەیوەندی لەگــەڵ قوربانییەکە هەبووە، ئێســتا لەگــەڵ دایکــی دەژیــت، بــەڵام دوای کوشــتنی توانــا بردراوە بــۆ شــەڵتەرێکی داڵدەدانی ژنان، بــۆ ئــەوەی ژیانــی پارێــزراو بێــت. هەرچەندە خێزانەکەی بەڵێنیــان داوە ژیانی بپارێزن، بەڵام تاوەکــو ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە ژنەکە هێشــتا لە شەڵتەرە.

هەر بەپێی زانیارییەکان ئەو ژنە بە بەرپرسانی شەڵتەرەکەی گوتووە کە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ توانا نەماوە؟

دوای ڕووداوەکــە، بنکەی پۆلیســی ئیبراهیم ئەحمەد دەســتیان بە لێکۆڵینــەوە کرد. نەقیب ســەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێــژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ســلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "خێزانی کوژراوەکــە گومانیان لە چەند کەســێک هەبووە و ســکاڵایان لەســەر تۆمــار کــردوون، ئێســتا پێنــج کــەس بەپێــی مــاددەی 406 لە یاســای ســزادان دەستگیرکراون. بە قســەی کەسوکاری کوژراوەکــەش، کێشــەکەیان کۆمەڵایەتییــە و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

گوتەبێژەکەی پۆلیس هەروەها گوتی "ئەوەی لــە لێکۆڵینــەوەدا گوتــراوە، کەســوکارەکەی گوتوویانە تەنیا کێشــەی کۆمەڵایەتیمان هەیە و نەچوونەتە ناوەڕۆکی کێشــەکەوە، ڕەنگە لەگەڵ بەرەوپێشــچوونی زیاتری لێکۆڵینەوەکان، شتی زیاتر باس بکرێت".

چەنــد ڕۆژێک دوای ڕووداوەکــە و تەواوبوونی پرسەکە، (ڕووداو) ســەردانی ماڵی کوژراوەکەی کرد و هێشــتا خەڵک دەهاتن بۆ سەرەخۆشی لە کەســوکاری توانا، بەڵام کەســوکارەکەی ئامادە نەبوون هیچ لێدوانێک بدەن.

# گەنجێک باوکی خۆی بە 11 گوللە دەکوژێت

## ئامۆزایەکی کوژراوەکە: ڕەنگە داوای پارەی لە باوکی کردبێت بۆ چوونە ئەوروپا

## پۆلیس: کێشەکە خێزانییە و پەیوەندی بە سەفەری ئەوروپاوە نەبووە



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سەیدسادق**

حەمەجەلیل، ئاواتی ئەوە بوو لە کرێچێتی ڕزگاری بێت و کوڕە گەورەکەشی بنێرێ بۆ دەرەوەی وڵات، یان ژنی بۆ بهێنێ، بەڵام کوڕەکەی بە 11 گوللە، باوکی و ئاواتەکانی ڕەوانەی ژێر گڵ کرد.

حەمەجەلیل حاجی عومەر، تەمەن 43 ساڵ، خاوەنی 7 منداڵ بوو، ماوەیەک بوو ژنی دووەمی هێنابوو، بەڵام تەمەنی لەگەڵ ژنە نوێیەکەی هەر سێ مانگ بوو، کاژێر 12ی شەوی 2015/9/8 بەهۆی کێشەیەکەوە، لەلایەن کوڕەکە گەورەکەیەوە کە تەمەنی 17 ساڵە، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لە قەزای سەید سادق بە 11 گوللە کوژرا و ژنە تازەکەشی بە شەش گوللە بریندار بوو.

سامان فارس، ئامۆزای حەمەجەلیل کە بە گوتەی خۆی زۆر نزیک بووە لەو خێزانە، لە دووەم ڕۆژی پرسەی ئامۆزاکەیدا بە (ڕووداو)ی گوت "هەرچەندە تاوەکو ئێستا نازانین هۆکاری ڕووداوەکە بە دروستی چییە، بەڵام بە بۆچوونی خۆم ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە کوڕەکەی داوای پارەی لێکردووە بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوەی وڵات، باوکیشی پارەی نەداوەتێ".

کوڕەکەی حەمەجەلیل کرێکار بووە، لەگەڵ باوکی و هەردوو ژنەکەی و منداڵەکانی لە خانوویەکی کرێدا ژیاون.

ئەو ئامۆزایەی قوربانییەکە هەر لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "پێشتر کوڕەکەی زۆر داوای چوونە دەرەوەی وڵاتی دەکرد و بە منیشی دەگوت، باوکیشی کەمدەرامەت بوو، منیش گوتم خۆزگە ئەوەندە پارەم هەبووایە هاوکاریت بکەم و بتنێرم، چونکە زۆربەی هاوڕێکانی ڕۆیشتبوون".

وەک سامان ڕوونیکردەوە، بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی دادی، حەمەجەلیل 11 فیشەکی بەرکەوتووە و ژنەکەشی شەش فیشەک.

ئەو گوتی "چەکەکە هی حەمەجەلیل بووە و هەموو کات کە دەڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە کلاشینکۆفەکەی دەشاردەوە، بەڵام ئەو شەوە کوڕەکەی چەکەکەی دۆزیوەتەوە".

ئێستا ئەو کوڕە تۆمەتبارە بە کوشتنی باوکی و بریندارکردنی زڕدایکی. سامان باسی ژیانی (ش)ی کرد و گوتی "ئەو پێشتر کرێکاریی دەکرد، بەڵام شەش مانگە بێکارە. زۆربەی هاوڕێکانی ڕۆیشتبوون بۆ دەرەوەی وڵات، بەمدواییە زۆربەی ڕۆژ کوڕەکەیم دەبینی بێتاقەت بوو، زۆر حەزی دەکرد وەکو هاوڕێکانی بچێتە دەرەوە".

سامان سەری سوڕماوە لەوەی کە چۆن (ش) دەستی چووەتە خوێنی باوکی، چونکە وەک ئەو گوتی نێوانیان زۆر خۆش بووە و خەڵک باوەڕی نەدەکرد ئەوانە کوڕ و باوکن و وایاندەزانی هاوڕێن. سامان دەڵێت "تەنانەت ئەو ڕۆژە (ش) ئۆتۆمبێلەکەی باوکی بردبووە لای فیتەر بۆ ئەوەی بۆی چاک بکاتەوە".

حەمەجەلیل پێشمەرگە بوو، سامان دەڵێت بەشداری لە زۆربەی شەڕەکانی دژی داعشدا کردبوو. حەمەجەلیل وەکو پێشبینی کردبێت ئەو شەوە ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، دوایین ئاواتی لای سامان درکاندووە کە ڕزگاربوون بووە لە کرێچێتی و کوڕەکەشی لە خەفەت ڕزگار بکات، ژنی بۆ بهێنێ، یان بینێرێتە دەرەوەی وڵات.

هەرچەندە (ش) لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە، بەڵام خێزانەکەی سکاڵایان لەسەر تۆمار نەکردووە و حەز دەکەن ئازاد بکرێ. سامان گوتی "کەسێکمان لێ ڕۆیشتووە و نامانەوێت هەڵە بە هەڵە چارەسەر بکەین، بۆیە بڕیارمان وایە لە کوڕەکە خۆش بین و دەستی بگرین بۆ ئەوەی بێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست".

بەڵام پۆلیسی سەیدسادق کە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەن، قسەیەکی جیاوازیان هەیە. موقەدەم حەکیم عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی سەیدسادق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تۆمەتبارەکە کە هێشتا نەوجەوانە دەستگیرکراوە و لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە و لێکۆڵەری پۆلیسدا دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و هۆکارەکەشی بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی گەڕاندووەتەوە و پەیوەندی بە سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵاتەوە نەبووە".

ئەی بۆچی زڕدایکەکەشی بریندار کردووە؟ موقەدەم حەکیم گوتی "تۆمەتبارەکە مەبەستی کوشتنی زڕدایکی نەبووە، بەڵام زڕدایکی و باوکی لە تەنیشت یەکدی خەوتوون، بۆیە لە کاتی تەقەکردنەکەدا ئەویش بەرکەوتووە".

---

# دوو کیلۆمەتر بۆڕیی ئاوی ناحیەیەک دەبردرێ

**ڕاوچی حەسەن**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

نزیکەی دوو کیلۆمەتر بۆڕیی پرۆژەی ئاوی حاجیاوا لەژێر زەوی دەردەهێنرێت و بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاردەهێنرێ. داواکاری گشتیی حاجیاوا دەڵێن ئاگاداری ئەوەن و چاوەڕێی نووسراوی داواکاری گشتیی سلێمانی دەکەن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن.

حاجیاوا لە ساڵی 1988 وەکو کۆمەڵگەیەکی زۆرەملێ لەلایەن ڕژێمی پێشووی بەعسەوە دروستکرا، ئەوکات بڕیار درا کۆگایەکی گەورەی ئەمبارکردنی ئاوی لەسەر چیای ماکۆک بۆ دروست بکرێ، بەڵام بەهۆی ڕاپەڕینی بەهاری 1991 پرۆژەکە پەکیکەوت.

دوای بە ناحیەبوونی حاجیاوا، جارێکی دیکە پرۆژەکە کەوتەوە بەرباس. فەرمانگەی ئاوی حاجیاوا بە نووسراوی ژمارە (395) لە 2015/9/17 داوای لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕین کردووە کە لە پرۆژەی ئاوی دەربەندەوە ئاو بگەیەنرێتە ئەمبارەکەی سەر چیای ماکۆک.

محەممەد ئیبراهیم، سەرۆکی فەرمانگەی ئاوی حاجیاوا دەڵێت "ئەو پرۆژەیەی کە لە دەربەندی ڕانیەوە هاتووە، هیچ سوودێکی بۆ ناحیەی حاجیاوا نەبووە و هەتاوەکو ئێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە".

## کیلۆمەترێک بۆڕی دیار نامێنێ

دوای چەند مانگێک کارکردن لە پرۆژەی ئاوی حاجیاوا، ڕۆژی 2015/3/29 فەرمانگەی ئاوی حاجیاوا بە نووسراوی ژمارە (155) بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕینی ئاگادار کردووەتەوە کە نزیکەی کیلۆمەترێک بۆڕیی پرۆژەی عەمباری ئاوی چیای ماکۆک دەرهێنراوەتەوە و بە فەرمانی بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی سەروچاوە و فەرمانگەی ئاوی سەروچاوە دابەشکراون و نازانرێت کە ئەو بۆڕیانە چییان لێهاتووە.

سەرۆکی فەرمانگەی ئاوی حاجیاوا گوتی "ئەو بۆڕیانە بۆ مەبەستی تایبەت بەکارهێنراون، بەبێ ئەوەی فەرمانگەی ئاوی ڕاپەڕین ئاگادار بکرێتەوە".

مزەفەر عەلی ڕەسول، لێپرسراوی ژووری یاسایی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕین پشتڕاستی کردەوە کە ئەو بۆڕیانە لەلایەن بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی سەروچاوە و فەرمانگەی ئاوی سەروچاوە دەرهێنراون، بەبێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێک ئاگادار بێت "ئەوان بۆ مەبەستی پرۆژەیەکی ئاوەڕۆی تایبەت لە ناحیەکەدا بەکاریان هێناوە". گوتیشی: "ئەو بۆڕیانەی دەرهێنراونەتەوە لە سنووری ناحیەی حاجیاوادا بوون و پێویستە بگەڕێندرێنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی حاجیاوا، ئەگەر نەگەڕێندرێنەوە ئەوا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕینەوە دەدرێنە داواکاری گشتیی حاجیاوا".

## کێشەکە لای داواکاری گشتییە

دوای دەرهێنانی کیلۆمەترێکی بۆڕیی پرۆژەکە، جارێکی دیکە کیلۆمەترێکی دیکە لە بۆڕیی پرۆژەکە دەردەهێنرێتەوە. بۆیە چەند چالاکڤانێکی ناوچەکە پەنا بۆ داواکاری گشتیی حاجیاوا دەبەن و داوای گەڕاندنەوەی بۆڕییەکان دەکەن.

سەرچاوەیەک لە فەرمانگەی داواکاری گشتیی حاجیاوا دەربارەی کەموکوڕیی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی حاجیاوا و دەرهێنانەوەی نزیکەی دوو کلیۆمەتر بۆڕیی ئاو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە وەک داواکاری گشتیی حاجیاوا نووسراومان بۆ داواکاری گشتیی سلێمانی بەرزکردووەتەوە و چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین بۆ ئەوەی دەست بە لێکۆڵینەوە بکەین".

عەبدوڵڵا خدر عەبدوڵڵا، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی سەروچاوە سەبارەت بە دەرهێنانەوەی بۆڕییە ئاوەکان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "من هیچ پەیوەندییەکم بە دەرهێنانەوەی ئەو بۆڕیەوە نییە، ئامادەشم بچمە بەردەم دادگا، چونکە کاتێک ئەو بۆڕیانە دەرهێنراونەتەوە هیچ پرسێک بەمن نەکراوە". گوتیشی "بۆڕییەکان لەلایەن سەرۆکی شارەوانی پێشووتری ناحیەی سەروچاوە و بەڕێوەبەری ناحیەوە دەرهێنراونەتەوە و ئەوان لە پرۆژەیەکی ناحیەکەدا بەکاریانهێناون".



---

# بۆ سەفەری ئەوروپا ئۆتۆمبێلی دراوسێکەی دەفرۆشێت



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

پیاوێک لە سلێمانی بەبیانووی گەیاندنی منداڵەکەی بۆ نەخۆشخانە، داوای ئۆتۆمبێل لە دراوسێیەکی خۆی دەکات، ئەویش ئۆتۆمبێلەکەی دەداتێ، بەڵام ئەو ئۆتۆمبێلەکە دەفرۆشێ و دەستبەجێش سەفەری ئەوروپا دەکات.

لە پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل چیرۆکی لەو جۆرە زۆرن، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆچکردن بۆ ئەوروپا زیاد بووە. هەندێک لەوانەی کۆچ دەکەن بۆ ئەوروپا، چەندین جۆر فێڵ بەکاردێنن بۆ دەستکەوتنی پارەی سەفەر.

## ئۆتۆمبێلێکی دزراوی کڕیبوو

کەمال کازم، 37 ساڵ، چەند ساڵێکە لە پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل لە شاری سلێمانی کار دەکات، بەڵام خۆی گوتەنی، قەت وەکو ئەمجارە تێنەکەوتووە.

کەمال ڕۆژی 31ی ئاب ئۆتومبێلێکی شۆڤەرلێت (ئۆباما) مۆدیل 2012ی لە کەسێک بەنێوی (ە) بەبڕی 19 هەزار و 400 دۆلار کڕیوە، بەڵام تەنیا 17 هەزار دۆلاری پێداوە، بڕیار بووە بۆ ڕۆژی دواتر مامەڵەی ئاڵوگۆڕی ئۆتۆمبیلەکە بکەن و پارەکەی دیکەشی بداتێ.

کازم ڕۆژی دواتر تەلەفۆن بۆ فرۆشیارەکە دەکات بۆ ئەوەی مامەڵەکە تەواو بکەن و پارەکەی دیکەی بداتێ، بەڵام مۆبایلەکەی داخرابوو. دواتر دەردەکەوێت ئۆتۆمبێلەکە دزرابووە. کازم گوتی "من نەمزانی شەوی 31ی ئاب خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە سکاڵای تۆمار کردووە، بۆیە لەسەر ئەوە من و کەفیلەکەش دەستگیرکراین و بە کەفالەت ئازاد کراین".

هەر بەپێی قسەکانی کازم، باوکی ئەو کەسەی ئۆتۆمبێلەکەی دزیوە چارەسەری کێشەکەی بۆ کردوون و پارەکەی بۆ گەڕاندووەتەوە. بەڵام کوڕەکەی دوای فرۆشتنی ئۆتۆمبیلەکە، ڕاستەوخۆ چووەتە دەرەوەی وڵات.

## 39 هەزار دۆلاری زەرەر کرد

هاوکار دارا یەکێکی دیکەیە لەوانەی گورزی کوشندەی بەهۆی ئەو کۆچکردنەوە بەرکەوتووە. هاوکار مانگێک لەمەوبەر سێ ئۆتۆمبێلی بە بڕی 39 هەزار دۆلار بە دوو هاوڕێی خۆی داوە بۆ ئەوەی کەسابەتی پێوە بکەن، بەڵام دواتر فرۆشتوویانەتەوە. ئەو گوتی "بەداخەوە ئەو دوو کەسە هاوڕێم بوون و نەمدەزانی دوای وەرگرتنی ئۆتۆمبێلەکانم دەیفرۆشنەوە و دەچنە ئەوروپا". هاوکار لە بنکەی پۆلیس سکاڵای تۆمار کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی دوو هاوڕێیەکەی دیار نین، تائێستا هیچی دەستگیر نەبووە.

## هاوڕێکەی لە تورکیایە

ئاری محەممەدیش کە لە پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل کار دەکات، دوو ئۆتۆمبێلی بەبڕی نزیکەی 29 هەزار دۆلار بە هاوڕێیەکی خۆی فرۆشتووە، سەرەتا تەنیا 3500 دۆلاری پێداوە و بڕیار بووە دوای ماوەیەکی دیکە بڕەکەی دیکەی پێبدات.

ئەو گوتی "هاوڕێکەم پارەکەی نەدامەوە و دواتر ئۆتۆمبێلەکانی خۆم لە پێشانگای علوجەکان بینییەوە کە زانیاریم هەیە هەردووکیانی بە 9 هەزار دۆلار فرۆشتبوو، هاوڕێکەشم ئێستا لە تورکیایە و منیش خێزانەکەیم ئاگادار کردووەتەوە".

## "حکومەت حیساب بۆ گرێبەست ناکات"

هەرچەندە بەشێک لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکان کە لە پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل کراون گرێبەستی پێشانگاکانیان هەیە، بەڵام خاوەنی پێشانگاکان دەڵێن حکومەت حیساب بۆ گرێبەستەکانیان ناکات.

دارا شوانی خاوەنی یەکێک لە پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل دەڵێت لەوەتەی قەیرانی دارایی و کۆچی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوروپا سەریهەڵداوەتەوە، فرت و فێڵ لە پێشەنگاکانی ئۆتۆمبێل زۆر بووە.

ئەو گوتی "بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و داراییەی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، ئێستا هەندێک هاووڵاتی بەناوی کڕین، ئۆتۆمبێل دەبەن، بەڵام دواتر بە نرخێکی زۆر هەرزانتر لە نرخی خۆی دەیفرۆشنەوە و دەچنە ئەوروپا".

وەک شوانی گوتی، یەکێک لە کێشەکانیان ئەوەیە لە کاتی ڕوودانی حاڵەتی لەو شێوەیە، ئەگەر گرێبەستیش لەنێوان کڕیار و فرۆشیاردا هەبێت، پۆلیس حیساب بۆ ئەو گرێبەستە ناکات و دەڵێن پێویستە لە ماوەی 24 کاژێردا مامەڵەی ئاڵوگۆڕی ئۆتۆمبێلەکان بکرێن.

## "ئۆتۆمبێل نەدزراوە"

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ڕەتیکردەوە بەهۆی ڕۆیشتنی هاووڵاتیان بۆ دەرەوەی وڵات، ئۆتۆمبیل دزرابێت و لە پێشانگاکاندا فرۆشرابێت.

بەڵام ڕوونیکردەوە کە بۆ مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل پێویستە کڕیار گرێبەست لەگەڵ خاوەنی ساڵنامەی ئۆتۆمبێلەکەدا بکات، ئەویش بە ئامادەبوونی خاوەنەکەی یاخود بە تەلەفۆنکردن لەگەڵی و گوتی "کە دەڵێین بە پەیوەندی تەلەفۆن، واتە هەر دەبێت کڕیار بڕواتە لای فرۆشیارەکە و بیبینێت، ئەگەر وا نەبێت مامەڵەکە بەتاڵە".

بە گوتەی سەرکەوت ئەحمەد "گرێبەستی پێشانگاکان ناخوات، لەبەرئەوەی دادوەر تەنیا ئەوەندە حیسابی بۆ دەکات کە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنەکە کراوە، چونکە هەر گرێبەستێک لەگەڵ خاوەنی سەنەویدا نەکرێت دادوەر بڕوای پێناکات، نەک لەگەڵ کەسی فرۆشیار".



# تەرازووی هێز لەنێوان سوپای تورکیا و پەکەکەدا گۆڕاوە

**رووداو- هەولێر**

ئامار، ژمارە و چۆنایەتیی هێرشە چەکدارییەکان لە باکووری کوردستان، نیشانی دەدەن کە لەدوای ساڵی 1993وە یەکەمجارە پەکەکە لەشەڕی دژی دەوڵەتی تورکیادا لە قۆناغی بەرگریی سستەوە بەرەو قۆناغی بەرگریی چالاک دەپەڕێتەوە. چەندین هۆکاری نێودەوڵەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازیش لەپشت ئەم گۆڕانکارییەوەن.

پارتی کرێکارانی کوردستان لە 15ی ئابی 1984دا شەڕی چەکداری لە دژی دەوڵەتی تورکیا راگەیاند. ئەم قۆناغە بۆ پەکەکە قۆناغی بەرگریی سست بوو، چونکە ئامانجەکەی تەنیا بەرەودان بەشەڕ و لەسەر پێ مانەوە بوو. لەهەمانکاتدا دەوڵەتیش دەیگوت مەسەلەی لەناوبردنی ئەو بزووتنەوە چەکدارییە تەنیا مەسەلەی کاتە. لەو قۆناغەدا پەکەکە گورزی توندی بەرکەوت و چەندینجار گەیشتە لێواری لەناوچوون. لە کۆتاییەکانی ساڵی 1990 و سەرەتای 1991دا پەکەکە توانی لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە هەنگاوی گرنگ بنێ و بۆ قۆناغی بەرگریی چالاک پەڕییەوە. لەو قۆناغەدا پەکەکە هێرشی کردە سەر سەربازگەکان کە پەکەکە لە ئەدەبیاتی خۆیدا بە (هێرشی ستراتیژی) ناوی دەهێنێ. بۆ نموونە لە 1991/8/4 دا یەکەم هێرشی کردە سەر سەربازگەی (ماوان) لە ناوچەی گەردیانی سەر بە شەمزینان و لە ئەنجامدا 10 سەربازی کوشت و حەوتیشی بەدیل گرتن. ئەمە سەرەتای زنجیرە هێرشێکی گەورەی پەکەکە بوو کە بە ژمارەیەکی زۆری گەریلا بەشدارییان تێدا دەکرد. ئەو هێرشانە تاوەکو کۆتایی ساڵی 1991 ژمارەیان زیاتر دەبوو. پەکەکە لە ساڵی 1991دا پێنج سەربازگەی سوپای تورکیای خاپوور کرد، ئەو ژمارەیە لەساڵی 1992دا گەیشتە 12 و لەساڵی 1993 گەیشتە 13 هێرشی گەورە. زۆربەی ئەو هێرشانە لە سنووری شەڕناخ و جۆلەمێرگ ئەنجامدران. لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا پەکەکە لە قۆناغی بەرگریی سستەوە، چووە قۆناغی بەرگری ستراتیژیی چالاک.

## قۆناغی پووکانەوەی پەکەکە

پەکەکە لە ساڵی 1994دا خۆی بۆ قۆناغی راپەڕینی جەماوەری و دروستکردنی ناوچەی ئازاد ئامادە کرد، بەڵام هەموو حیساب و خوێندنەوەی پەکەکە سەراوبن بوو. دەوڵەتی تورکیا لە سایەی سێکوچکەی دەسەڵات (سولەیمان دەمیراڵ – تانسۆ چیللەر – دۆغان گورەش) شەڕی گشتگیری لەدژی پەکەکە راگەیاند، بەمەش پەکەکە تووشی شکستێکی گەورە بوو. زۆرترین زیانی گیانیی گەریلا لە مێژووی پەکەکەدا لەو ساڵەدا بوو. لە هەرێمێکی وەکو سەرهەد لە کۆی 1000 گەریلا تەنیا 200 گەریلا توانییان خۆیان رزگار بکەن. ژمارەی هێرشە ستراتیژییەکانی پەکەکە بە بەراورد بە ساڵانی پێشووتر بەڕێژی 85% کەمی کرد و تەنیا دوو هێرشی ستراتیژی لە جۆلەمێرگ ئەنجامدا.

هێرشە ستراتیژییەکانی پەکەکە بە رادەیەک کەم بوونەوە کە لە ساڵی 1995 دا تەنیا یەک هێرشی ئەنجامدا، ئەویش بۆ سەر سەربازگەی (بێسوسن) بوو لە شەمزینان کە گوێرەی میدیاکانی تورکیا 15 سەرباز کوژران. لە ساڵەکانی 1996 تاوەکو 1999 پەکەکە هیچ هێرشێکی نەکرد کە ژمارەیەکی زۆری گەریلا بەشداریی تێدا بکەن. ئەگەرچی لە ساڵانی 2007 و 2008، 2010 چەند هێرشێکی بۆ سەر سەربازگەکان ئەنجامدا، بەڵام نەیتوانی لە رووی دەستپێشخەری و پەیڕەوکردنی تەکتیکەوە شتێکی نوێ بێنێتە ئاراوە.

## بەخۆداچوونەوە و خۆئامادەکردن

هەرچەندە لەدوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە ساڵی 1999، ئەگەری چارەسەری سیاسیی کێشەی کورد زیاتر بوو، بەڵام پەکەکە لە مەسەلەی سەرلەنوێ رێکخستنەوە و ئامادەکردنەوەی هێزی چەکداری نەوەستا. پەکەکە دوای چەندین ساڵ لە رووبەڕووبوونەوەی سوپای تورکیا، هەستی بە خاڵە لاوازەکانی لە رووی سەربازییەوە کرد، تێگەیشت کە قارەمانێتی و گیانفیدایی بەس نین بۆ ئەوەی بتوانێ لە بەرامبەر سوپایەکی وەکو تورکیا تەرازووی هێز بگۆڕێ. پەکەکە تێگەیشت کە قەتیسکردنی شەڕ لە شاخەکان، بەتایبەتی لەبەرامبەر سوپایەک کە نوێترین تەکنیکی شەڕی گەریلایی هەیە، جگە لە سووڕانەوە لە شوێنی خۆی، هیچ دەستکەوتێکی سەربازی و سیاسی نابێت. تێگەیشت کە خاڵی هەرە لاوازی ئەو بزووتنەوەیە نەبوونی هێزێکی پشتیوانی گەریلایە لەنێو شار و شارۆچکەکان. نەبوونی هێزێکە شار و شاخ بەیەکەوە ببەستێتەوە.

## دامەزراندنی (YDG-H)

دوای چەند تاقیکردنەوەیەک، پەکەکە لەناو شارەکان بزووتنەوەی گەنجانی شۆڕشگێڕی ولاتپارێز YDG-H ی دامەزراند. ئەم بزووتنەوەیە لەناو تورکیا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. بەتایبەتی دوای 22ی تەمموز کە جارێکی دیکە پرۆسەی چارەسەری و دۆخی بێ شەڕ کە لە سەرەتای ساڵی 2013 هەبوو، نەما. ئەو بزووتنەوەیە لە شارۆچکەکانی باکووری کوردستاندا بووە ئەکتەری سەرەکی شەڕی ئەمجارەی پەکەکە و سوپای تورکیا.

لەو ماوەیەدا ئەندامانی ئەو بزووتنەوەیە کە وەکو دەگوترێت تەمەنیان لە نێوان 15-25 ساڵدایە، توانییان دوو بانگەشە پووچەڵ بکەنەوە:

1- دەگوترا کە دەزگا ئیستیخباراتیەکانی تورکیا دزەیان کردووەتە ناو ریزەکانی ئەو بزووتنەوەیە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی 52 رۆژ بەسەر گەڕی شەڕی ئەمجارە، جگە لە هێرشەکەی جەیلان پنار لە 22ی تەمموزی رابردوو کە گومان لە ئەنجامدانی هەیە، هیچ هێرشێکی دیکە نییە کە گومان لە پابەندبوونی ئەو بزووتنەوەیە بە پەکەکە نیشان بدات.

2- بانگەشە دەکرا کە ئەو بزووتنەوەیە ناتوانێ لەناو شارەکان شەڕ بکات و خۆی رابگرێت، بەڵام 52 رۆژ شایەتە کە ئەندامانی ئەو بزووتنەوەیە هیچیان کەمتر نییە لەو گەریلایەی لە شاخ شەڕ دەکات. تەکتیکی لێدانی خەندەق و زەبر وەشاندن لە پۆلیس لەکاتی هاتنیان بۆ پڕکردنەوەی ئەو خەندەقانە کە تەکتیکی سەرەکی ئەندامانی بزووتنەوەکەیە، تا ئێستا لە شارۆچکەکانی سەر بە جۆلەمێرگ، شەڕناخ، ئامەد، هەروەها بە رادەیەکی کەمتریش لە باتمان و ماردین، جموجوڵی پۆلیس و هێزی تایبەتی تورکیای پەکخستووە.

ئەو نەوەیەی لەناو ریزەکانی YDG-Hدان، بە هۆشیارترین و پابەندترین نەوەی کورد دادەنرێت بە پەکەکە، چونکە زۆربەی ئەو گەنجانە لەو دێهاتانەن کە لە ساڵانی 1990 هاتوونەتە شارەکان، دەستبەرداری کولتووری گوند بوون، بەڵام لە کۆمەڵگایەکدا گەورە بوون کە کولتووری سیاسی و عەسکەریی پەکەکە مۆری خۆی لێداوە، بۆیە ئەو نەوەیە نەک چارەنووسی شەڕی نێوان پەکەکە و تورکیای گۆڕی، بەڵکو بەڕێوەیە ببێتە نەوەیەکی کارا لەناو پەکەکە و ئۆرگانەکانی پەکەکە.

## گۆڕینی تەکتیکی شەڕی گەریلایی

لەگەڵ ئەوەی پەکەکە توانی هێزێکی هاوتەریب بە گەریلا لەناو شارەکان دروست بکات، رێکخستنەوەی گەریلا، گۆڕینی تەکتیکی شەڕی بەشێوەیەکی باش لە گەڕی نوێی شەڕدا پەیڕەو کرد و سوپای تورکیای ناچار کرد لە سەربازگەکانی دەرنەچێت و لە قۆناغی هێرشکردنەوە بگەڕێتەوە قۆناغی خۆپاراستن و بەرگریکردن لەخۆی. لەوەشدا پەکەکە ئەو هەنگاوانەی پەیڕەو کرد.

1- خۆدوورگرتن لە هێرشکردنە سەر سەربازگەکان: سەربازگەکانی تورکیا بەتایبەتی ئەوانەی نزیکی سنووری هەرێمی کوردستانن، زۆر قایم کراون، تەکنەلۆژیای چاودێری و بەرگری زۆر پێشکەوتوویان لێ جێگیر کراوە. گەریلا بەو تەکنیکەی لەدەستیدایە زۆر زەحمەتە بتوانێ هێرش بکاتە سەر ئەو سەربازگانە، ئەگەر هێرشیش بکات دەبێت ژمارەیەکی زۆر قوربانی بدات، هەروەها دەبێت ژمارەیەکی زۆر گەریلا بەشداری لە گرتنی ئەو سەربازگانەدا بکات کە ئەمەش لەکاتی کشانەوە دوای هێرشەکە زەحمەتی زۆر دروست دەکات بۆ پەکەکە، چونکە فڕۆکەی چاودێری و جەنگی دەتوانن زەبری زۆریان لێ بوەشێنن.

2- پەنا بردنە بەر مین: مین چەکی نوێی گەریلایە کە لە شەڕی دوای 22ی تەمموز زەبری کوشندەی پێ لە سوپای تورکیا داوە. پەکەکە لە ناوەڕاستی دەیەی کۆتایی سەدەی رابردوو، پەنای بۆ بەکارهێنانی مین برد، بەڵام کەمیی پسپۆڕی لە دروستکردن و دانانەوەی مین، هەروەها نەبوونی کەرەستەی دروستکردنی مین، رێگربوو لەوەی پەکەکە وەکو ئێستا مین لەدژی سوپای تورکیا بەکاربێنێ.

لەساڵانی نەوەتەکاندا هەرێمێکی وەک بۆتان یان زاگرۆس کە هەریەکیان زیاتر لە هەزار گەریلای لێبوو، تەنیا چەند پسپۆڕێکی مینی لێبوو، بەڵام ئێستا بەگوێرەی زانیاریی میدیاکانی تورکیا ژمارەی پسپۆڕانی مین، چ پسپۆڕی دروستکردن یان پسپۆڕی دانانەوە، لەناو گەریلاکانی پەکەکە زۆر بووە.

لەدوای 22ی تەمموز دەرکەوت پەکەکە دەتوانێ مینی زۆر گەورە کە هەندێکجار یەک تۆن تەقەمەنی تێدا بەکارهاتووە، دروست بکات. وەکو ئەوەی لە ئیغدر لە 8ی ئەم مانگە بە ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسدا تەقیەوە و بەگوێرەی دەزگا فەرمییەکانی تورکیا 13 پۆلیس و بە گوێرەی لێدوانی هێزی پاراستنی گەل (هەپەگە) 41 پۆلیسی تێدا کوژران.

پەکەکە لە شەڕی دوای 22ی تەمموز توانی بە رێگای دانانەوەی بۆمب و تەقاندنەوەی، زەبری کوشندە لە سوپا و پۆلیسی تورکیا بدات. لە 25ی تەمموز لە لیجە بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو دوو سەرباز کوژران. رۆژی دووی ئاب لە قارس چوار پۆلیس، دوو رۆژ دواتر لە شەڕناخ چوار سەرباز بەهۆی بۆمبەکانی پەکەکەوە کوژران، لە سێرت لە نۆی مانگی رابردوو، ئۆتۆمبێلێکی سەربازی گوللەنەبڕ تەقێندرایەوە و هەشت سەرباز کوژران. رۆژی 9ی ئاب بە هێرشکردنە سەر بنکەیەکی پۆلیس بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە ئیستانبوڵ پۆلیسێک کوژرا و 10ی دیکەش بریندار بوون. رۆژی دواتر لە سلۆپی چوار پۆلیس کوژران. لە 15ی ئاب لە چەولیک سێ سەرباز کوژران. رۆژی شەشی ئەم مانگەش لە ئۆرەمار 16 سەرباز کوژران.

بە گوێرەی لێدوانە فەرمییەکانی دەوڵەتی تورکیا لەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ پەکەکە، 108 سەرباز و پۆلیس و گوندپارێز کوژراون کە 53%یان لە رێگەی تەقینەوە و تەقاندنەوەی بۆمبەوە بووە.

3- سوودوەرگرتن لە چەکی مەودا مام ناوەند: تاوەکو کۆتایی ساڵی 1999 گەریلا زیاتر چەکی کلاشینکۆف و بۆمبی دەستیی بەکاردەهێنا. بەمەش تەنیا لە مەودایەکی زۆر کەمدا لەگەڵ سوپا، دەتوانێ زەبر لە سوپا بدات. بەڵام لەشەڕی ئەم دواییەدا زۆر لێهاتووانە چەکی وەکو بی کەی سی و ئار بی جی و قەناس بەکاردێنێت. هەر چەندە ژمارەی قوربانیانی سوپای تورکیا بە بەراورد بە هێرشی بۆمب کەمترە، بەڵام ئەم جۆرە هێرشانە بارودۆخێکی دەروونیی خراپ لەسەر سوپا و پۆلیس دروست دەکات و ژمارەی قوربانیانی پەکەکەش کەم دەکاتەوە.

4- خۆپاراستن لە تەکنیکی سوپای تورکیا: لە ساڵانی رابردوودا تەکنەلۆژیای سەربازیی سوپای تورکیا کارئاسانی بۆ سوپا و فڕۆکە جەنگییەکان دەکرد تا جێگای حەوانەوە و خۆشاردنەوەی گەریلا بدۆزنەوە، بە بۆردومانیش یان بە دابەزاندنی یەکەی تایبەتی سوپا بە رێگای هەلیکۆپتەر دەرفەتی رزگاربوونی گەریلا زۆر زەحمەت دەبوو. لە ساڵی 2012دا سوپای تورکیا لە شەمزینان، جودی، کاتۆ زۆر سەرکەوتوو بوو لە بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە و بەسەدان گەریلا بوونە قوربانیی ئەو تەکنیکە.

دیسان بە چاودێریکردنی تەلەفۆن و ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی پەکەکە سوپای تورکیا توانی ئەرتەم قەرەبوڵوت ناسراو بە نوعمان، فەرماندەی پەکەکە لەناوچەی ئامەد و چەند سەرکردەیەکی دیکە بکوژێت، بەڵام لەم گەڕەی شەڕدا پەکەکە تاوەکو ئێستا توانیویەتی خۆی لەم جۆرە هێرشانە بپارێزێ. گەریلاکانی پەکەکە لەبەردەم فڕۆکەی گەڕان و پشکنین و کامێرا و دووربینی لێزەری، نایلۆنی شەفافی ئەستوور یان چەتر بەکاردێنن، بەمشێوەیە خۆیان لەو تەکنیکە دەپارێزن.

سەرەڕای بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتووی دۆزینەوەی مین، زۆر بە دەگمەن نەبێ سوپای تورکیا ناتوانێ مینەکانی پەکەکە بدۆزێتەوە، چونکە پەکەکە لەسەر مینەکان پارچەیەک لاستیکی ئەستوور یان تەختە دارێک دادەنێت، بەمەش ئامێرەکە ناتوانێ زەنگی دۆزینەوەی مین لێبدات.

5- رێکخستنەوەی یەکەکانی گەریلا: باشترین تەکتیک بۆ خۆپاراستن لە تەکنیکی سەربازیی تورک، بچووککردنەوەی یەکەکانی گەریلایە. پەکەکە بە پێچەوانەی رابردوو، ئێستا گەریلاکانی لەسەر شێوازی تیم رێکخستووە، هەر تیمێک لە 5 گەریلا زیاتر نابێت، لەناویاندا پسپۆڕی مین، هەروەها چەکی مام ناوەندی (بی کەی سی، ئار بی جی و قەناس) هەیە. ئەمەش دەرفەتی شوێن گۆڕین و خێراتر بڕیار وەرگرتن و جوڵانەوە و خۆشاردنەوە دەڕەخسێنێ. هەروەها لە مەسەلەی هێرشکردن و خۆپاراستندا، دەستبەرداری شێوازی مەرکەزی بووە، دەسەڵاتی بە هەرێم، ناوەند و یەکەکان داوە.

## هۆکارەکانی دیکە

جگە لەم هۆکارانە، چەندین هۆکاری دیکەش هەن کە یارمەتیدەرن بۆ پەکەکە بۆ ئەوەی بتوانێ تەرازووی هێز لەبەرامبەر سوپای تورکیا بگۆڕێت. وەکو مەسەلەی داعش و ئەزموونی رۆژئاوا بۆ پەکەکە، هەروەها بوونی ناڕەزایی لە دژی سەرۆک کۆماری تورکیا، رەجەب تەیب ئەردۆغان و حکومەتی ئاکپارتی. ئەو ناڕەزاییانە تا دێت فراوانتر دەبن. ئەمەش بەتایبەتی لە کاتی گەڕانەوەی تەرمی سەربازانی تورکیا بۆ شارەکان و لە مەراسیمی بەخاکسپاردنیاندا دەردەکەوێت. لە رابردوودا کاتێک تەرمی سەربازێک لەشەڕی پەکەکە دەگەڕایەوە، نەفرەت لە کورد و پەکەکە دەکرا و دروشمی (بژی نیشتیمان) دەگوترایەوە، بەڵام ئێستا دیمەنێکی جیاواز دەبینین، بە رادەی نەفرەتکردن لە پەکەکە، نەفرەتکردن لە ئەردۆغان و دەسەڵاتی ئاکپارتیش دەبیسترێ.

## گۆڕان لە ژمارەی قوربانی

لە مێژووی هەموو بزووتنەوە گەریلاییەکاندا، قوربانیی گەریلا لە قوربانیانی سوپایەکی نیزامی زیاتر بووە. لە شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیاشدا بەهەمان شێوە بووە. لە مێژووی شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیادا قوربانیانی ئەو شەڕە بە زیاتر لە 40 هەزار کەس مەزەندە کراوە، دەزگاکانی دەوڵەت قوربانیانی هێزە ئەمنییەکان بە 5-6 هەزار کەس مەزەندە دەکەن و ژمارەی قوربانیانی گەریلاش بە 15 هەزار کەس مەزەندە دەکرێت، نزیکەی 20 هەزار کەسی سڤیلیش بوونەتە قوربانی.

هەرچەندە ئامارێکی پشتپێبەستراو لەبەردەست نییە بۆ ئەوەی بزانین قوربانیانی هەردوولا چەندە، بەڵام ئەوەی دیارە لەدوای شەڕی 22ی تەممووزەوە قوربانیانی سوپای تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. لەبەرامبەریشدا هەرچەندە سوپای تورکیا ژمارەی قوربانییەکانی ئەمجارەی پەکەکە بە زیاتر لە 1400 گەریلا مەزەندە دەکات، بەڵام ناتوانین پشت بەو ئامارەی تورکیا ببەستین، چونکە سوپای تورکیا بەڵگەی قوربانییەکانی پەکەکەی نەخستووەتە روو.

## پەکەکە دەتوانێ بەردەوام بێ؟

ئەوەی دیارە، جارێکی دیکە تەرازووی هێز لە بەرژەوەندیی پەکەکە گۆڕاوە، بەڵام ئەوەی دیار نییە، ئەوەیە کە ئایا سەرکردایەتی پەکەکە دەتوانێ گۆڕینی تەرازووی هێز لە بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێت و بیکاتە دەستکەوتی سیاسی. یان جارێکی دیکە سوپای تورکیا وەکو ساڵی 1994 دەتوانێ بەڵانسەکە بگۆڕێت و پەکەکە تووشی پووکانەوە بکاتەوە؟ رووداوەکانی دوارۆژی نزیک وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.

### ژمارەی قوربانیانی شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیا

- 40 هەزار کەس
- 15 هەزار گەریلا
- 5 هەزار سەرباز و پۆلیس
- 20 هەزار هاوولاتی مەدەنی

### تەکتیکی خۆپاراستنی پەکەکە لە تەکنیکی سوپای تورکیا:

- دامەزراندنی (YDG-H)
- دانانەوەی مین لەسەر رێگای کاروانی سەربازی
- لێدانی خەندەق و دروستکردنی ساتر لە نێو شارەکاندا
- دانانی دار و پلاستیک لەسەر مینە چێندراوەکان
- هەڵگرتنی چەتر یان نایلۆنی ئەستوور بۆ ئاشکرا نەبوون
- بەکارهێنانی چەکی مامناوەند
- دروستکردنی یەکەی پێنج گەریلایی
- خۆ دوورگرتن لە هێرشکردنە سەر سەربازگەکان

### توانای سەربازیی سوپای تورکیا



# نەخۆشییەکی مەترسیدارتر لە ئایدز هەڕەشە لە کوردستان دەکات

**وەزارەتی تەندروستی:** ڕێژەی تووشبووان بەم نەخۆشییە کەمترە لە 1%

**پزیشکێک:** ڕێژەی تووشبووان لە کوردستان لەنێوان 3 تا 5%دایە

**سەروەر سالار**
**رووداو - سلێمانی**

هەوکردنی ڤایرۆسیی جگەر بووەتە بەڵایەکی جیهانی و ملیۆنان کەسی گیرۆدە کردووە و ساڵانە سەدان هەزار کەس دەکوژێت، کوردستانیش بەهۆی چەندین هۆکار و پاڵنەری جیاواز ئێستا لە مەترسییەکی زیاتردایە، پزیشکەکان دەڵێن ڕێژەی تووشبوون بە نەخۆشییەکە زۆر لەوە زیاترە کە وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاندووە.

## پێنج جۆری هەیە

**پێنج جۆر هەوکردنی ڤایرۆسیی جگەر هەیە:** جۆری A و D کە بە ڕێگەی خۆراک دەگوازرێنەوە، نابنە حاڵەتی درێژخایەن و خۆبەخۆ چاک دەبنەوە. جۆری E کە بە ڕێگەی خوێنەوە دەگوازرێتەوە، بە دەگمەن بە تەنیا تووشی کەسێک دەبێت، بەڵکو لەگەڵ جۆری B پێکەوە تووشی خەڵکی دەبن.

ئەوەی جێی مەترسییە، بریتییە لە جۆرەکانی B و C کە دەبنە نەخۆشیی درێژخایەن و ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێن و ڕێوشوێن لەدژیان نەگیرێتەبەر، ئەوە هەم پەککەر و کوشندەن، هەم لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێنەوە.

## جۆرە مەترسیدارەکانی

### جۆری B:

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ئێستا لەسەرانسەری جیهاندا 240 ملیۆن کەس تووشی نەخۆشیی درێژخایەنی هەوکردنی جگەریی لەم جۆرە هاتوون، ساڵانەش 780 هەزار کەس بەم نەخۆشییە دەمرن.

ئەم جۆرە ڤایرۆسە چارەسەری بنبڕی نییە، بەڵکو دەبێت وەک هەر نەخۆشییەکی درێژخایەن بە دەرمان کۆنترۆڵ بکرێت. ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوا ڕەنگە ببێتە هۆی پەککەوتنی جگەر و تووشبوون بە شێرپەنجەی جگەر. ئەمجۆرەیان ڤاکسینی هەیە، ئەگەر خۆت بکوتی، تووشی نابیت.

### جۆری C:

ئێستا 130 ملیۆن کەس لەسەر ئاستی جیهان نەخۆشیی درێژخایەنی هەوکردنی جگەری جۆری C یان هەیە و ساڵانە نیو ملیۆن کەس بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە دەمرن. ئەم نەخۆشییەش لەوانەیە لە سەرەتاوە هیچ نیشانەیەکی وەک بێهێزی و تای نەبێت، دواتر دەبێتە هۆی زەردوویی و پاشان پەککەوتنی جگەر و ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی جگەر زۆر زیاد دەکات. ئەم جۆرەیان ئێستا چارەسەری هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا ڤاکسینێک نییە ڕێگا بگرێ لە تووشبوون بەم نەخۆشییە.

## "لە کوردستان ڕێژەکە لە 1% کەمترە"

ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی لەبارەی ئەو ڤایرۆسە لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەریدەخات کە نەخۆشییەکە لە هەڵکشان و داکشاندایە. لە ساڵی 2011دا 1360 کەس تووشی جۆری Bبوون، 260 کەسیش تووشی جۆری C بوون، بەڵام لە ساڵی ڕابردوودا 2016 کەس تووشی جۆری B بوون و 347 کەسیش تووشی جۆری C بوون.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئامارەدا، د.خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەڵێ "سێ ئاستی بەربڵاویی ئەم نەخۆشییە هەن، ئێمە لە ئاستە هەرە نزمەکەی تووشبووندایین و کەمتر لە 1%ی هاووڵاتیان تووشی هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر بوون".

بەپێی ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ئەگەر کەمتر لە 2%ی دانیشتووان تووشی نەخۆشییەکە بوون، ئەوە بڵاوبوونەوەی لە ئاستێکی نزمدایە، 2-8% ئاستی مامناوەندە و لە 8% زیاتریش ئاستی بەرزە.

## "3 تاوەکو 5%ی دانیشتووان تووشی بوون"

بەڵام پزیشکان پێیانوایە هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر لە کوردستان لەوە بڵاوترە کە وەزارەت باسی دەکات. د.هیوا ئەبوبەکر هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە نەخۆشییەکانی هەرس و جگەر بە (رووداو)ی گوت "ڕێژەی تووشبووان لە کوردستان زۆر لەوە زیاترە و دەگاتە 3-5%. ژمارەیەکی زۆری خەڵکی تووشبوو دەستنیشان نەکراون، یاخود تۆمارنەکراون. ئەوەی وەزارەت زیاتر چەند چینێکی دیاریکراون کە پشکنینیان بۆ دەکرێت وەکو ڕۆتین".

د.فەرهاد مەجید، سەرۆکی بەشی هەوکردنی جگەر و ئایدز لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیی سلێمانی قسەی ئەو پزیشکە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "ئەو ئامارەی وەزارەت تەنیا لەسەر بنەمای ئەو کەسانەیە کە پشکنینان بۆ کراوە و بە ڕێکەوت دەستنیشان کراون. ئاماریش لەسەر ئەم بنەمایە ناکرێت بەڵکو لەسەر بنەمای توێژینەوەی پزیشکی دەکرێت، دەبێت نموونە لە چینە جیاوازەکان وەربگیرێت، ئەوەش لە کوردستان نەکراوە".

## ددانسازەکان دەیگوازنەوە

سەبارەت بە ڕێگای سەرەکی گواستنەوەی نەخۆشییەکە لە کوردستان، د.خالس قادر دەڵێت "پێمانوایە کلینیکەکانی ددانە، چونکە زۆربەی تووشبووەکان دەڵێن سەردانی ئەو کلینیکانەیان هەیە، هەرچەندە هۆکارەکانی دیکەش وەک خوێن و سێکس و ئامرازی تیژی ببڕ وەک دەرزی، هەر کردارێکی پزیشکی گەورە و بچووکیش هۆکارن".

بۆیە دکتۆر خالس دەڵێت ئێستا بڕیاریان داوە هەر کەسێک سەردانی پزیشکی ددان بکات بە مەبەستی چارەسەری ددان، دەبێت پشکنینی ڤایرۆسیی پێبێت کە دەریبخات هەڵگری ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر نییە.

## لە ئایدز مەترسیدارترە!

د.هیوا دەڵێت سەرنجی زەقی وەزارەت سەبارەت بە نەخۆشییە گوازراوەکان نەخراوەتە سەر هەوکردنی جگەر و تەنانەت هێندەی ئایدز گرنگیی پێ نەدراوە، لەکاتێکدا زۆر بەربڵاوترە و هەمانکات پەککەر و کوشندەشە و وەکو ئایدزیش دەگوازرێتەوە "ئەم تووشبووانە ئەگەر هەر زوو دەستنیشان نەکرێن و چارەسەر نەکرێن، ئەوە ژمارەیەکی زۆریان تووشی پەککەوتنی جگەر و شێرپەنجەی جگەر دەبن، ئەوەش ئەو کەسانە لەکاردەخات و دەبنە بارگرانییەکی زۆر بەسەر کۆمەڵگە و سیستمی تەندروستییەوە و تێچوویەکی خەیاڵییان دەوێت".

پزیشکە پسپۆڕەکە داوا لە حکومەت و میدیا دەکات کە هۆشیاری زۆرتر بۆ خەڵک بڵاوبکەنەوە، چونکە ڕێگری لەم نەخۆشییە زۆر ئاسانترە لە چارەسەرکردنی. وەک باسیشی دەکات، هۆشیاریی سێکسی وەکو بەکارهێنانی کۆندۆم، دڵنیابوونەوە لە تەندروستیی کەسی بەرامبەر لەکاتی سێکسدا لەو بنەما سادانەی هۆشیاریی سێکسییە کە ژمارەیەکی ئێجگار سنوورداری خەڵکی کوردستان لێی ئاگادارن "ئەو هەموو گەنجەی دەچنە دەرەوە ژمارەیەکیان بەبێ هیچ هۆشیارییەکی سێکسی لەگەڵ جۆرەها کەس سێکس دەکەن، کێ هۆشدارییان پێدەدات سەبارەت بە مەترسیی ئەو کارەیان؟ چەندیان لەگەڵ گەڕانەوەیاندا ڤایرۆسەکە لەنێو جەستەیان دەهێننەوە و بەجۆرەها ڕێگە بۆ دانیشتووانی هەرێمی دەگوازنەوە".

## کۆنترۆڵکردنی ئاسانە


د.فەرهاد مەجید دەڵێت گواستنەوەی هەوکردنی جگەر دیارە و ڕێگاکانی تووشبوونی ڕوونە. بۆیە نابێت تووشبووەکان تووشی جیاکاری ببنەوە "لە ڕێگەی خواردن و خواردنەوە لەگەڵ تووشبووەکان و تەوقەکردن لەگەڵیان و دانیشتن و پەیوەندییە ئاساییەکان لەگەڵیان ناگوازرێتەوە".

هەروەک مەرج نییە تووشبوونی یەکێک لە ژن و پیاو مانای کۆتاییهاتنی ژیانی هاوبەشی سێکسییان بێت "ئەگەر یەکێکیان هەوکردنی جۆری B هەبوو، ئەوەی دیکەیان دەتوانێ لەدژی نەخۆشییەکە خۆی بکوتێ. ئەوانەش کە جۆری C یان هەیە، ئەگەر بە باشی دەرمانەکانیان وەربگرن ئەوا زۆر ڕێی تێدەچێ ڤایرۆسەکە بە تەواوی لەنێو جەستەیان بکرێتە دەرێ و بە پشکنین دەسەلمێنرێ کە چاکبوونەتەوە، دوای ئەوە هیچ مەترسییەک نامێنێ لە ئەنجامدانی سێکس.

## تووشبووان چییان بۆ دەکرێ؟

کاتێک کەسێک دەستنیشان دەکرێت کە هەڵگری ڤایرۆسی هەوکردنی جگەرە، سەرەتا ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی دەکرێت. لەوێ ڕێنمایی پێویستی لەبارەی نەخۆشییەکە پێدەدرێ. هەروەها ئەندامانی خێزانەکەی بانگ دەکرێن و ڕێنمایی دەکرێن. ئەگەر لەو جۆرە بوو کە ڤاکسینی هەیە، کوتانیان بۆ دەکرێت. پاشان کەسی تووشبوو ڕەوانەی سەنتەری هەرس و جگەر دەکرێت تا بەپێی جۆری هەوکردنەکەی و قۆناغەکەی چارەسەر بکرێ، کە لەوانەیە تەنیا بە دەرمان کۆنترۆڵ یان چارەسەر بکرێ.

سەبارەت بەو دەرمانانەی لە کوردستان بە نەخۆشانی هەوکردنی جگەر دەدرێت، د.هیوا دەڵێت "چارەسەر و دەرمانمان هەن و بە نەخۆشەکانیان دەدەین، بەڵام چارەسەری زۆر پێشکەوتوو بەهۆی زۆری نرخەکەی، هێشتا لەلای ئێمە دەستناکەوێت. بۆ نموونە دەرمانی دژەڤایرۆس هەیە بۆ کۆرسێکی سێ مانگی 80 هەزار دۆلاری دەوێ بۆ هەر نەخۆشێک، کە ئەوە گرانە و سەختە بتوانین بۆ ئەو هەموو نەخۆشەی بکڕین".




### وەزارەت چی کردووە؟

**دکتۆر خالس باسی هەنگاوەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم نەخۆشییە، کە بریتین لە:**


- پشکنین بۆ بیانییەکان و شاندکراوەکان دەکرێت و هەڵگرانی ئەو ڤایرۆسە مافی مانەوەیان نادرێتێ
- پشکنین خوێنی بەخشەر و وەرگر.
- کرێکارانی سەرتاشخانە و سالۆن و مەساج پشکنینیان بۆ دەکرێت.
- لە پرۆگرامی کوتان پێکوتەی هەوکردنی جگەر دەدرێتە هەموو منداڵێک.
- ڕێنمایی توند بۆ شوێنەکانی تاتۆکردن دانراوە چونکە تاتۆش هۆکارێکە.
- ڕێنمایی تایبەت بە سەرتاشخانە و سالۆنەکان هەیە بۆ پێشگیری لەو نەخۆشییە.
- بەبێ پشکنینی ڤایرۆسی جگەر، پزیشکی ددان نابێت چارەسەری ددان بکات.

### کێ ئەگەری تووشبوونی زیاترە؟

**لە ماڵپەڕی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیدا هاتووە، ئەم چینانە ئەگەری تووشبوونیان بە هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر زیاترە**

- ئەوانەی زوو زوو خوێنیان بۆ دەگوازرێتەوە.
- ئەوانەی شووشتنی گورچیلەیان بۆ دەکرێ.
- ئەوانەی کەسێکی نزیکیان تووشبووە و لە نزیکەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.
- ئەوانەی دەرزی و نیدڵی خەڵکی بەکاردێنن، وەک ئاڵوودەبووانی ماددەی هۆشبەر.
- ئەوانەی لەگەڵ چەندین کەس سێکس دەکەن.
- پزیشک و کارمەندانی پزیشکی بەهۆی سروشتی پیشەکەیانەوە.
- ئەوانەی گەشت بۆ ناوچەیەک دەکەن کە نەخۆشییەکە تێیدا بەربڵاوە، بەتایبەت ئەگەر سێکس لەگەڵ خەڵکی ئەوێ بکەن یان خوێنیان بۆ بگوازرێتەوە.

### ئاماری تووشبووانی کوردستان بە دوو جۆرە مەترسیدارەکە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا:






**دکتۆر ئیکرام حوسێن**

# پزیشک و دەرمان و بەرتیل

کاتێک چوویتە لای پزیشکەکە و گەڕەکت بوو باسی توانا و ئاستی زانستی و کارایی دەرمانەکەتی بۆ بکەی، ئەگەر پزیشکەکە گوتی چیم بۆ دەکەیت دەرمانەکەت بۆ بنووسم، ڕاستە و ڕاست شتومەکەکانت کۆدەکەیتەوە و دەیانخەیتەوە نێو جانتاکەت، ئینجا پێی دەڵێی فەرموو جەنابی دکتۆر چیت دەوێ؟ با ڕێکبکەوین.

ئەوەی گوتم لە یەکێک لە وانەکانی ڕاهێنانێکی نوێنەرانی کۆمپانیاکانی دەرماندا گوترابوو لە هەولێری پایتەخت.

کاتێک بەرتیل هاتە گۆڕێ، ئیتر زانست و کواڵیتی و شێوازی کارکردنی دەرمان دەخرێتەوە نێو جانتا و ئینجا پارە و ئایفۆن و ئایپاد و ماک و کەوانتەری نێو ماڵ و تۆیۆتا کامری و نیسان سەنی و کرێی گەراج و کرێی عیادە بڕیار دەدەن لە دیاریکردنی دەرمان.

زۆرن دەڵێن پزیشک مافی خۆیەتی بزنس بکات، منیش هەر وا دەڵێم، بەڵام هەرگیز پزیشک مافی ئەوەی نییە بەرتیل وەربگرێت، پێناسەی بەرتیلیش خۆ ئاشکرایە، وەرگرتنی شتێکە لە پێناو کردنی شتێکدا.

زۆرن دەڵێن پزیشک و دەرمانخانەکان، یان تاقیگەکان برابەشن، لە ڕاستیدا من ئەوەم پێ ئاساییە، لەبەر ئەوەی یاساییە، ئەگەرنا لە ڕووی کولتوور و مرۆڤایەتی و بەهای بەرزی زانستی پزیشکی و گەورەیی پەیامەکەیەوە هەرگیز جوان نییە، بەڵام پزیشک مافی خۆیەتی ئاپارتمانێکی هەبێت، لە نێو بیناکەشدا، تاقیگە و دەرمانخانەی هەبن، بەڵام بەدڕەوشتی ئەوەیە پزیشک لە پێناوی فرۆشتنی دەرمانی نێو دەرمانخانەکەیدا دەرمانی ناپێویست بنووسێ، هەروەها پشکنینی ناپێویست بە نەخۆشەکانی بکات بۆ دۆزینەوەی کار بۆ تاقیگەکەی.

بیستم گوتیان خاوەن تەلارێک، ئۆتۆمبێلێکی کامری بۆ پزیشکێک بە دیاری کڕیوە بۆئەوەی نۆڕینگەکەی لەنێو تەلارەکەی ئەوە بکاتەوە، لە ڕاستیدا من زۆر لام نائاسایی نەبوو، لەبەر یەک هۆکار، ئەویش ئەوەیە لەو نێوەندەدا نەخۆش یان هاونیشتمانی زیان ناکات، پزیشکەکە شوێنکارێکی دەستدەکەوێت و خاوەن تەلارەکەش، کار بۆ شوێنێکی تەلارەکەی دەدۆزێتەوە، بەڵام وەرگرتنی بەرتیل و بەخشیش لە پێناوی نووسینی دەرماندا، گەورەترین زەرەرمەند تێیدا نەخۆشە.

کۆمپانیاکانی دەرمان ڕاهێنانی تایبەت بە نوێنەرەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی فێری چۆنێتی ڕێککەوتنیان بکەن لەگەڵ پزیشکاندا، پزیشکانیش پێش هاتن یان بینینی نوێنەرەکان، مورادی دڵی خۆیان ئامادە کردووە، گەشتێک بێت بۆ مانگی هەنگوینی، یان بینینی وڵاتێک بێت کە نەیبینیوە لە وەرزی پاییزدا، یان لاپتۆپێک بێت، یان هەر نەبوو مۆبایلێکی ئایفۆن، بەڵام شەش ئێسەکەی کە هات.

نوێنەرێک گوتی ئەو کاتانەی کۆمپانیا ئایفۆن و ئایپاد و سەفەر دابین دەکات، ڕێژەی فرۆشتنمان دەفڕێت.

هەموو پزیشکان نین بەرتیل دەخۆن، هەندێکیان پشت بە زانستی خۆیان و توێژینەوەکان دەبەستن بۆ بڕیاردان لەسەر جۆر یان کۆمپانیای بەرهەمهێنەری دەرمان، هەندێکیان ئامادە نین نوێنەری کۆمپانیاکانی دەرمان هەر ببینن، هەندێکیشیان دەیانبینن و داوای بەرتیل ناکەن.

کاری پزیشک پێش ئەوەی بزنس بێت، کارێکی مرۆڤانەیە، ڕەوشت و زانست لە بواری پزیشکیدا، هەرگیز بوار بە وەرگرتنی بەرتیل نادات، تاکە پێوەر بۆ دیاریکردنی دەرمان، تەنها و تەنها زانستە.

هاونیشتمانی بەڕێز، گۆڕینی کۆمپانیای دەرمان مافی خۆتە، هەرگیز دوودڵ مەبە لە گۆڕینی، کاتێک دەڕۆیتە دەرمانخانەکان و ڕەچەتەی پزیشکت پێیە، داوای زانیاری بکە لەسەر باشترین کۆمپانیا و باشترین نرخ کە لەگەڵ ژیان و گوزەرانتدا دەگونجێت.

رووداو
هەمەجۆر
ژمارە (375) دووشەممە 2015/9/14




## 73 # لە BBCیە

**هیوا سەلاح/ رووداو- دهۆک**

فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری کوردی بۆ فێستیڤاڵی فیلمی دۆکیۆمێنتاری BBC داوەت دەکرێت و بەشداری پێشبڕکێی وەرگرتنی خەڵاتی فێستیڤاڵەکە دەکات.

فیلمی 73 #ی دەرهێنەری کورد رێکێش شــەهباز کە باس لە پێشـــمەرگەیەک دەکات، لە فێســـتیڤاڵی BBC وەرگیراوە. رێکێش بە (رووداو)ی گوت "بڕیارە رۆژی 2015/10/30 لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا فێستیڤاڵی ساڵانەی BBC بۆ فیلمی دۆکیۆمێنتاری بەڕێوەبچێت، فیلمەکەی منیش یەکێک دەبێت لەو فیلمانەی کێبڕکێی وەرگرتنی خەڵات دەکات". رێکێش گوتیشـــی "فیلمەکەم لە چەندین فێســـتیڤاڵی دیکەی نێودەوڵەتی وەکو بەرازیل، ڤییەنا و ئیســـتۆنیا نمایش کراوە، هەروەها بۆ یەکەمجاریش لە فێستیڤاڵی فیلمی دهۆک نمایش دەکرێت".

# ئەڵمانییەک ستێری برد



**رووداو- AFP**

کچە میدیاکاری کورد ستێر حەکیم شوو بە گەنجێکی ئەڵمانی دەکات و بەشـێک لە ئاهەنگـی هاوژینییەکەیان لە قەڵای هەولێر تۆمار دەکەن.

سـتێر حەکیـم کە خەڵکـی رۆژئـاوای کوردستانە و ئێستا لە باشووری کوردستان نیشـتەجێیە، هەفتـەی رابـردوو ئاهەنگی هاوژینـی لەگەڵ گەنجێکی ئەڵمانی بەنێوی کارسـتن شـرۆیدەر سـازکرد و بەشێک لە ئاهەنگەکەیـان گواسـتەوە بۆ نێـو قەڵای هەولێـر و لەوێ ئەلبوومێکی وێنەیان تۆمار کرد.

سـتێر لـە تەلەڤزیۆنـی (رووداو) بـە هاوبەشـی لەگـەڵ رۆژان ئەبوبەکـرد بەرنامەیەکـی کولتووریيـان بەنێوی "رۆژان و سـتێر" پێشـکەش دەکـرد، ئێسـتاش پەیامنێری کەناڵی جەزیـرەی قەتەرییە لە هەرێمی کوردستان.

(فۆتۆ: AFP)



# لە دهۆک رەشەبا بەرهەم دێت

**هیوا سەلاح**
**رووداو- دهۆک**

فیلمێکـی سـینەمایی بەنـاوی رەشـەبا لە شـاری دهـۆک دێتـە بەرهـەم کـە ناوەڕۆکەکەی بـاس لە ژیانی گەنجێکی ئێزدی دەکات.

رێکیش شـەهباز، پاڵەوانی فیلمەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "فیلمەکە چیرۆکـی گەنجێکـی کـوردی ئێـزدی دەگەڕێتـەوە کـە پێـش هاتنـی داعش دەزگیراندار بووە، بەڵام چەکدارانی داعش دوای ئەوەی شـارۆچکەی شنگال داگیر دەکـەن، دەزگیرانی گەنجەکە دەڕفێنن، ئەم کارەسـاتەش بۆ ئەم گەنجە دەبێتە دوو کارەسـات، بەگشتی فیلمەکە باس لـە کۆمەڵکوژیی کوردی ئێـزدی دەکات لەسەر دەستی چەکدارانی داعش".

فیلمەکـە لـە دەرهێنانی حوسـێن حەسـەنە و ریکێش شـەهباز، پاڵەوانی فیلمەکەیـە. بەڕێوەبـەری بەرهەمیـش محەممـەد ئەکتاشـە. فیلمەکـە بـە سەرپەرشتیی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای دهۆک بەرهەم دێت.

# بەزەلە کۆچ دەکات



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان فەرهاد بەزەلە گۆرانییەک بە زمانی فارسی و بە ئاوازێکی تورکی لەسەر کۆچبەران بڵاودەکاتەوە.

فەرهـاد بەزەلـە کە نیشـتەجێی ئەڵمانیایە و خاوەنـی چوار کەناڵی ئاسـمانییە بـە (رووداو)ی گـوت "لە چەند رۆژی رابـردوودا کۆتاییم هێنا بـە نوێترین کلیپـی گۆرانیم بەنـاوی (NAZAR KHODA) کە گۆرانییەکی فارسـییە". گوتیشـی "ئاوازی گۆرانییەکی هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیسەسم بۆ گۆرانییەکە بەکارهێناوە".

گۆرانییەکەی بەزەلە باسـی رەوشـی ئێستای کۆچبـەران دەکات و تەرکیزی خسـتووەتە سـەر کۆچی دوو عاشق.

# هانی دیموکراسیخوازە

**رێکەوت سەلام**
**رووداو – هەولێر**

خانمـە گۆرانیبێـژ هانـی خەریکـی بەرهەمهێنانـی گۆرانییەکـە بۆ دیموکراسـی و لـە داهاتوویەکی نزیکدا کلیپی بۆ دەکات.

هانـی بـە (رووداو)ی گوت "سـەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکم بەناوی دیموکراسی کە ناوەڕۆکەکەی رەخنە لە جیهانێک دەگرێت شـەڕ و کوشـتار هیلاکی کردووە. جیهانێک لە سایەی سەرمایە و ئاین و پیلانی نامرۆڤانەوە نابووت بووە".

هانی زیاتر باسی ناوەڕۆکی گۆرانییەکەی کرد و گوتی "ئەمە کارێکی دژە شـەڕە کە فۆکسـی زۆرتری لەسـەر منداڵانـە، منداڵانێک کە دەبـێ ئایندەی ئەو زەوییە بن، کەچی دەبنە قوربانیی بازرگانی و شەڕ".

گۆرانی دیموکراسـی لە تێکسـتی حەمید شـەریفە، مەجیـد کازمـی ئـاوازی بـۆ دانـاوە و دابەشـکردنی میوزیکیشـی بۆ کردووە. هانی بڕیـاری داوە لە هۆڵەندا کلیپێک بۆ گۆرانییەکە بکات.



(فۆتۆ: فەرزین حاسەن)

# لاوژە دەیلاوێننەوە

**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

گرووپـی میوزیکـی لاوژەی باکووری کوردسـتان ئەلبوومێکـی نـوێ لە گۆرانـی و لاوک و حەیرانۆکی ناوچەی گەڤەر بڵاو دەکەنەوە.

عەلی ئەمیـر، ئەندامی گرووپەکـە دەربارەی ئەم ئەلبوومە بە (رووداو)ی راگەیاند "دووەمین ئەلبوومی گۆرانی و میوزیکی رەسـەنی کوردی بڵاودەکەینەوە، کـە ئەلبوومـی یەکەم بەناوی سـەلیقە بـوو، بەڵام ئەلبوومـی ئەمجارە لە 20 تراک پێکهاتووە و هەموو گۆرانی و لاوکەکانی ناوچەی گەڤەری تێدایە".

عەلی گوتیشـی" گرووپەکەمان تەنیا کار لەسـەر فەرهەنـگ و کولتـوور و هونـەری رەسـەنی کوردی دەکەین، دەمانەوێت ئەو گۆرانی و لاوک و حەیرانۆک و مقامانـەی ناوچەی گەڤەر زینـدوو بکەینەوە، ئەم ناوچەیـە دەکرێت بڵێین دەوڵەمەندترین شـوێنە بۆ میوزیـک و گۆرانی، لەبـەر ئەوەی هیچ کاریگەریەکی نوێگەری و ستایلی بیانی لەسەر لاوک و گۆرانی ئەو ناوچەیە نەبووە".



# رەند گۆرانی بۆ مەرگی ئالان دەڵێت



**نالین بەرواری**
**رووداو- دهۆک**

رەند رێبەر روشدی کە هەمیشە بە گۆرانییەکانی خەندە دەخاتە سەر لێوی منداڵان، ئەمجارە گۆرانییەک بۆ مەرگی منداڵانی کورد بە تایبەتی ئالان دەچڕێت.

رێبەر روشدی باوکی رەند دەربارەی ئەم گۆرانییە بە (تۆڕیی میدیایـی رووداو)ی گوت "رەنـد دەیەوێت لە رێگای گۆرانییەوە پەیامـی منداڵانی کوردسـتان بـۆ نەتـەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانـی زلهێـزی جیهـان بنێرێت، تێیدا باسـی ئەو نەهامەتییە و ئاوارەبـوون و زوڵم و زۆرداریيە دەکات کە رۆژانە دووچاری منداڵانی کوردسـتان دەبێتەوە. گۆرانییەکەش بە زمانی ئینگلیزی گوتراوە".

ئاواز و تێکسـتی گۆرانییەکە لەلایەن هونەرمەند بێـوار محەممەد ئەمین ئامادەکراوە و دابەشـکردنی میوزیکیـش لەلایـەن محەممەد زەکییـەوە کراوە. باوکی رەند لەسـەر ئەرکی خۆی ئەم گۆرانییەی تۆمارکردووەو لەسەر ئەرکی خۆشی کلیپێکی بۆ کردووە.

# سپۆنسەر مەلەکی راگرتووە



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی کورد مەلەک رۆژهـات، دوای بڵاکردنـەوەی ئەلبوومێکـی گۆرانـی، بەنیازە چەند گۆرانییەکی نیشـتیمانی تۆمـار بـکات، بـەڵام دەڵێـت پێویستی بە سپۆنسەرە.

مەلـەک رۆژهات بە (رووداو)ی راگەیانـد "چەند بەرهەمێکی نیشـتیمانیم ئامادەیـە، جگـە لـەوەش سـوپرایزێکم هەیـە و بەنیـازی دوێتـم لەگـەڵ گۆرانیبێژێکـی بەناوبانگـی کورد، بەڵام نەبوونی سپۆنسەر کارەکانی وەستاندووم".

مەلـەک رۆژهات کە خەڵکی باکـووری کوردسـتانە، دەڵێت بەهۆی گۆرانییەکانیەوە چەندین جـار لەلایـەن بەرپرسـانی دەوڵەتەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ کـراوە و زیندانی کـراوە، بەڵام دەڵێـت زینـدان لـە کارەکانی ناوەستێنێ، ئەگەر ئەمجارەش دەسـتگیری بکـەن، گۆرانییە نیشـتیمانییەکان هـەر تۆمـار دەکات.

مەلەک ئاشکرای کرد تاوەکو ئێسـتا چەندیـن هونەرمەندی تـورک داوایـان لێکـردووە دوێتیان لەگەڵ بکات، بەڵام ئەو رەتیکردووەتەوە.

# بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ

لەم هەفتەیەدا هەوڵێکی زەحمەت لە کارەکەت دەدەی و ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنی. باری دارایی بە قورسی دەمێنێتەوە. بە وریایی مامەڵە لەگەڵ چواردەورەکەت بکە نەوەک پەیوەندیتان گرفتی تێبکەوێ.

### گا

ئەرکەکانی سەرشانت زۆر بوون، هەڵمەتێک بۆ ئەنجامدانیان بکە، دەسـکەوتێکی دارایی هەندێک گرفت چارەسەر دەکات. لەلایەن کەسێکی ئازیزەوە زانیاری بەسوودت دەستدەکەوێ یان رێنماییت دەکات لە بابەتێک.

### دووانە

ئەگـەر هەوڵەکانـی رابردوو ئەنجامـی نەبوو، پشوویەک بدە و پاشان بە شێوازێکی نوێ هەوڵی بـۆ بدە. هەر شـتێک وادەی دیاریکراوی هەیە و دوای مەخە وەک دیداری کار یان پێدانی پارە.

### قرژاڵ

بـەوردی هەنگاو بۆ کارەکانت بنێ و رێگە مەدە دوابکەون بۆ کاتێکی زیاتر. خەرجی کەم بکەرەوە و هیچ پێویسـتییەکی نوێ مەکـرە کـە پارەی زۆری پێویسـت بێت. کاتێکـی باش نییە بۆ خۆشەویستی یان پەیوەندیی نوێ.

### شێر

حـەزت بۆ سەرکێشـی زیاد دەکات، بۆیە ئـاگادار بەو سـەلامەتی گرنگترە لە خۆدەرخسـتن. بـاری دارایی بەو کتوپڕییـە بـاش نابێت کە چاوەڕوانـی دەکەیت، بەڵام لە ماوەیەکی درێژدا زۆر باش دەبێت.

### فەریک

سوود لە رێنمایی هاوڕێ نوێیەکانت وەردەگری، بەو شـتانە خەمبار مەبە کە ناتوانی چارەسەریان بکەیـت. ئـەو بابەتەی بیـری لێ دەکەیتـەوە لە قازانجت تەواو دەبێت ئەگەر خۆڕاگر بیت.

### تەرازوو

ناتوانی متمانە بە بەڵێنەکان بکەیت، باشـترین چارەسـەر خۆڕاگری و بەردەوامییە. خۆت سـەرقاڵ مەکە بە وەڵامی ئەو پرسـیارانەی لە خەیاڵتدا دروسـت دەبن، پرسیار بکە وەڵامی گونجاو وەردەگریت.

### دووپشک

بەهۆی بیرکردنەوەی هێمن و گونجاو کارەکان ئاسانتر بەڕێوە دەچن و چەند گرفتێک چارەسەر دەکەیت. بەماوەیەکی کەم چەند کارێکی کۆن بە سەرکەوتووی ئەنجام دەدەی.

### کەوان

دوودڵ مەبە هونەرێکی باشـت هەیە لە بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەمـان هونەری پەیوەندی بـۆ کارەکانت بەکاربهێنە پاشان دەبینی کارەکانت باشتر دەبن.

### گیسک

دووبارەبوونەوەی زۆر بێزارت دەکات، مامەڵەکردن لەگەڵ بێگانە هەستێکی خۆشتان پێ دەبەخشێ. گرنگی زیاتر بە مـاڵ و خێزان بدەن، چونکە پشـتیوانیی ئەوان گرنگە بۆ کارەکانی داهاتووتان.

### سەتڵ

کاتێکی باشـە بۆ دەسـکەوت و دارایی، لەم ماوەیەدا بیر لە دەسـت لەکارکێشـانەوە و گۆڕینی کار مەکەرەوە بەڵکو کارەکان بەشێوەیەکی باشتر و ئاسانتر بە ئەنجام بگەیەنە. سەبرگرتن خۆشیی گەورە دەهێنێ.

### نەهەنگ

بێویسـتتان بەگەڕان و دیداری نوێ هەیە بەتایبـەت ئـەو کاتانـەی لە ماڵدا هەسـت بەئاسوودەیی ناکەن. بەهیچ شێوەیەک باش نییە لەم هەفتەیەدا بڕیار لەسەر ئازیزانتان و خۆشەویستەکانتان بدەن.

# کورتە گەشتێک بەنێو زەوییەکانی مەلا نووری حەساریدا



بەسام مستەفا

مەلا نووری حەساری (پەرێشان) 1934-2011 یەکێک بوو لە هەڵبەستڤانە کلاسیکەکانی کورد، کە شیعرە کێش و سەرواداراەکانی بە زمانێکی روون و رەوان دەهۆنینەوە، یەکێک لە بەرهەمە ناودارەکانی پەرێشان دیوانەکەیەتی بەنـاوی "زەوییەک گازیـدان- Zeviyek Gazîdan" ئەو شیعرانەی کە لەتوێی ئەو دیوانەدان، لە باخێکی رەنگینی گـوڵان دەچن، هەر شـیعرێک بـۆن و بەرامەی تایبەت و چێژی تایبەت بە خۆی هەیە.

باخچـە و زەوییەکـەی مەلا نـووری بـە ئەڤینداری، نیشتمانپەروەری، خۆشەویستیی وڵات خەملاون، چونکە مـەلا نووری لەو بـوارەدا لە رامان و تێما گشـتییەکانی هەڵبەستێن کلاسیکا کوردی دەرناچێت و بگرە هەوڵ دەدا بە زمانێکی روون و رەسـەن هەستەکانی خۆی بەرامبەر خاک، زمان و مێژووی کورد و کوردستان نیشان بدات. مەلا نووری حەساری، لەدیوانەکەیدا "زەوییەکە گازیدان" کە بە سۆرانی واتە: زەویی بە هاوار، لە دژی کول و دەردی گەل و وڵاتەکەی دەوەستێتەوە و باسی پارچەبوونی کوردستان دەکات، مەلا نووری هەوڵ دەدا ئازاری پارچەبوونی وڵات بۆ نەوەکانی گەلەکەی ئەرشیف بکات، بۆ ئەوەی منداڵان و نەوەی نوێی کورد ئاگاداری ئەو ئازارە سـەمەرەیە بن، بەتایبەتی لە یەکەم هەڵبەستی دیوانەکەیدا "هاوارێکی بە گلەیی" دڵنیایی دەداتە گەلەکەی کە کورد هیچ کەسێکی جگـە لە خـۆی نییە و باس لە غـەدداری نەیارانی کورد دەکات.

هەڵبەسـتڤان ئەوە نیشـان دەدات کە نەیارانی گەلی کورد لەسەر هەموو شتێک ناکۆکن، بەڵام کاتێک مژارەکە دەبێتـە کورد، هەموو ناکۆکی و جیاوازییەکانیان دەدەنە لایەک و لەسەر دوژمنایەتیکردن و چەوساندنەوەی گەلی کـورد دەبنە یەک. مەلا دەیـەوێ بە گەلەکەی بڵێ نەک تەنـێ عـەرەب و تـورک و فـارس ناهەقـی بەرامبەر بە کورد دەکەن، بەڵکو دەوڵەتە گەورەکانی وەک بەریتانیا، فەرەنسـا، چین، رووسـیا و ئەمریکاش هەمیشـە کورد دەچەوسێننەوە و تەنیا بەپێی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەجوڵێنەوە و درۆی گەورە بە ناوی مرۆڤایەتی و پاراسـتنی مافەکانی مرۆڤەوە دەکەن، بەڵام لەراستیدا و بەگوێرەی مێژووی دوور و نزیک، هاودەستی ستەمکارانی سەر گەلی ئێمەن:

Çar dijminê Kurda hene
Bê derfe û bê ewle ne
Her çar ji bo hev dijmin in
Lê bê ser û bext û bin in
Rûs carekê dostê me bû
Ta ku derî jê re vebû
Bextê Emêrka bû rizî
Destê me berda bi dizî
Îran û Iraq bûne yek
Kurda nema rahişte çek.

لە هەڵبەسـتی "کەی ئێمە خاوەنێکمان دەبێت" مەلا نووری گلەیی و گازندە لە فەلەک و قەدەری دژواری گەلی کورد دەکات و بانگ لە سەرکردەکانی کورد دەکات کە لە قوڵایی مێژوو بێنە دەرەوە و تەماشای حاڵی پەرێشانی ئێستای گەلی کورد بکەن. ئەو بانگ لە کاوەی ئاسنگەر، فەرهاد، شێرکۆ، مەلای جزیری، شاهی بەدرخان، قازی محەممەد و مەلا مستەفا بارزانی دەکات کە بێن و گەلەکەیان رزگار بکەن.

پێموایـە پەرێشـان ئەوەی زانیـوە کە یەکێک لـە هۆکارە سـەرەکییەکانی ئەوەی کورد کەوتووەتە ئەو رەوشەوە، ئەوەیە کە یەککگرتوویی لەنێو کورددا نییە! چونکە گەلی کورد هەمیشە لەنێو ناکۆکیـدا ژیاوە و نەیانتوانیـوە ئامانجە نەتەوەییەکانی بخاتە سەرووی ناکۆکی و جیاوازییەکانی خۆیەوە.

Ma kurd çi kir hûn her dema
Hew çend li ser wan bûne har
Tiştek bi zor naçî serî
Hûn zanibin bêkar e dar
Hey dewletê hawîr cîhan
Ma hûn ji bo Kurda tenê
Çav û guha asê dikin
.Sîngê dikin textê çenê

مەلا نووری لە هەڵبەسـتی "کورد لەزووەوە ناسـراوە Kurd ji pêşîde nas e" راسـتینەی تاڵـی پارچەبوون و دووبەرەکی گەلی کورد لە دڵی خۆیدا ناهێڵێتەوە و دەڵێ کە نەبوونی یەکێتی لەنێـو گەلی کـورد هۆکاری هەرە سـەرەکی نەبوونـی دەوڵەت و سەربەخۆیی کوردانە، ئەو دەڵێ کە گەلی کورد لە زووەوە ناسراوە و میللەتێکی قارەمان، بوێر، شەڕکەر و مێرخاسن، وەلێ مخابن کە کەمجار وا بووە لەمێژوودا یەک بگرێ و بەسەر دووبەرەکیی خۆیدا سەربکەوێ:

Cîhan hemû zanî niha bê ev gelê
Kurdî kî ye
Pir qehreman û pehlewan e şerker
û cengawer e
Pir kevn û pir xanedan deng daye
gelkî der cîhan
Her dem li dûv peyxemberan ew
her bi Hêzdan bawer e
Lê bûne bindest ew ji mêj hem bê
bext û sermiyan
Her êl bi êla bû neyar، bona
.neyaran yawer e

مەلا نووری بەردەوام لە کانیاوی ئێش، مێژوو، هەڵکـەوت و سـەربوردەکانی وڵات و گەلەکـەی دەنۆشـێت و پەیڤێـن زمانە شـیرینەکە بەدوای یەکەوە دەهۆنێتەوە، ئەو رێگاکەی خۆی دەباتەوە سـەر زۆر گوند و شـار و شارۆچکەی کوردستان و وەسـفی جوانی و دڵنشـینی سروشتی جوانی کوردسـتان دەکات، مەلا باسـی "شـاری ئامەد" دەکات و دواتر لەگەڵ کوڕ و کاڵی کورد زەوی بە پەیڤەکانی خۆی دادەچێنێ و دەچێتە نێو گۆڤەند و شایی نەورۆزەوە.

مەلا نووری وڵاتەی بە ژنێکی شـۆخ و سـپی دەچوێنێ و هەروەها دڵی خۆیشی لەبیر ناکات و چەند هەڵبەستێکی خۆی تایبەت دەکات بە ئەڤین و ئەڤینـداری، مەلا بە دڵە ناسـکەکەی خۆیەوە بەرگـەی زەبـر و ئاگری جوانانی کـورد ناگرێ و لەنێو ئاگری ئەڤین دەسووتێ:

Çavreşa min ez bihatim
Ez kirim bêkar û dîn
Îş û karê min nemaye
Bil ji qîrîn û girîn
Gurçik û mêlak û dil tev
Bûn bi kovan û birîn
Şermikarin her ji ber wî
Sed wekî Şêrîn û Zîn
Ez nema zanim mirov e
!Yan suruşt û perî ye

# پاراستنی رۆحی منداڵ لەناو پەرژیندا*

**سێیەم: پەرژینی هەستی**

یەکێـک لە گرنگترین خاڵەکانی پێگەیشـتنی تاک پەرژینی هەسـتەکانیەتی. ئەگەر گرنگیدان و رێزگرتن لە هەسـتی منـداڵ بکرێت بە مەرج، پەرژینی هەستی دروست دەبێت و بەهێز دەبێت. ئەگـەر ئـەم پەرژینە ببەزێنـرێ و بەبێ مۆڵەت سنووری پەرژینەکە پێشێل بکرێت، منداڵ لەبری هەسـتەکانی خـۆی، هـەوڵ دەدات بەجۆرێـک هەڵسـوکەوت بکات کە گـەورەکان لەخۆی رازی بکات و مامەڵەیەکی ساختەکارانە دەکات.

بـۆ نموونـە، منداڵەکە دێت قسـە بۆ دایک و باوک یان سەرپەرشـتیارەکەی دەکات، خەریکە دەست دەکات بە قسە، کەچی تەریق دەبێتەوە و پشت دەکاتە دایکی و روخساری سوور دەبێتەوە و بە دەسـتەکانی دایدەپۆشێ. لەوکاتەدا دایکی سنگ و بەرۆکی دەگرێت و بەزۆر رووی دەکاتەوە خۆی و پێی دەڵێت "بۆ شـەرم دەکەی؟ شـەرم مەکە، شـەرم مەکە، سـەیری من بکە. شەرمی ناوێت، چیت دەوێت بیڵێ!" بەم جۆرە سـنووری پەرژینی هەستیی منداڵەکەی دەبەزێنێ.

زۆرینەی دایکان و باوکان، حەزیان لە گریانی منداڵەکانیـان نییە، بۆیە بە منداڵەکانیان دەڵێن "بۆ دەگریـت؟ ئەمە کەی شـتی گریانە، گەورە گـەورە بوویـت کەچـی هـەر وەکـو کۆرپەیەک دەگریـت". بـەم جـۆرە رێگـە دەگـرن لـەوەی منداڵەکە هەستەکانی (کە لەم حاڵەتەدا گریانە) دەربڕێ.

بـە قسـە یان بە هەڵوێسـت گوتنی "شـەرم مەکـە، ئـادەی سـەیرکە بزانـم. مەگـری. بـۆ پێدەکەنیـت؟" بـە منـداڵ، لێپرسـینەوە لـە هەستەکانی منداڵ، دەستوەردان لە هەستەکانی یان هەر هەڵسـوکەوتێکی تر کە کار بکاتە سەر دەربڕینی هەسـتەکانی منداڵ، زیان بە پەرژینی هەستیی دەگەیەنێت.

ئـەو گەورانەی لە تەمەنـی منداڵیدا پەرژینی هەستەکانیان زیانی بەرکەوتووە، زۆرجار ناتوانن کۆنترۆڵـی توورەیـی و هەسـتەکانیان بکـەن، هەڵسوکەوتی کوتوپڕ دەنوێنن و گرفتیان دەبێت لە دەربڕینی هەسـتەکانیاندا. بەهۆی ئەوەی زۆر دەستوەردراوەتە هەسـتەکانیانەوە لە منداڵیدا، زۆرجار هەسـت بە شتەکان ناکەن، یاخود رێگە نادەن کەسـانی تر پێیان بزانن کە هەستیان بە شـتەکان کردووە، بەمجۆرە کەسـایەتییەکی پلە دوو بۆخۆیان دروست دەکەن.

رەنگە بپرسن: بۆچی پەرژینی هەستیی منداڵ هێندە گرنگە؟

چونکە، مرۆڤ بەقەدەر هەستەکانی دەژی!

مـرۆڤ بـە هەسـتەکانی دەژی لـە دونیادا. ئەگەرچی لەشـی دەبینرێت و وا دەزانرێت لەشی مرۆڤ هەموو شتێکە، بەڵام لەش تەنیا ئامرازێکە بۆ پەیوەندیی رۆح بە جیهانی دەرەوە... ئەوەی کە چێـژی ژیان وەردەگرێت لـەش نییە، بەڵکو رۆحە.

ئەگـەر رۆح نەتوانێـت لەڕێگـەی لەشـەوە پەیوەنـدی بـکات بـە دەرەوە، ناتوانێـت چێـژ لـەو ژیانە وەربگرێـت کە تێیدایـە. ناتوانێت لە دونیـای دەرەوەدا بێت، بـەر دەوروبەر بکەوێت، لە ژیانی هاوسەرگیری ناگات، دایکایەتی نازانێت و هەسـتەکانی لەدەسـت دەدات، هەسـت بـە چێـژی میوەکان نـاکات، جوانی نـاو رەنگەکان نابینێ. واتە تەنیا لەڕووی فیزیکییەوە دەژی بە جەستەیەکی کرچوکاڵ...

بـۆ ئـەوەی منـداڵ بـە رۆح و لەشـییەوە لە ژیانـدا بمێنێتـەوە و بـۆ ئـەوەی رۆح خۆی لە لـەش دانەبڕێـت، پێویسـتە هەر لـە تەمەنێکی زۆر منداڵییـەوە، هەسـت بـەوە بـکات کـە لە ئاسایشدایە.


هـەر لەبـەر ئەوەشـە کـە لـە دەسـتپێکی پـەروەردەی رەگەزیدا، دروسـتکردنی ئاسـایش بـۆ منداڵەکان هەیـە لەلایەن دایـکان و باوکان و سەرپەرشـتیارانەوە. پەروەردەکردنـی منـداڵ بەجۆرێـک کە هەسـت بـە رێزی خـۆی بکات، گەورەیـی مرۆڤبـوون و رێـزی خـۆی بزانێـت، بناغەی پەروەردەی رەگەزییە.

ئەوکاتەی دایکان و باوکان و سەرپەرشتیاران، هەسـتی "کچم/ کوڕم ئەگەر تۆ مۆڵەتم نەدەیت دەست وەرنادەمە ناو پەرژینەکانی تۆوە. دەست وەرنادەمـە هەسـتەکانی تۆوە." منداڵ هەسـت دەکات کـە لـە ئاسایشـدایە. تەنها بـەم جۆرە دەتوانرێت رۆح و لەش بکرێت بە یەک.

کاتێک هەسـتەکانی منداڵ نەشکێنرا و رێزی لێگیرا، پەیامێک لە مێشـیکدا دەچەسـپێت، کە ئەویش پەیامی بوونی کەسایەتییەتی.

**وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل**

***ئەم وتارە بەشـێکە لە کتێبی (پەروەردەی رەگەزیـی منـداڵ) ی نووسـەری تـورک ئادەم گیونەش کـە وەرگێڕدراوە و بەشـێوەی زنجیرە وتار لە (رووداو) بڵاودەکرێتەوە.**



# خوێندنەوە لەپێناوی فێربوونی ڕستەیەک




**فەرهاد چۆمانی**

هەندێک کتێب هەن تەنیا بەدەستتەوە نایانگری، بەڵکو دەلاقەیەکن و دەچیتە نێویانەوە، دەرگایەکن و دەیانکەیتەوە و وەک ئەوەی چووبیتە نێو شارێکی تازە بینراو، ئاوا کۆڵان و پێچیدە و ئاڵۆزی و ماڵەکانیان دەگەڕێی.. ڕەنگبێ کە ڕووبەرگی دووەمی کتێبەکە دادەخەیت و دێیتەوە دەرەوە شتێکی ئەوتۆت لەو سەفەرە بیر نەمابێت، تۆ داینێ تەنیا ڕستەیەکت بیرماوە! بەڵام مەگەر ڕستەیەک بەس نییە؟

ئەم ڕۆژانە وێڕای ماندووبوونی کار و سەرقاڵییەکانی دیکەم، سەرباری ئەو ڕەوشە ئاڵۆز و پڕ شەڕ و جەنگەی تێیدا دەگوزەرێین، سیانەی ڕۆمانی (دەفتەری گەورە، بەڵگە، سێیەم درۆ)ی ئاگۆتا کریستۆف-م خوێندەوە کە لەلایەن سەلاحەدین بایەزیدییەوە کراونەتە کوردی. ئاگۆتا خەڵکی هەنگاریایە و لە سویسرا گەورە بووە و بە فەڕەنسی دەنووسێ، منیش دەرفەتم هەبوو بە کوردی بیخوێنمەوە.

دووانەیەک لەگەڵ دایکیان لە "شارە گەورەکە"وە لە ترسی شەڕ ڕادەکەن و بەدرێژایی شەو بەڕێگاوە دەبن تا دەگەنە شارە "بچکۆلەکە"، کە ماڵی نەنکیانی لێیە، دایکیان دەیەوێ لە ترسی ئەوەی نەکا شتێکیان بەسەربێ، لەماڵی نەنکی منداڵەکان بەجێیانبهێڵێت و خۆیشی سەرهەڵدەگرێ.. دایکی دووانەکە منداڵەکان لەشەڕ پەنا دەدات و ئاوارەی دونیایەکی بێڕەحمی سەردەمی جەنگ و دڵڕەقییان دەکات.

با سەردەمی جەنگیش نەبێ، ئێمە تاچەند ڕێگە دەدەین منداڵەکانمان بەر دونیا بکەون؟ بۆ ئەوەی تاڵی و سوێری، ساردی و گەرمی بچێژن و ئەو هێزە تاقیبکەنەوە کە توانا و بڕوای لەسەرپێ وەستان و پشتبەخۆبەستنیان پێ دەدا؟

دووانەکەی نێو سیانەی ڕۆمانی ئاگۆتا دوو مرۆڤی ئەزموونگەرن، بەر زبرترین ڕووی دونیا و سەردەم دەکەون، بەدرێژایی گێڕانەوە و بەسەرهاتەکانی نێو ڕۆمانەکە سەختترین ژیان و گوزەران تاقیدەکەنەوە، تووشیان بە تووشی دڵڕەقترین سەرباز و ئەفسەر، سۆزانیترین کچە سواڵکەر، چڕترین بۆردومان و کاولکاری، پەرگیرترین قەشە، دەلووترین خزمەتکاری کەنیسە و جادووگەرترین نەنکەوە دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک ڕاست و چەپیان نیشان بدا، دەتوانن خۆیان ڕێگای خۆیان لەنێو ئەو هەموو پێچ و پەنایەدا بدۆزنەوە.

گوتەیەکی باو هەیە دەگوترێ: "قوتابخانە تەنیا نێوانی چوار دیوار نییە" ڕەنگبێ ئەم دووانەیەی نێو سیانەی ڕۆمانی ئاگۆتا بەڵگەی هەرە زیندووی بەرجەستەکراوی نێو ئەدەبی داستانی بێت، ئەوان نایانەوێ لە قوتابخانە ناونووس بکرێن، نایانەوێ بچنە کەنیسە، نایانەوێ تەمبەڵ دابنیشن، خۆیان لەسەر برسیەتی ڕادەهێنن، ئەزموونی نەجوڵان، ئەزموونی خارانی لەش دەکەن، بۆ ئەوەی بەرگەی سەختی و برسیەتی و ئازارەکان بگرن، بەڵام بە هەوڵی خۆیان فێرە خوێندەواری دەبن و تا دواجار لە سێیەم کتێبی سیانەی ڕۆمانەکەدا "سێهەم درۆ" دەبنە نووسەر و شاعیر.

سەرنجڕاکێشترین کاردانەوە کە بەڕوونی دەردەکەوێ ئەزموونگەری خودیی، دووانەکەی گەیاندووەتە چ ئاستێکی هۆشیاری و پێگەیشتنی عەقڵ وکەسایەتی، ئەو دیمەنەیە کە قەشە داوایان لێدەکات ئینجیل بخوێننەوە و نوێژ بکەن:

**قەشە لە ئێمە دەڕوانێت. ئێمە بێدەنگین. ئەو دەڵێ:**
**- قەت ناتانبینم بێنە کڵێسە.**
**- ئێمە نایەین.**
**- جارجارە نوێژ دەکەن؟**
**- نا ئێمە نوێژ ناکەین.**
**- ڕۆڵە بێچارەکانم. من دوعاتان بۆ دەکەم. خۆ لانیکەم دەتوانن بخوێننەوە.**
**- بەڵێ بەڕێز دەتوانین بخوێنینەوە.**
**قەشە کتێبێکمان بۆ ڕادەدێرێت:**
**- ها ئەو کتێبە بخوێننەوە. بەسەرهاتی سەرنجڕاکێشی لەسەر مەسیح و ژیانی ئەسحابەکان تێدایە.**
**- ئێمە ئەو بەسەرهاتانە دەزانین. ئێمە ئینجیلێکمان هەیە. ئێمە پەیمانی کۆن و ئینجیلی نوێمان خوێندووەتەوە.**
**قەشە برۆ ڕەشەکانی هەڵدەتەکێنێ:**
**- چۆن؟ یانی ئینجیلی پیرۆزتان خوێندووەتەوە؟**
**- بەڵێ، بەڕێز. تەنانەت زۆربەشیمان لە بەرە.**
**- بۆ نموونە کام بەش؟**
**بەشی ئاوابوون، دەرکەوتن، وەحیی بۆ یۆحەننا و ئەوانی تر.**
**قەشە بۆ ساتێک بێدەنگ دەمێنێ و پاشان دەڵێ:**
**- کەوابێ ئێوە فەرزەکان دەناسن، جێبەجێیان دەکەن؟**
**- نەخێر، بەڕێز، ئێمە جێبەجێیان ناکەین. هیچکەس جێبەجێیان ناکا. نووسراوە "هیچ مەکوژە". بەڵام هەمووان خەریکی کوشتنن.**
**(دەفتەری گەورە- کتێبی یەکەم لە سیانەی ڕۆمانەکە- ل:89-88 )**

ئەگەر بە چەمکێک گوزارشت لەو سیانەی ڕۆمانە بکەم، ڕەنگە شیاوترین پەیڤ کە بە خیاڵمدا بێت "تێپەڕاندن" بێت، تێپەڕاندنی ڕقی نەنک، تێپەڕاندنی ئازاری بەجێهێشتنی دایک و باوک، تێپەڕاندنی سەردەمی شەڕ، برسیەتی، نەهامەتی، تەپە و داو و فڵبازییەکان، تێپەڕاندنی دین و لە هەموویشی مەزنتر تێپەڕاندنی تەمەنێک بەنێو بزنەڕێ و ڕێڕەوێکی درێژ لە نەهامەتی و دڕک و داڵی شەڕی گەورەکان.

کە ئەو سیانەی ڕۆمانەم دەخوێندەوە و ئەمەم دەنووسی، بە سەدان و هەزاران منداڵی شنگال، کۆبانێ و شارانی دیکەم دەهاتنە بەرچاو، تۆ بڵێی کەسایەتی منداڵانی ئێمە چۆن دروستبێت، دەبێ ببنە ئەو منداڵە ئەزموونگەرە، یان کۆچکردن و هەڵات هەڵات بەهۆی شەڕەکانەوە دەیانکاتە منداڵێکی ترساوی ژێر عەبای دایکیان و ژێر نەخێر و فەرمانی باوکیان.

لە ڕۆمانی "دەفتەری گەورە" کە کتێبی یەکەمی سیانەی ڕۆمانەکەیە، شەوێک باوکی منداڵەکان دێتەوە و دەیەوێ لە ماڵی منداڵەکانەوە کە کەوتووەتە شوێنێکی چەپەک و دووری سەر سنوور، بڕوات و خۆی دەرباز بکات، ئەو باوکە لە شەڕ بووە و هیچ حەجمین و سرەوتێکی بۆ نەماوەتەوە تا "لەو وڵاتە" سەقامگیر بێت، منداڵەکان لەمیانی ئەزموونگەریی خۆیانەوە پێشخۆی دەدەن، بەنێو کێڵگە مینڕێژکراوەکانی نێوانی تەلی دڕکاوی دەینێرن، پێیدەڵێن: "مینەکان بە شێوەی ڕاست و چەپ دانراون و ئەگەر بەختت هەبوو دەپەڕیتەوە، ئەگەر نا....." مینێک بە باوکیاندا دەتەقێتەوە، دواتر یەکێکیان بە وەرگرتنی ئەزموونی بوونە قوربانیی باوک، دەپەڕێتەوە و ڕزگاری دەبێت.

کوشتنی باوک لە مێژووی ئەدەب و ئەفسانەکاندا ڕیشەیەکی درێژی هەیە، ئەمەش بە جۆرێک کوشتنی باوکە، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە سەرنجڕاکێشە لەم بەشەدا، تێپەڕاندنی باوکە وەک سەرەتا، دواتر جۆرێکی دیکەی تێپەڕاندنە، بەوەی کە باوک سیمبول و نوێنەری سەردەم و عەقڵیەتێکی دیکەیە کە دەستیان لە هەڵایسانی شەڕ و کاولکارییەکاندا هەبووە، باوک نوێنەری عەقڵێکە، نوێنەری خواستێکە کە خواستی منداڵەکان و ئەوەی سەردەم نییە، باوکەکان دەبێ تێبپەڕێندرێن، دەبێ بکرێنە قوربانیی ئەو مینانەی کە بۆ دروستکردن و کێشانی سنوورەکان دایاندەنێنەوە.



# لەبارەی کاریکاتێرەوە



**حەمەسەعید حەسەن**

ساتیر کاریکاتێرە بە وشە، کاریکاتێر ساتیرە بە نیگار. کاریکاتێر بە مانای زێدەڕۆیی دێت و زیدەڕۆیی ڕەگەزی سەرەکیی دروستبوونی کاریکاتێرە. کاریکاتێر ئەو مانایەیش دەدات کە بارێکی قورس لە وەڵاخێکی لەڕ و بێهێز بنێین و ئومێدی گەورە لەسەر بناغەی پووچ هەڵبچنین. کاریکاتێر زیدەڕۆییکردنە لە شێواندن و ناشیرین نیشاندانی ڕووخساری کەسی بە ئامانجکراودا، بە جۆرێک ببێتە هەوێنی پێکەنین. کاریکاتێر دەتوانێت ڕەخنەیەکی کاریگەر بگرێت، ڕەخنەیەک کە گاڵتەجاڕییەکی سەرسوڕهێنی لە خۆیدا چڕ کردووەتەوە.

کاریکاتێر ئەوەی لە بن بەڕەدایە، ئاشکرای دەکات، تابوو دەشکێنێت و ئەوەی خەڵک لێی بێدەنگ دەبن، دەیڵێت. کاریکاتێر بە کەمترین هێڵ دەتوانێت، زۆرترین شت بڵێت، بۆ نموونە، بە چەند تاڵێک قژ و سمێڵێکی پانی بچووک، هیتلەر پیشان دەدات. کاریکاتێر بە پێکەنین بە گژ کوێرەوەرییەکاندا دەچێتەوە، زەردەخەنە لە کارەسات قەرز دەکات و بە قۆشمە تۆڵە دەکاتەوە. کاریکاتێر ڕەخنەگرتنە بەدەم پێکەنینەوە، بریندارکردنە بە دەم گاڵتەوە و پشتی بە دووانەی ڕەخنە و پێکەنین ئەستوورە.

کاریکاتێر کە ئیلهام لە واقیعەوە وەردەگرێت، ئامانجی ڕەخنەگرتنە، بەڵام بە شێوازێکی گاڵتەجاڕییانەی تژی لە زێدەڕۆیی. کاریکاتێر ڕای زبری هونەرمەندێکە، لەسەر کەسایەتییەکی ناوداری دەستڕۆییشتوو. دەشێت کاریکاتێر، بەسەرکردنەوەی ڕووداوێکی گرنگ، یان دیاردەیەکی دزێویش بێت، بەڵام هەمیشە بە کۆمەکی خەیاڵ و بە شێوازێکی گاڵتەئامێز. کاریکاتێریست بە هۆشیارییەوە و بە پلانی پێشوەخت داڕێژراوەوە، شێوەی نێچیرەکەی دەشێوێنێت، بە پێچەوانەی شێوەکارانی دیکەوە کە هەر پۆرترەیتێک بکێشن، دەخوازن کوتومت لە کەسایەتیی مەبەست بچێت.

کاریکاتێر لەڕێی هێڵی ساکارەوە، ناوەڕۆکی دەوڵەمەند پیشان دەدات و داکۆکی لە بەهای باڵا دەکات. کاریکاتێریست بە چەکی بڕندەی گاڵتەجاڕی و بە ورووژاندنی پێکەنینی قووڵ، هەم جێ بە قوربانییەکەی لێژ دەکات و هەم ڕۆڵێکی گرنگ لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا وازی دەکات. کاریکاتێریست ئەو بەها سەردەم بەسەرچووانەی لای ستەمکاران و کۆنەپارێزان پیرۆزن، لە گرێژنەوە هەڵدەتەکێنێت و کام دەسەڵاتدار کەپووی زۆر بڵندە، دەیکاتە مایەی گاڵتەجاڕی. ساتیرنووس گەمە لەگەڵ وشەدا دەکات، بەڵام کاریکاتێریست، لەڕێی گەمەکردنەوە بە هێڵ، سیمای کام کەسایەتی خۆی زۆر پێ زلە، دەشێوێنێت. کە ڕۆژنامەیەک دەکڕین، لە سەرنجدانی کاریکاتێرەکەیەوە دەست بە خوێندنەوەی دەکەین، ئەمەیش دداننانە بە بایەخی ئەو هونەرەدا کە هەم زادەی دیموکراتییە و هەم لە چەسپاندنی دیموکراتیدا، بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە.

ئەرکی کاریکاتێر، ڕەخنەگرتنە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی، زۆر جار ئەوەی بە کاریکاتێرێک دەگوترێت، چەندان گوتار پێیان ناگوترێت. کاریکاتێر کە سەر بە هونەری شێوەکارییە، پشت بە واقیع دەبەستێت و پێویستی بە بوێرییەکی زۆر هەیە لە دەربڕیندا. کاریکاتێر لە ڕێی نیشاندانی کەموکووڕییەکانەوە، تاک بۆ ئەوە هان دەدات، خەون بە دونیایەکی ڕۆشنترەوە ببینێت. کاریکاتێر پەیامێکە لە هونەرمەندەوە بۆ خوێنەر کە واقیعێک کۆیان دەکاتەوە. هەرچەندە کاریکاتێر پشت بە هەندێک هێڵی ئاسان و ساکار دەبەستێت، بەڵام لە توانایدا هەیە، پەیامی گرنگ و مانای قووڵ بگەیەنێت، داکۆکی لە پرسی گەورە بکات و کێشەی ئاڵۆز شی بکاتەوە. کاریکاتێر ڕووناکی دەخاتە سەر کێشە و قەیرانەکان و نەخۆشییەکان دەستنیشان دەکات، بەڵام وەک هەر ژانرێکی دیکەی هونەری، پێشنیارکردنی چارەسەر بە ئەرکی خۆی نازانێت.

کاریکاتێر داکۆکی لە مافەکانی ئینسان دەکات و لە هەوڵی ئەوەدایە، لەڕێی لەقاندنی بنەماکانی نەریتە چەقبەستووەکانەوە، گوڕێک بە ڕەوتی مێژوو بدات. بەبێ هەبوونی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، کاریکاتێر کە لقێکیشە لە درەختی دەسەڵاتی چوارەم، نابێتە خاوەنی جێپێیەکی پتەو. کاریکاتێر تێکەڵەیەکی سەرسوڕهێنە لە واقیع و خەیاڵ، بەهۆی زێدەڕۆییکردنەوە، دێت بابەتێکی بچووک، گەورە. یان شتێکی گەورە، بچووک نیشان دەدات، لەو ڕێگەیەوە هەم پێکەنین دەخولقێنێت و هەم دڵی مەبەستیش دەپێکێت.

کاریکاتێر پێوەندیی بە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە، کە گۆڤار و ڕۆژنامە پەیدا دەبن، ئینجا هێدی هێدی کاریکاتێریش دێتە گۆڕێ. یەکەمین گۆڤاری کاریکاتێری بە زمانی عەرەبی، ناوی (چاویلکەلەچاو) دەبێت، لە میسر لە 1878 بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام دەسەڵات کەیفی پێی نایەت، هەر زوو دایدەخات و خاوەنەکەیشی کە ناوی یەعقووب سەننووع دەبێت، بۆ دەرەوەی وەڵات دوور دەخاتەوە. سەڵاح چاهین، یەکەمین هونەرمەند دەبێت، ڕۆژنامەی ئەهرام لە 1962 بە دواوە، کاریکاتێری بۆ بڵاو دەکاتەوە. ڕەنگە ناجی ئەلعەلی کە 29ی ئابی 1987 تیرۆر کرا، لێزانترین کاریکاتێریستی عەرەب بووبێت کە بە پشتبەستن بە خەیاڵێکی فراوان، جوانترین و زبرترین ڕەخنەی سیاسیی دەگرت.

هونەرمەندی کاریکاتێر پێویستە کەسێکی پاک بێت، کەسێک کە نە هونەرەکەی لە قازانجی خودی خۆی دەخاتە گەڕ، نە کێشە کەسەکی و تایبەتییەکانی خۆی، پێ یەکلایی دەکاتەوە. یەکێک لە کێشەکانی کاریکاتێریست ئەوەیە، کە ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێت، بە لایەنگری ئۆپۆزیسیۆن لە قەڵەمی دەدەن و کە ڕەخنە لە ئۆپۆزیسیۆن دەگرێت بە پیاوی دەسەڵاتی نێوزەد دەکەن، هەرچەند کاریکاتێریست تەنیا ئەوە دەردەبڕێت کە باوەڕی پێیەتی، بە چاوپۆشین لەوەی کێ لێی زویر دەبێت و کێ کەیفی پێی دێت. کاریکاتێریست لە بەرگێکی (شیرین)دا، بە هیوای گۆڕینی، واقعێکی (تاڵ) بەسەر دەکاتەوە و هەمیشە لە سەنگەری خەڵکی ستەملێکراوەوە دەپەیڤێت. کاریکاتێریست بێ ترس لە ستەم و سانسۆری سیاسی و ئایینی، ڕووناکی دەخاتە سەر دیاردە دزێوەکانی نێو کۆمەڵ و پەنجەی تۆمەت بۆ ئەوانە درێژ دەکات کە لە ڕوانگەی خۆیەوە، بە خراپەکاریان دەزانێت. کاریکاتێر لەنێو هەناوی ڕۆژنامەوە لە دایک دەبێت و گەشە دەکات، ئاخر ڕۆژنامە وەک پێشانگەیەکی هەمیشەیی وایە، بۆ نمایشکردنی ئیشە هونەرییەکانی کاریکاتێریست. کاریکاتێر لە ڕۆژنامەدا، هەواڵ نییە، (ڕا)یە، هەر وێنە و پۆرترێت و هێڵکاری نییە، بەڵکوو زۆر جار کۆمەک لە دیالۆگ و کۆمێنتیش وەردەگرێت. کاریکاتێر هەرچەندە پشت بە گاڵتەجاڕی دەبەستێت، بەڵام پلار و نوکتە و قۆشمە نییە، هاوزەمان لووتکەی هونەری شێوەکارییە و کۆمێدیایشە لەوپەڕی درەوشانەوەیدا.

11ی ئەیلولی 2015
ستۆکهۆڵم



گۆران محەممەد

goran.mohammed@rudaw.net

# پەروەردە

سـاڵی 2012 لە سایتی وەزارەتی پـەروەردەی کوردسـتاندا لینکێـک هەبـوو ناوی (خوێنـدن لە هەرێمی کوردسـتان) بـوو، ئـەو لینکـە لاپەڕەیەکـی بەتاڵی بۆ دەکردیتەوە، ئەوکات گۆشەیەکم لەبارەوە نووسی. ئێسـتا لە هەمـان سـایتدا لینکێک هەیـە ناوی (سیسـتەم و خوێندن)ە، لـە بـن ئەم لینکـەدا نزیکەی دە ژێرلینکی بەتاڵ هەس. ئەمە بەشێکە لە پێشڤەچوونی خوێندن و پەروەردە لە کوردستان.

لەسـەردەمی بـەر لـە سـازانەوە تا ئێسـتا باسـی گەرمـی گۆڕین و پێشخسـتنی سیستەمی خوێندنە لە قوتابخانە میرییەکانی کوردسـتاندا، پـاش ئـەوەی سـاڵانی سـاڵ لـەو پێناوەدا بەسـەرچوون، دوای ئەوەی دەیان ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کرا، ئێسـتا نزیکەی هەموو ئەو بەرپرس و کاربەدەسـتانەی باسـی گۆڕین و پێشخسـتنی سیسـتەمی خوێندنیان لە کوردستاندا دەکرد، منداڵەکانی خۆیان یـان لە قوتابخانەی تایبـەت داناوە، یانیش لەو قوتابخانە میرییانەی تامی تایبـەت دەدات و بـۆ هەمـوو کەس نییە. جا توو شەرەفتان ئەمە گۆڕینی سیستەمە یان لەگۆڕانی سیستەم؟

تا ئێستا کوردستان خاوەنی دوازدە وەزیری پەروەردە بووە، نەک چاکیان نەکرد سیستەمی پەروەردە، بەڵکوو هـەر یەکەیان بابی خۆی قسـووری نەبووە لەوەی هینی تێوەردا.

عەبدولعەزیز تەیب کە لە کابینەی چـواردا بـووە وەزیـری پـەروەردە، یەکێک لە یەکەمیـن کارەکانی ئەوە بوو وانەی کشتوکاڵی نەهێشت. هەر کە ناوبراو کابینەی چواری جێهێشت، دەمودەسـت لـە کابینـەی پێنجـدا کرایە وەزیری کشـتوکاڵ. ئاخر ئەمە نموونـەی دووربینـی و باوەڕپوونـی لووتکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە پرەنسـیپی کەسـی شیاو بۆ شوێنی شیاو، راستتان دەوێ؟ لەوەدا پارتی پێڕەویی لە پرەنسیپی کەسی شـێواو بۆ شوێنی شـێواو کرد، خۆ ئەگـەر لە سـۆنگەی "چاکـی مەکە بـا خەراپ نەبـێ" کاریـان بکردایە، دوور نەبـوو باشـتر بێـت. شـایانی ئابڕووچوونە ئەو کابینەیە چل و یەک دانە وەزیری تێدابوون.

سـاڵی 1993 (ناسیح غەفوور)ی یەکەم وەزیری پـەروەردە، یەکەمین کۆنگرەی پەروەردەیی لە کوردستاندا سـازکرد، لـە خەراپـی و هەڵـەی ڕێزمان و ڕێنووس گەڕێ، دروشـمی کۆنگرەکـە ڕێک ئاوها بوو (لە پێناو پەروەردەکردنی نەوەکانی کوردستان . . بە رەوشـتی بەرز . . کوردایەتی رەسـەن . . زانسـت و زانینـی هاوچەرخ . . بنەماکانی دیموکراسی) جـا خاڵە دوای بیسـت و دوو سـاڵ لەو نەسـیحەتەی ناسـیح، ئێستا بە هەموو جیهـان کۆچی ئەو نەوانەیان پـێ ڕاناگیرێت کە لە دروشـمەکەی سـەرەوەدا ناویان هاتبـوو. ئەمەش نموونەی پلانی سەرکەوتوو!

لە روانگەی دەرککردن بە گرنگیی ئـەو وەزارەتـەوە، شـێخ محەمەدی حاکمـی دوبـەی و سـەرەکوەزیرانی ئیماراتـی عەرەبی، مانگ نییە دوو جار سـەردانی وەزارەتی پـەروەردە نەکات، سایتی وەزارەتی پەروەردەی ئیمـارات، پەیامـی وەزارەتەکەیـان کـورت و پوخت بە شـەش خاڵ و چارەکە لاپەڕەیەک بە دروستی دیاری کردووە.

کێـچ کەوتە کەوڵـم و گەڕامەوە سـەر سـایتی وەزارەتی پەروەردەی کوردستان، جەنابی وەزیر وێنەیەکی رەنگاوڕەنگی خۆی داناوە کە نزیکەی هـەر سـی و دوو ددانەکـەی دیارن، پیلکەم نا بە لینکی (پەیامی وەزیر)ەوە، کەچـی لاپەڕەیەکـی بەتـاڵ و حەتاڵم بۆ کرایەوە.

---



ڕێبوار کەریم وەلی

rebwar.karim@rudaw.net

# کودەتای سپی

## 1

لـەو کێشمەکێشـە سیاسـییەی کـە چەند مانگێکـە کوردسـتان وەکـو قەیرانێـک تێیدا دەژییـەت، جیـا لـەو هەمـوو سەرئێشـە و دڵەڕاوکێیەی کە بۆ خەڵکی کوردستانی دروست کـردووە، هەندێک خاڵی ئیجابیشـی تێدایە کە وەک خاڵـی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسـی کوردستان تۆمار دەکرێن.

رۆژی پێنجشـەممە 7ی ئابـی 2015، فەرماندەکانی پێشـمەرگەی کوردستان (جگە لـە وەزیـری پێشـمەرگە) دوای بەرزبوونەوەی تانسیۆنی سیاسی و مەترسیی دووبارەبوونەوەی شـەڕی ناوخـۆ و دوو ئیدارەیـی، نامەیەکیـان بۆ هەرسـێ سـەرۆکایەتییەکە نووسـی، نامەکە هۆشـدارییەکی نـەرم، ئەممـا کاریگـەر بوو کە رەهەندەکانی زۆر فراوانن. بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسیی کورددا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سـەرباری ئەوەی کە هێشـتا بە تەواوەتی یەکی نەگرتووە، بێلایەنیی خۆی لە ململانێی سیاسیی نێـوان حیزبـەکان راگەیاند و لە بـەرەی گەلەوە داوای لە سیاسـییەکان کرد لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشنەوە. ئەو هۆشدارییە کە وەک کودەتایەکی سـپی وابوو، سیاسـییەکانی ناچار کـرد پەنا بۆ دانوستاندنی نوێ ببەنەوە و ئەوەش لەبیر خۆیان ببەنەوە کە لە حاڵەتێکدا ئەگەر نەگەنە رێککەوتن، وەکو نەوەدەکان و پێشـتر پێشمەرگە بەرامبەری یەکتر بوەستن.

پێشـمەرگە سـەرباری بـێ مووچەیـی (کـە بـۆ کادیرانـی حیـزب هەیـە!) و خراپیـی بار و گوزەرانیـان، جیـا لـەو قارمانێتییـەی بەرامبەر ترسـناکترین رێکخراوی تیرۆریسـتی لـە دنیادا تۆماریـان کـردووە، بـەرەی گەلیـان هەڵبژارد و سیاسییە شەڕەنگێزەکانیان نائومێد کرد.

فەرمانـدە سـەربازییەکان و ئەوانـەی (یـان زۆربەیان) کە ئەزموونی شەڕی نەگریسی ناوخۆیان بینیبـوو، سـەلماندیان کە هەرچەنـدە ئەمڕۆ بە چەکی پێشـکەوتووی رۆژئاوایـی تەجهیز کراون، بەڵام ئەو چەکانە بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان بەکاردێنـن نـەک بۆ کوشـتنی رۆڵەی کـورد و بـەوەش هەموو ئەو تێزانەیـان بەتاڵ کردەوە کە نابێ پێشمەرگە چەکی پێشکەوتووی هەبێ نەوەکا بۆ یەکلاکردنەوەی دەسـەڵات بەکاربهێنرێ. دوای ئەوەش سـەلماندیان کە پابەندی یەک مەرجەعی بڕیـاری سـەربازین، ئەویـش فەرمانـدەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، مەسعود بارزانییە.

---

## دوو ئیدارەیی یەکسانە بە سێ ئیدارەیی!

## 2

ئامـاژەکان و رێـڕەوی دانوسـتاندنەکان دەریدەخات کە بەرەی پەرلەمانییەکان (کۆمەڵ، یەکگرتوو، یەکێتی و گۆڕان) پاشەکشە ناکەن و تەوافوقییەکانیش (پارتی، حیزبە تاک کورسی و کۆتاکان)، سوورن لەسەر هەڵوێستی خۆیان. لێـرەدا چارەسـەر و دەرچوون لـە قەیرانەکە بەسـتراوەتەوە بە هەڵبژاردنی پێشـوەختە کە تا ئێسـتا زۆربەی لایەنەکان لەگەڵیدان. بەڵام پێش ئەوەی ئەوە روویدات، زۆر شتی دیکە لە جەریاندا بوو. لە 23ی حوزەیران و 19ی ئاب، ئەگەرچی پەرلەمانییەکان و تەوافوقییەکان هەر یەکە و سەرکەوتنێکیان بەسەر یەکتریدا تۆمار کـرد، بەڵام پارتی لـە دەرەوەی ئەوەش چەند سـەرکەوتنێکی دیکەشـی تۆمار کـرد. پارتی پێی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەرودراوسـێی هێنایە نێو باسەکەوە، خەونی بە هەرێمکردنی کەرکووک و سلێمانی لەدەستی پەرلەمانییەکان دەرهێنا و بێلایەنیی پێشمەرگەشی دەستەبەر کرد.

پەرلەمانییـەکان وایـان دانابـوو کـە ئەگـەر نەگەنـە رێککەوتن و نەتوانن دەسـەڵاتی بارزانی سنووردار بکەن، هەرێمێک بۆ خۆیان دابمەزرێنن. هەرێمێـک کە پشـتیوانەکەی ئێـران بێت. بەڵام لەوەیانـدا بەهەڵەدا چوون، چونکـە ئێران دوای تەسـلیمبوونی بـە ئەمریـکا و رۆژئـاوا لە 5 کۆ 1، پێویسـتی بە پشوویەک هەبوو لە ئیدارەدانی قەیرانەکانـی ناوچەکـە و لاوازتریـن ئاڵقەی ئەم موعادەلەیـەش مەوزووعـی هەرێمی سـلێمانی و کەرکـووک بـوو، چونکە جیا لـەوەی ئەمریکا و رۆژئاوا بە هیچ شـێوەیەک رێگە نادەن کەرکووک و سـەرچاوەکانی وزەی ناوچەکـە بکەوێتـە ژێر دەستی ئێران، لە ناوخۆی لایەنەکانیش هێزگەلی دیکـە هەبوون کـە پەیامەکەیان راسـت و رەوان بـوو. باڵی ریفۆرمی ناو یەکێتی ئەگەرچی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسـیدا کەم دیارن، بەڵام نفوزی جەماوەری و سەربازییان گەلێک بەرچاوە. ئەوان لـە ئـەرزی واقیعدا ئەو پەیامەیان بێ پێچ و پەنا دایە نەوشـیروان مستەفا و ماڵباتی تاڵەبانی کە ئەگەر بە تەمای جیاکردنەوەی هەرێمی سلێمانین و دەیانـەوێ کوردسـتان بکـەن بـە دوو هەرێم، ئەوانیـش بێ ئیش دانانیشـن. ئەگـەر ئەمڕۆ بە فیعلی حوکمی یەکێتییان پێ نەکرێت (هەرچەندە لـە واقیعـی حوکمڕانیـی کوردسـتاندا خاوەنـی پێگـەی خۆیانن)، حوکمـی جوگرافیایەکی پڕ لە وزە و داهاتیان لەدەستە و ئامادە نابن رادەستی ئەوانی بکەن. ئەگەر قەرار بێت کوردستان ببێتە دوو هەرێـم، ئەوانیـش هەرێمی سـێیەم لەسـەر کێڵگەکانـی وزەی گەرمیـان، کەرکـووک و کۆیە دادەمەزرێنن!

هەر بۆیە پەرلەمانییەکان ئەمڕۆ خراپ بێدەنگ بوونـە و دەرچـەی هەڵبژاردنـی پێشـوەختیان قەبـووڵ کـردووە. هەڵبژاردنی پێشـوەخت واتا مانـەوەی بارزانی بە هەموو دەسـەڵاتەکانیەوە و مانەوەی کوردستان بە یەکگرتوویی.

---

# پۆلیس گریاندمی

پۆلیـس و کامێراکانـی هاتوچـۆ کابووسـی شـۆفێرە توندهاژۆکانـی کوردستانن. هەیە کە لە گڵۆپی سوور یـان لـە کامیـرای دا، دێتـە خوارێ و لێیـان دەپاڕێتـەوە کـە سـزاکەی بسـڕنەوە! شـۆفێرێکی سـەلامەتم و ناپاڕێمـەوە. بـەڵام من ئەوجـارە بۆ ئەوان دەپاڕێمەوە.

ئێـوارە درەنگانێـک لـە هەولێـر دەگەڕامـەوە و پۆلیسـێکی هاتوچـۆ دەستی بۆ راداشتم. رامگرت و سواری سـەیارە بوو. دەچـووە هەریر، بەڵام پارەی پێ نەبوو. سـەری لەبەر خۆی نا و بەشـەرمەوە گوتـی: "پارەم پێ نەبـوو، پێـم عەیـب بوو دەسـت لە تەکسـی رادێرم". پێشـمەرگەیەکیش هـەر رۆژێک بەر لە ئەوە تەلەفۆنی بۆ کردبووم: "توخوا بینووسە پێشمەرگە بێ معاشە، ئەتوو بینووسی گوێیان لە دەنگمان دەبێ". کە لە پیرمام لەسەر جادە دامبەزاند بۆ ئەوەی بە تەکسـی بچێتەوە ناو ماڵ و منداڵی، بەدەسـت خۆم نەبوو، گریام. چونکە سـەرباری هەمـوو ئەو شـتانە دەیگـوت:" بەس قەیرانـی سـەرۆکایەتیی هەرێم تەواو بێت، قیری سیا لە بێ معاشی"!

---



بەختیار کەریم

# بڕینی دەستی حیزب لە هەناوی حکومەتدا

لە سیمیناری مامۆستایەکی زانکۆدا لەسەر (چاکسـازی لـە خوێندنی باڵا)، پێشـنیارم کـرد کـە زانکۆکانی ئێمـە نابنە سـەنتەری بیرکردنەوە ئەگەر دەسـتی حیزب لە زانکۆدا نەبڕین. بێگومان ئەمە بەدوای خۆیدا کۆمەڵێک کاردانـەوەی توندی ئەو مامۆسـتا بەڕێزانەی هێنا کە ئەگەر لەڕێی حیزبەوە نەبووایە هەرگیز ڕێگەیـان نەدەکەوتـە زانکۆ! بەڵام بەشـێکی بەرچـاو لەو مامۆسـتایانەی کـە خەمخۆری راسـتەقینەی زانکـۆن، گەیشـتوونەتە ئـەو بڕوایەی بە بێ سەربەخۆیی راستەقینەی زانکۆ، بەبـێ چوونە دەرەوەی حیزب لـە زانکۆکان، هەرگیـز نابینە خاوەنی زانکۆ، تەنیا ناوەکەی نەبێت!

هەمـان ئـەم دیـدە بـۆ حکومەتیـش دروسـتە. یەکێک لە گرفتە سـەرەکییەکانی پرۆسـەی حوکمڕانی و ئیـدارە لەم هەرێمەی ئێمە، بەسـێبەربوونی حکومەتـە بۆ حیزب. حیزبەکانـی ئێمە بەبێ جیـاوازی، حوکمڕانی وەک دەروازەیەکـی لەبار دەبینن تەنیا بۆ دوو شت: یەکەم، برەودان بە بەرژەوەندیی حیزبی- بازرگانیی خۆیان و ئەندامە باڵاکانیان. دووەم، بەکارهێنانی حکومەت بۆ بەدەستهێنانی دەنگ لـە هەڵبژاردنەکانـی داهاتـوودا. هیچ یەکێک لـەو حیزبانەی کە بەشـداربوون و بەشـدارن لە حکومەتدا، هەرگیز هەوڵی راسـتەقینەیان نـەداوە بـۆ کردنـی حکومـەت بە ئامـرازی خزمەتکـردن، پەرەپێـدان، ئاوەدانکردنەوە و خۆشـگوزەرانیی هاووڵاتیـان. تەنانەت ئەگەر هەوڵـی تاکەکەسـیی لـەم جـۆرە هەبێت بە ئاراسـتەی چاکسازیی پرۆسـەی حوکمڕانی، حیزب ئەو دیوارەیە کە کەسـی چاکساز نەک ناتوانێت بەسـەریدا تێپەڕبێـت، بەڵکو دیوارەکە بەشێوەیەکی کەمەرشـکێن خۆی پێدا دەکێشێ و هەمـووان لۆمـەی دەکەن و پێـی دەڵێن، خۆ کوێرایيت نەبووە خۆت کێشاوە بە دیواردا!

پەڕینـەوە لەم ئەزموونە تاڵـەوە کە چەندین سـاڵە تـۆخ دەکرێتـەوە، ئاسـان نییـە. بەڵام ئەگەر بڕیار بێت ئێمە سیسـتەمێکی حوکمڕانی مەدەنی و دیموکراسـی چێبکەیـن، ئەگەر بڕیار بێـت حکومـەت خزمەتکاری خەڵک بێـت، ئەوا پێویستە حیزب خۆی دەستی خۆی ببڕێت لەناو هەمـوو جومگەکانی پرۆسـەی حوکمڕانیدا. هەر حیزبێک زووتر ئەم کارە بکات، دراوێکی سیاسیی بەنرخ بەدەسـتدەهێنێ کە لە داهاتوودا سوودی سیاسیی زۆری دەبێت. ئەگەرچی تۆخبوونەوەی بەحیزبیکردنـی کـۆی جومگەکانـی کۆمەڵگە و حکومەت گەیشـتووەتە ئاستێکی ئەوەندە رەش کـە گومان دەکرێـت حیزبەکان پرکێشـی ئەوە بکەن دەسـتی خۆیـان لەناو حکومەتـدا ببڕن، چونکە وەک بابەتی مان و نەمان سەیری دەکەن! بەڵام درێژەکێشـانی زیاتری ئەم ئەزموونە زیاتر داماندەخزێنـێ بەرەو تاریکـی و قەیران. دواجار حیزبەکانـی ئێمـە دەبێت لەوە تێبگـەن، ئەگەر بـە بڕینـەوەی دەسـتێک، حیـزب و وڵات لـە شێرپەنجەیەکی کوشندە رزگاری ببێت، پێویستە درەنگ یان زوو ئەو دەستە ببڕنەوە، بەپێچەوانەوە کۆی جەستەکە بەرەو داڕزان دەڕوات.

دەروازەکان بـۆ ئەم جۆرە چاکسـازییە زۆرن. ئەزموونـی وڵاتان وانەی گرنگیـان هەیە بۆ لێوە فێربـوون. وەک دەسـتپێک دەکرێـت حیزبەکان لەڕێگـەی دەسـتوورەوە یـان لەڕێگەی یاسـای تایبـەت بـە هەڵبـژاردن و خزمەتـی مەدەنـی، بڕیار بدەن لەوەی هەموو ئەو کەسـانەی پۆستە سیاسی و کارگێڕییە باڵاکان وەردەگرن، پێویستە بەڵێننامەی وازهێنان لە پۆسـت و پلەی حیزبی بدەن. بێگومان پێشـتر ئەمە تەنها بۆ پۆسـتی (سـەرۆکی هەرێم) پێشـنیار کراوە، بە لۆجیکی ئەوەی پێویستە سەرۆکی هەرێم سەرۆکی هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردسـتان بێت، نەک تەنیا ئەندامانی حیزبەکەی. ئەمە لۆجیکێکی دروسـتە و بەهەمان لۆجیک دەتوانین ئەمە درێژ بکەینەوە بۆ سـەرۆکی پەرلەمـان، سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش، راوێژکار، بەڕێوەبـەرە گشـتییەکان، پارێـزگار، قایمقـام و بەڕێوەبـەری ناحیـەکان (بێگومـان لەگـەڵ جێگری هەر یەکێک لەمانـە). تەنها پەرلەمانتار و وەزیـرەکان پۆسـتی حیزبین، چونکـە دواجار حیزبـەکان فراکسـیۆنی پەرلەمانـی و کابینەی حکومـەت پێکدەهێنـن. بـەڵام وەک ئەزموونـە سەرکەوتووەکانی وڵاتان نیشانی دەدەن، پێویستە پەرلەمانتـار و وەزیرەکان، لـەو ماوەیەدا کە ئەم پۆستانە وەردەگرن، دەستبەرداری هەموو جۆرە پۆست و بەرژەوەندییەکی حیزبی و بازرگانی ببن. ئەم میکانیزمە بۆ دڵنیابوونە لەوەی پەرلەمانتاران نوێنەری راستەقینەی خەڵکن نەک حیزبەکانیان و وەزیرەکانیش نوێنەری بەرژەوەندیی گشتین نەک تایبەت.

لەوانەیـە ئـەم پێشـنیارە بـۆ ئەوانـەی کە نزیکەی چارەکە سـەدەیەکە حیزب پەروەردەیان دەکات بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانی حیزب، بەئاسـانی هەرس نەکرێت. بەڵام ئەگەر بەوردی لە ئاکامە پۆزەتیڤەکانی ئەم پێشـنیارە بڕوانین، دەبینیـن دواجار خزمەتێکی گـەورە بە خەڵک، حکومەت و پرۆسـەی دیموکراسی دەکات. ئەگەر حیـزب لە سـادەترین پێناسـەیدا ئامرازێک بێت بـۆ خزمەتکردنـی خەڵک لەڕێگـەی پەرلەمان و حکومەتەوە لە پرۆسـەیەکی دیموکراسـیدا، ئەوا هیچ رەوا نییە حیزبەکان دژایەتی پێشنیاری لەم جۆرە بکەن. لەڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەم جۆرەوە، سـەرکردە و کاربەدەستە باڵاکانی هەرێم، ئاستێکی باش لە بێلایەنی و سەربەخۆیی بەدەسـتدەهێنن و زیاتـر دەسـتکراوە دەبـن بۆ خزمەتکردن لە چوارچێوەی یاسا و رێکارەکاندا.

بـەم رێگەیـە حیزب بەبـێ ئـەوەی زیان بە ئایندەی سیاسـیی خۆی بگەیەنێـت، دەتوانێت بەشدار بێت لە زامنکردنی بێلایەنیی کاربەدەستە باڵاکانی هەرێمدا، ئەم بێلایەنیەش خۆبەخۆ زامنی باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان دەکات و هاووڵاتیان سوومەندی سەرەکی دەبن.

لەم بوارەدا وڵاتان ئەزموونی جیاوازیان هەیە. نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییە تایبەتمەنـدەکان دەیـان توێژینـەوە و پـرۆژەی گرنگیان هەیە لەم بوارەدا. چەندین وڵات یاسـای تایبەت بەم بوارانـەی دەرکردووە. هەموو ئەمانە دەتوانن ببنە سەرچاوەی باش بۆ سوودوەرگرتن. ئـەوەی لێرەدا زۆر بە گشـتی باس کرا، دەکرێت وەک بیرۆکەیـەک سـەیر بکرێت بـۆ پرۆژەیەکی گەورەتر کە دواجار پێویستی بە کار و رێککەوتنی سیاسی دەبێت. هاوکات پێویستی بە چوارچێوەی یاسایی دەبێت بۆ جێبەجێکردن.

ئـەوەی لەڕێگـەی ئـەم باسـەوە ویسـتمان جەختی لێبکەینەوە، ئەوەیە کە هیچ سیستەمێک بە بنبەسـت ناگات و بـەردەوام کراوەیە بەڕووی بەرەوپێشـچوون و چاکسـازیدا. سیسـتەمی حوکمڕانی هەرێمی کوردسـتان، بەتایبەتی رۆڵی حیـزب لـەم سیسـتەمەدا، یەکێکـە لـەو بوارە کلیلیانەی کە پێویسـتە بکرێتـە دەروازەیەک بۆ هەمـوو هەوڵێکی چاکسـازی. هـەر حیزبێکیش رۆڵی پێشـەنگی هەبێت لەم بـوارەدا، دەتوانێت دواتر بانگەشەی پێشەنگبوونی چاکسازی بکات.

---



کامەران محەممەد عەزیز

# کۆچی گەنج هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکات؟

لـە هـەر شـوێنێک کاتێک قسـە لەسـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی هەرێمـی کوردسـتان دەکرێـت، عادەتم گرتووە بپرسم ئاسایشـی نەتەوەیـی هەرێمـی کوردسـتان چییە؟ ئەرێ بەڕاسـت هەرێمـی کوردسـتان ئاسایشـی نەتەوەیـی هەیـە؟ بنەمـا و ئەولەویاتەکانـی چین؟ چونکە هەرێمی کوردسـتان سیاسـەتی نەتەوەیی نییە، چونکە پرۆسەی دروستکردنی بڕیـار لەم هەرێمە پرۆسـەیەکی تا چاو حوکم بـکات حیزبییـە ئەگـەر بنەماڵەییـش نەبێت بـە تەواوەتی، هەر بۆیە ئاسایشـی نەتەوەیی نییە، لەبەر ئەمەش رێککەوتن و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیـش بوونـی نییـە. مەبەسـت لـە ئاسایشـی نەتەوەیی هەمووجار بەها گرینگ و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیەک و نیگەرانیی نووسـەر و رۆشنبیرەکان نییە، بە قەد ئەوەی مەبەسـت لێـی سیاسـەتێکی دیاریکـراوە کە کیـان و نەتەوەیـەک دەبێـت هەیبێـت. ئەوە سیاسـەتێکی دیاریکـراوە وا دەکات پرسـێک وەکـوو پرسـێکی ئەمنی ببینێت و پرسـێکی دیکەش وەکو پرسێکی ئاسایی، یا هەمان پرس لە کاتێکدا وەکوو پرسێکی ئەمنی و لە کاتێکی دیکەدا وەکوو پرسـێکی نائەمنی ببینێ. ئەوە سیاسـەتە دەبێتە هۆی ئەوەی پرسـێک وەکو هەڕەشـە یان وەکوو دەرفەت دیزاین بکات. بە سـادەیی، چونکە ئەم سیاسـەتە بوونی نییە، هیـچ ئایدیایەک لەسـەر ئاسایشـی نەتەوەیی هەرێم بوونی نییە.

پرسـیارێکی دیکـەی پێویسـت ئەوەیە چ شتێک دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەرێم؟ زۆرجار دەبیستین لەسەر هەموو ئاستەکانی دەسـەڵات و حکومەت کە رووداوێکی دیاریکراو وەکوو هەڕەشەیەک لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی سـەیرکراوە و ئاگادارکردنـەوە دراوە، بەڵام بە بێ ئەوەی هیچ ئایدیایەکیان لەسـەر ئاسایشی نەتەوەیـی هەرێم هەبێت. دەزگاکانی حکومەت نازانن حەشدی شەعبی هەڕەشەیە یان دەرفەتە بۆ ئاسایشـی نەتەوەیی هەرێمی کوردسـتان، بەڵام باش دەزانن حیزبەکانیان چۆن سـەیری حەشدی شەعبی دەکەن. دەزگاکانی حکومەت نازانـن رێککەوتننامەکەی تایبـەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکـەی ئێران هەڕەشـە یـان دەرفەت دەبێت بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەڵام یەکێتییەکان هەر لە خۆیانەوە دڵیان خۆشە و پارتییەکانیش هەر لە خۆیانەوە پەسـتن: هیچ تێگەیشـتنێکی نەتەوەیی نـە بە باش و نە بە خراپ لەدایک نەبووە.

ئەم پێشـەکییە زۆر پێویسـتە بـۆ ئەوەی بزانیت مـەودای بەرد هاوێشـتنەکەت تا کوێ و بـۆ کێ دەڕوات، بۆ ئـەوەی بزانیت مەودای قسەکردنت لەسەر پرسی کۆچ وەکوو پرسێکی ئەمنی چەند جێگەی خۆی دەگرێت. لە راستیدا پرسـی کۆچکـردن وەکو پرسـێکی ئەمنی لە مـاوەی چەند سـاڵی رابـردوودا جێی بایەخی زۆری لێکۆڵینەوە ئەمنییەکان بووە. ئاسـایش لە سـادەترین پێناسـەیدا بریتییە لە نەبوونی هەڕەشە، بەڵام چ شتێک هەڕەشەیە. بە دەیان ئەرگومێنـت و بەڵگە دەشـێت بهێندرێتەوە و تێیدا ئاسـتی مەترسـیداریی کۆچی ئەو گەنج و خانەوادانـە دەربخـات، هـەر لـە گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ناوچەکان و هەر لـە زیادبوونی رێـژەی هاتنـی عـەرەب و هەر لـە خنکاندنی هەمـوو جـۆرە هەسـتێک و ئینتیمایەکـی نەتەوەیـی لەلایەن نەوەیەکـەوە کە داهاتووش ناکام دەکات تا کۆمەڵێک لێکدانەوەی ئابووری و بە فیرۆدانی سەروەت و سامانی مرۆیی.

لە بەرامبەر ئەمەدا، هەواڵی ناخۆش ئەوەیە پرۆسەی بەهەڕەشەناساندن و بە دەرفەتناساندن لە هەرێمی کوردسـتاندا لە هەموو حاڵەتەکاندا پرۆسـەیەکی حیزبـی بـووە بـە دەرەجـەی ئیمتیـاز. ناتوانم بێمە نێو تـەواوی وردەکاری و گوتوبێـژە جیاوازەکانـەوە لەسـەر پرسـە جیاوازەکانی ئاسـایش، بەڵام زۆر بە سـادەیی چونکە ئاسـایش سروشـتێکی سـەربازییانە، لەناکاو و یەکسـەری و سەروو ئاسایی هەبووە و هەیە، دەشـبێت رووداوێکی دیاریکراو ببێتە هەڕەشە لەسەر وجودی دەسەڵات ئینجا وەکوو پرسـێکی ئاسایشـی نەتەوەیی لێکبدرێتەوە، لەبەرئەمە پرسی کۆچکردن، یان بەجێهێشتن، چۆڵکردن، راکردن یان هەر شـتێکی ناو بنێین لە هەرێمی کوردستان، نابێتە پرسێکی ئەمنی، چونکە دەسـەڵات ئەمە بە هەڕەشـە لەسـەر وجـودی خـۆی نابینـێ بـا زەرەر و زیانێکی زۆریش لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، با لەگەڵ خۆیدا گورزێکـی جەرگبڕ لەم کوردە بـدات، بەڵام تا نەبێت بە هەڕەشە لەسـەر وجودی دەسەڵات، وەک پرسێکی ئەمنی و هەرە گرینگ نابینرێت، ئەگەر دەسەڵات راشیگەیاند کە ئەمە پرسێکی ئەمنییە و ئەو هەموو گەنجە وڵات بە جێدەهێڵن دەبێتە هەڕەشـە لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی، ئـەوا چونکـە هەڕەشـە نییە لەسـەر وجودی خۆی، ئامرازی بەدواداچوونی بۆ تەرخان ناکات کە بە وشەیەکی دیکە پێی دەڵێن: ستراتیژ.

لە مـاوەی چەند مانگی رابـردوودا ژمارەی ئـەو گەنجـە کوردانەی لە دەریـا و زەریاکانی دوورە نیشـتیمان خنـکاون، زیاترە لە ژمارەی ئەو کەسانەی لە شەڕی دژ بە تیرۆر و داعشدا کوژراون، بەڵام چونکە داعش هەڕەشەیە لەسەر وجودی دەسـەڵات، چونکە داعش هەڕەشـەیە لەسەر وجودی حیزب (لەڕاستیدا هەڕەشەشە لەسـەر وجودی کورد)، هەر لەبەر ئەمە وەکوو پرسێکی سـەرووی ئەمنی دادەنرێت، پرسێک کە پێویسـت بێـت هەموو ئامرازێکی ئاسـایی و نائاسـایی بـۆ بەکاربهێنرێـت، ئەگەر رێژەی مەرگیش ببێتە سەد بەرامبەر یەک، ئەوا کۆچی گەنجان وەکوو هەڕەشـەیەک لەسەر ئاسایشی هەرێم نابینرێت، تا ئەو کاتەی نەبێتە هەڕەشە لەسەر وجودی حیزب، دەسەڵات و حکومەت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# تورکیا.. ناوبردنی شتەکان بە ناوی ڕاستەقینەیان

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و دەوڵەتی تورکیا، بەکارهێنانی دەستەواژەی وەک "ڕێکخراوی تیرۆریستی" و "هێرشی تیرۆریستی" و "خەبات لەدژی تیرۆریزم" بە ئەندازە و خێرایی ژمارەی تۆپ و گوللەکان بە ئاسماندا دەفڕێ. حکومەتەکەی پارتی دادو گەشەپێدان لە ئەنقەرە جەخت دەکاتەوە کە وڵات لە جەنگێکی ناوخۆییەوە ناگلێنێ و کورد ناکاتە ئامانج، بەڵکو لە خەباتدایە لە دژی تیرۆریزم. سەرۆک ئەردۆغان میدیا و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بەوە تاوانبار دەکات کە دەنگیان لەدژی تیرۆر هەڵنابڕن.

بێگومان پێناسەکردنی "تیرۆریزم" لە بارودۆخێکدا کە بە سیاسی کراوە، زۆر قورسە. هەموو حکومەتەکانی جیهان، هەر گرووپێکی چەکداری کە دەوڵەت نەبێت و ڕووبەڕوویان ببێتەوە بە تیرۆریست ناوزەدی دەکەن. بەڵام لەنێو شارەزایانی سیاسیدا، پێناسەی تیرۆریزم بریتییە لە: "بەکارهێنانی توندوتیژی بە ئەنقەست یان هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی". ئەم پێناسەیە بەهیچ شێوەیەک گوزارشت لە ئامانجەکە ناکات. ئەگەر گرووپێک ئامانجیان بەرگریکردن بێت لە چەند داپیرەیەک بۆ پەڕینەوە لە شەقامێک، بەڵام لەو پێناوەدا هاووڵاتیانی مەدەنی بکەنە ئامانج، ئەوە مانای ئەوەیە لە کاری تیرۆریستیەوە گلاون.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسەیەدا، هێرشەکانی پەکەکە بۆ سەر هێزە چەکدارەکانی حکومەتی تورکیا و کوشتنی سەرباز و پۆلیسی دەوڵەت بە کاری تیرۆریستی لەقەڵەم نادرێت. ئەوە شەڕی گەریلاییە. بێگومان شتێکی دڵتەزێنە ئەگەر لە هەرلایەک بێت کوڕان و کچان بکوژرێن. بەڵام دەبێت ئەردۆغان و پارتەکەی پێشبینی چ شتێکی لەمە زیاتر بکەن کاتێک ئاگربەستەکەی ساڵی 2013یان لەژێر خاک نا بە دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانی لەدژی پەکەکە لە مانگی ڕابردوودا؟ ئایا پێشبینییان دەکرد پەکەکە لە بەرامبەردا گوڵیان بۆ بنێرێ و لەناکاو خۆیان بەدەستەوە بدەن لە پاش 30 ساڵ لە بۆردومانکردنیان بەو شێوەیە؟ کاتێک شەڕ هەڵدەگیرسێنی دەبێت ئەوەت لەبیر بێت کە لایەنی بەرامبەریش توانای شەڕکردنی هەیە.

ئەگەر لەمیانی ئەو جەنگەدا، پەکەکە هێزی بەکارهێنا بۆ ڕفاندن و کوشتنی فەرمانبەر و مامۆستا و بەرپرسانی مەدەنی، ئەوکات دەبێت ئەو چالاکیانە بە تیرۆر ناوببرێن. بۆ کەمێک ڕەچاوکردنی یەکسانی، باش دەبوو ئەگەر دەستەواژەیەکیش هەبووایە بۆ حکومەت کاتێک هاووڵاتیانی مەدەنی دەستگیر دەکات و دەفرێنێ و دەکوژێ بەبێ هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی و بەپشتبەستن بە یاسای نادیموکراتیانە. وادەردەکەوێ "پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ" هەمان شوورەیی لەگەڵ خۆی هەڵنەگرێت.

لەبەرئەوەی وشەی تیرۆریست هەر بەکاردەهێنین، کەواتە باشترە بەشێوەیەکی هاوتا و یەکسان بەکاری بهێنین. ئەگەر پارتی دادوگەشەپێدان خەڵک هان بدات و بورووژێنێ بۆ هێرشکردنە سەر ئۆفیسی ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی وڵاتەکەی بە دار و بەرد، ئایا ئەوە بەکارهێنانی توندوتیژی بە ئەنقەست و بەکارهێنانی هەڕەشەی توندوتیژی نییە لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسی. کاتێک قەرەباڵغییەکی سەدان کەسی کە لەنێوانیاندا پەرلەمانتاری (ئەکەپە) هەیەو هێرش دەکەنە سەر ئۆفیسی ئیستانبوڵی ڕۆژنامەی حوڕییەت لەبەرئەوەی تووڕەن لەوەی کە ڕۆژنامەکە بە دەقیقی لێدوانێکی ئەردۆغانی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا گوتبووی ئەگەر تورکیا 400 پەرلەمانتاری لە پارتێکی دیاریکراو هەڵبژاردایە، ئەوا ئەم گرژی و ئاڵۆزیانەی ئێستا نەدەقەومان!

ئایا ئەوە تێرۆریزم نییە کاتێک چەتەکانی سەر بە پارتی گەلی کۆماری بە چەقۆ خەڵک دەکوژن و لە خەڵک دەدەن لەبەرئەوەی گوێیان لێیان بووە لەسەر شەقام بە کوردی قسەیان کردووە؟ ئایا ئەوە تێرۆریزم نییە کاتێک باندی مافیا و چەتە لە سەرتاسەری وڵات هێرش دەکەنە سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)؟

بەپێچەوانەوە، لە ناوچە کوردییەکانی تورکیا بەو ناوچانەشەوە کە دانیشتووانەکەی پشتگیری لە پەکەکە دەکەن، هیچ کەسێک لێی نەدراوە و بەر چەقۆ نەدراوە لەبەرئەوەی بە تورکی قسەی کردووە یان باجی ئاکەپەی پێوە بووە. کەواتە کێن ئەو لایەنانەی شەڕی نەتەوەیی هەڵدەگیرسێنن؟ ئایا دەکرێت هەمان ئەو کەسانە بن کە چەند ساڵێکی کەم لەمەوبەر، کاتێک هەستیان کرد ڕاگەیاندنی پرۆسەی ئاشتی بە قازانجیان دەشکێتەوە بۆ هەڵبژاردنەکان، بەڵام بە هەموو شێوەیەک ڕەتیانکردەوە گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە بکەن و هیچ جۆرە لێبووردنێکیان بۆ دەربکەن؟ هەستیان دەکرد پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کێ دەکەن، لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە شەڕی حکومەتی تورکیا ناکەن؟ ئایا هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ باشترە لە قبوڵکردنی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنەی (ئەکەپە) دەنگی زۆری تێدا نەهێنا؟

ڕەنگە هەندێک خوێنەر لەگەڵ بەکارهێنانی دەستەواژەی "شەڕی ناوخۆ" نەبن. لە زانستی سیاسیدا پێناسەی شەڕی ناوخۆ بەم شێوەیە: "دەستپێکردنی شەڕی چەکداری لەنێوان لایەنەکانی وڵات و کوژرانی زیاتر لە هەزار کەس لە ساڵێکدا (یان لانیکەم 100 کوژراو لە هەر لایەک) لەسەرەتای دەستپێکردنی ململانێکانەوە. تورکیا بەخێرایی بەرەو ئەو لێوارە هەنگاو دەنێ لە ساڵی 2015دا. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر باوەڕ بە تۆمەتەکانی ئەردۆغان بکەین دەربارەی ئەوەی کە (هەدەپە) ڕووە سیاسییەکەی (پەکەکە)یە، کەواتە زیاتر لە شەش ملیۆن دەنگدەر لە تورکیا لایەنگری پەکەکەن.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# چوار کۆ یەک بەبێ گۆڕان

پارتی و یەکێتی و کۆمەڵ و بزووتنەوە بەشدارییان لە کۆنگرەی ئاکەپەدا کرد. بزووتنەوەی گۆڕان نەیکرد. گرووپی یەکەم ڕەخنەی زۆریان لێگیرا. ئەوەی دووەمیش بارەکەڵڵای بۆ هات. لە قۆناخێکدا کە پیر و کاڵی کورد لە جزیرێ بەدەستی دەوڵەتی تورکیا خەڵتانی خوێن دەکرێن، بەشداریی چوار حیزبەکە لە کۆنگرەکەدا ڕاستتر بوو یان بەشدارینەکردنی گۆڕان؟

ڕاستبوون دوو مانای هەیە. مانایەکی بارگاوی بە هەقیقەت و مانایەکی بارگاوی بە واقیعیەت. بە ماناکەی یەکەمدا گۆڕان ئیشێکی چاکی کرد کە لەم کاتەدا نەچووە کۆنگرەی حیزبی دەسەڵاتدار لە تورکیا. چونکە هیچ نەبێت خوێنی ئەو کوردانەی لە جزیرا بۆتان شەهید بوون بۆ ئێمە سوورترە لە خوێنی سەربازێکی تورکی داگیرکەر لەو ناوچانە. بەڵام ئەگەر بە مانای دووەمدا لێکی بدەینەوە، دەبینین چوار حیزبەکە سیاسییانەتر لە گۆڕان مامەڵەیان لەگەڵ ئەو کەیسەدا کرد.

قسەکانی فازڵ میرانی لە بارەگای هەدەپە وەڵامێکی زیرەکانەی ئەو ڕەخنانە بوو کە لە چوار حیزبەکە دەگیران بەهۆی بەشداریکردنیان لە کۆنگرەکەدا. پەیامەکەش ئەوە بوو: "ناچارین لەگەڵ داگیرکەران پەیوەندیمان هەبێت، بەمەرجێک لەسەر حیسابی شکاندنی پەنجەکانی براکانمان نەبێت". هەرچەندە زۆرجار ئەمە نەکراوە، بەڵام ئەگەر بەڕاستی حیزبەکانی باشووری کوردستان ئاوا بیربکەنەوە، خوای دەکرد لەگەڵ داعش دادەنیشتن!

حیزب بۆیە هەیە تاوەکو سیاسەت بکات. سیاسەتیش مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکات نەک هەقیقەت. زۆرجار واقیع هەقیقەتی تەواوە، بەڵام جار هەیە بۆ حیزبەکان دەستگرتن بە هەقیقەتەوە واقیعی نییە. بزووتنەوەی گۆڕان لە مامەڵەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا ئەو کێماسییەی هەیە. ئەوە شتێکی باشە کە گۆڕان هەوڵ بدات نەکەوێتە ژێر کاریگەریی هیچ دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستانەوە. چونکە دەزانین لە ڕابردوودا ئەو حیزبانەی کەوتوونەتە ژێر ئەو کاریگەرییە چۆن ماڵی کوردیان وێران کردووە و هێشتاش وێرانی دەکەن. بەڵام ڕەتکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە هەم پۆپولیسیزمە هەم ناسیاسییانەیە.

مامۆستا عەلی باپیر بە هەڵوێستە ڕاشکاو و بوێرانەکانی ناسراوە. بەتایبەتیش لەو قەیرانە سیاسییەی لە هەرێمی کوردستاندا دروستبووە، خۆی و حیزبەکەی هەڵوێستیان دیارە. بەڵام پێدەچێت لەوە تێگەیشتبێت کە لەنێو ئەو بژاردانەی کورد لە تورکیا بۆ پەیوەندی لەگەڵ حیزبەکانی ئەو وڵاتەدا هەیەتی، ئاکەپە گونجاوترینیانە. ئەویش نەک لەبەرئەوەی ئاکەپە مافەکانی کورد وەک دیاری دەخاتە سەر سینییەک و بەحورمەتەوە پێشکەشی خەڵکی باکووری کوردستانی دەکات، بەڵکو لەبەرئەوەی وەکچۆن حیزبەکانی دیکە بە ئەزموونی چەندین ساڵە سەلماندیان ناتوانن هیچ بۆ کورد بکەن، ئاواش ئاکەپە سەلماندی لەڕووی دەروونییەوە لە هەموو حیزبەکانی دیکە ئامادەترە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە باکوور بە شێوازی ئاشتییانە.

یەکێتی لەبەرئەوەی ئەزموونی ڕێکخراو و درێژتری هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆڵگێڕەکانی ناوچەکە، وەکو بزووتنەوەی گۆڕانی نەکرد. هیچ بیریشی لەوە نەکردەوە کە چەند مانگێک پێش ئێستا لە شارەکانی باکوور هوتافی بۆ سەرکەوتنی هەدەپە دەکێشا و ناکرێ ئەمڕۆ لە کۆنگرەی ئاکەپەدا بەشداربێت. ئەمەش هەنگاوێکی پراگماتیستانە بوو و ئەوانەی لێی تێدەگەن دەزانن بۆ یەکێتییەکەیان چەند قازانجی هەیە.

دیسان دەگەڕێمەوە سەر پەرەگرافی سەرەتای ئەم نووسینە. گۆڕان ئەگەر حیزب نەبووایە و جووڵانەوەیەکی ڕۆحی بووایە کاری باشی دەکرد کە بەدوای هەقیقەتەوە بووایە و خوێنی شەهیدانی جزیرێ و ئازارەکانی زیندانیکردنی ئۆجەلانی پێ گرنگتر بووایە لە پەیوەندی لەگەڵ ئاکەپە. بەڵام ئەگەر حیزبە، ئەوە هەڵەی کردووە. چونکە چوار کۆ یەکێکی دروستکرد کە لەجیاتی ئەوەی بۆخۆی لە ڕیزی چوارەکە بێت، خۆی کردە یەکی بەرامبەر هەمووان.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# قۆناغی دامەزراندنی دیموکراسی

نووسینەکانی پێشووترم لە ڕووداو تەرخان کردبوو بۆ مەسەلەی دیموکراسی و گرنگییەکەی لەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان و وەک پێویستییەک و مەرجێک لە مەرجەکانی دامەزراندنی دەوڵەت لەم بەشەی کوردستان.

پێموایە لە هەرێمی کوردستان هەندێک لە ڕواڵەتەکانی دیموکراسی بوونی هەیە، بەڵام دیموکراسیەتی ڕاستەقینە و حەقیقی نییە.

لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردن هەیە، میدیای ئازاد هەیە، ئازادیی ڕادەربڕین هەیە، پارت و تەوژمی سیاسی هەن، ململانێی سیاسی هەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا دیموکراسیەت نەبووە بە سیستمێکی چەسپاو و ئەکتیڤ، بەشێوەیەک کە کێشەی ململانێی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی چارەسەر بکات.

دیموکراسیەت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کێشەی ململانێی دەسەڵات لە نێوان هێزەکاندا چارەسەر دەکات، کاتێک وەک سیستمێک دامەزرابێت، هەروەک چۆن هێڵێکی شەمەندەفەر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی شەمەندەفەرەکە دەجوڵێنێ.

سەلماندنی ئەم قسەیەش کە لە کوردستان دیموکراسیەتی ڕاستەقینە بوونی نییە زۆری دەوێت، بەڵام تەنیا بەسەرنجدان لەوەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان کارێکی زۆر زەحمەتە و وەک جۆرێک لە ریسک بە ئاسایش و چارەنووسی هەرێمەکەوە تەماشا دەکرێت، بەسە بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە ئێمە هێشتا لەناو سیستمی دیموکراسیدا ژیانی سیاسی خۆمان بەڕێوە نابەین.

ئەو قسەیەی کە دەڵێت "کێشەکانی ململانێی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان دەرئەنجامی بوونی دیموکراسییە"بەلای منەوە قسەیەکی ڕاست نییە، بەڵکو ڕاستی ئەوەیە کە ئەو کێشەیە لەئەنجامی نەبوونی دیموکراسییە. چونکە دیموکراسی کێشەی دەسەڵات و ململانێ چارەسەر دەکات.

## بۆچی دیموکراسیی ڕاستەقینە بۆ کوردستان پێویستە؟

لە ئیمارات و سعودیە و تێکڕای وڵاتانی کەنداو سیستمی حوکمڕانی پایەدارەو تا ئاستێکی زۆریش پێشکەوتووە، بەتایبەت لە ئاستی دابینکردنی ئاسایش و ئابووریدا لە کاتێکدا ئەم وڵاتانە سیستمی دیموکراسیش پەیڕەو ناکەن، کەواتە چۆن ئەمانە بوونەتە خاوەنی دەوڵەت بەبێ دیموکراسی —کە تەنانەت بەهاری عەرەبیش نەیگرتنەوە- ئەی کەواتە چۆن ئەوان بەبێ دیموکراسی بوون بە دەوڵەت؟ ئەی بۆچی بۆ کوردستان دیموکراسیەت مەرجی بوون بە دەوڵەتە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سروشتی سیاسی کۆمەڵگاکانی کەنداو، کۆمەڵگاکانی کەنداو — بەزۆری- کۆمەڵگەی سیاسی نین لەسەرەتای دامەزراندنەوە و بە ئێستاشەوە کۆمەڵگای فرە هێزی سیاسی نەبوون کە لەسەر دەسەڵات ململانێ بکەن.

ئایین و کولتوور و ئابووری و بەرژەوەندی و نان و گەشەپێدان، ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە دروستکردنی ئەو میرنشینانە و هەر لەسەرەتاوە ئەو میرنشینانە پێویستیەکیان بە دیموکراسیەت نەبووە، چونکە ململانێیەکی ئەوتۆی سیاسی لە کۆمەڵگاکانیاندا نەبووە.

هەر بۆیە ناتوانین ئەزموونی ئەوان بۆ هەرێمی کوردستان بگوازینەوە، چونکە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فرە هێز و فرە جەمسەری سیاسییە و زیاتر لە هێزێک حەقی خۆی لە دەسەڵاتدا دەبینێتەوە، واتە ئێمە کێشەی ململانێی سیاسیمان هەیە کە دەبێت ئەم ململانێیە چارەسەر بکرێت، بەڵام وڵاتانی کەنداو تا ڕادەیەکی زۆر لەم ململانێیە بەدوور بوون.

کەواتە ئەوە واقیع و سروشتی کۆمەڵگا و بوونی هێز و ململانێیە کە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە: ئایا دیموکراسیەت تاچەند پێویستە؟

دیموکراسیەت تێڕوانین و سیستم و ئایدیاڵێک نییە بۆ هەموو شوێنێک وەک یەک پێویست بێت، بەڵام چارەسەرێکە بۆ ئەو شوێنانە پێویستە کە زیاتر لە هێزێک بوونی هەیە و ململانێی دەسەڵات دەکەن. بۆیە دیموکراسیەت بۆ هەرێمی کوردستان بەتەواوی پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ململانێی دەسەڵات. بۆ ئەوەی کۆمانبکاتەوە، وەک ماهاتما گاندی دەڵێت "ئێمە بە جیاوازییەکانمانەوە یەکگرتووین".

لە کوردستان یان دەبێت هەموو هێزەکان مەحف ببنەوە بۆ یەک هێز و وەک ئیتاڵیای مۆسۆلۆنی لەڕێگەی فاشیزمەوە مێژووی ململانێی سیاسی کۆتایی پێبێت و یەک دەسەڵات دەوڵەت و کۆمەڵگا ڕام بکات، یان دەبێت لەڕێی دیموکراسیەتەوە کێشەی ململانێی سیاسی چارەسەر بکرێت، ئەویش بە دامەزراندنی دیموکراسیەت لە ڕێگەی دیاریکردنی خولەکانی سەرۆکایەتی و چەسپاندنی مافەکانی ئۆپۆزسیۆن بەدەستوور و دامەزراندنی دادگای دەستووری و ئەکتیڤکردنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

ئێستا دەبێت حیزبەکانی کوردستان ئەم بازنە داخراوە سیاسی و یاساییەی ئێستا بەکاربهێنن بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتی ڕاستەقینە کە کێشەی ململانێی دەسەڵات لە کوردستان بۆ هەتاهەتایە چارەسەر بکات، نەوەک بێن دیسانەوە بە چارەسەرێکی کاتی، کێشەی دەسەڵات هەناردەی نەوەکانی داهاتوو بکەن.



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# ئەردۆغان بۆچی تۆڵە لە کورد دەکاتەوە؟

دوو مانگە هاونیشتیمانیانمان لە باکووری کوردستان ڕووبەڕووی هێرشێکی تا بڵێی بێڕەحمانە دەبنەوە. ئەوەش کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە شارۆچکەی جزیرە ڕوویدا، هیچی کەمتر نەبوو لەو مەینەتییەی لە ساڵانی هەشتاکاندا بەسەر دانیشتووانی باشووری کوردستان دەهێنرا. سەدان گوند و شارۆچکەی باکوور بە ناوچەی سەربازی دەستنیشانکراون و هاتوچۆ تیایاندا قەدەغەیە. لە هەمووشیان دیارتر ئابڵۆقەکەی سەر جزیرە بوو کە 8 ڕۆژی خایاند. لەو ماوەیەدا دەیان کەس بوونە قوربانی بە منداڵ و پیر و گەنجەوە، کە زۆربەی زۆریان خەڵکانی مەدەنی بوون.

ئەم بارە نائاساییەی کوردستانی تورکیای تێخرا یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکەی 7 ی حوزەیران. با ڕوونتر قسە بکەم، پارتی داد و گەشەپێدان تۆڵە دەکاتەوە، تۆڵەی ئەوەی کە دەنگدەری کورد، پارتی دیموکراتی گەلانی سەرخست و بەو جۆرە خەونەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ بەدەستهێنانی 400 پەرلەمانتار نەهاتەدی. لەلایەکەوە تۆڵە دەکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەیەوێت دۆخێک دروست بکات کە لە هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی تشرینی دووەمدا (کە من بە هەڵبژاردنی نائاسایی ناوی دەبەم) هەدەپە بگەڕێنێتەوە بۆ ژێر بەربەستی 10% و لە ئەنجامدا 80 کورسییەکەی ئەو پارتە بۆ خۆی بەرێت.

ئەگەر بیرتان بێت هەموو ئەم ڕووداوانە بە تەقینەوەکەی پرسووس دەستی پێکرد. بەڵام خودی ڕووداوی ئەو تەقینەوەیە ئێستا نیشانەی پرسیاری لەسەرە! داعش ئەگەر مەبەستی لێدانی تورکیا بوو بۆچی لە شارۆچکەیەکی کوردی، خەڵکی کوردی کردە ئامانج؟ ئەگەر ئەوە ڕاگەیاندنی شەڕ بوو لەگەڵ تورکیا، بۆ هیچ چالاکییەکی دیکەی بەدوادا نەهات؟ ئەوە دوو مانگ تێپەڕی و داعش هیچ هێرشێکی دیکەی نەکردە سەر تورکیا! هەموو ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن کە هەتا ئێستا وەڵامیان نەدۆزراوەتەوە.

ئەنجامدەری ئەو تەقینەوەیە هەر کەسێک بووبێت، زنجیرەی ڕووداوەکانی دوای ئەو پلانێکی دوو لایەنەی ئاک پارتی بوون کە لە مانگی تەممووزەوە خستییە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم پلانە دوو ئامانجی هەیە. یەکەمیان تۆڵەسەندنەوە و پاوانکردنی کوردە. دووەمیشیان ڕێگەگرتنە لەو بزاڤە سیاسییەی کورد کە لەگەڵ هەدەپە گەشەی سەند. ئاک پارتی بەم هەنگاوەی سەلماندی کە چیدی هیچ جیاوازییەکی نەماوە لەگەڵ کودەتاچییەکانی تورکیا لە مامەڵەکردندا لەگەڵ دۆزی کورد.

لەڕاستیدا لە سەرەتاوە ئاک پارتی بەم شێوەیە نەبوو. لە 2002 ەوە هەتا 2010 ئاک پارتی هەنگاوی بوێرانە و گرنگی نا لە تورکیا. لە بەرەوپێشبردنی چارەسەری دۆزی کوردەوە بیگرە، هەتا فراوانکردنی ئازادییەکان و هەستاندنەوەی ئابووریی وڵات. بەڵام دوای بەرزکردنەوەی ئاستی دەنگەکانی بۆ سەرووی 50% لە ریفراندۆمەکەی 2010 و هەڵبژاردنە گشتییەکەی 2011 ، ئاک پارتی و خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گۆڕان. لەو کاتە بەدواوە قۆناغێکی نوێ دەستپێدەکات. لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی ئەردۆغاندا سەرەتا جەنگ بەرامبەر بە کەمالیست و جەنەراڵەکانی سوپا بەرپا دەکرێت. دادگاییەکانی ئەرگەنەکۆن کە لە سەرەتاوە بۆ دۆزینەوە و سزادانی کودەتاچی و بکوژە نادیارەکان دانرابوون، لە 2010 — 2011 بەدواوە لە ئەنجامی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەردۆغان، ئاراستەیان گۆڕی و بوون بە میکانیزمی تۆڵەسەندەوە لە هەرکەسێک کە قسە بە ئاک پارتی بڵێت. لەو ماوەیەدا دەیان ڕۆژنامەنووس و نووسەر خرانە زیندانەوە. لەلایەکی دیکەوە لێکۆڵینەوەکانی کەجەکە هەڵمەتێکی دیکەی ئاک پارتی بوو کە کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردی کردبووە ئامانج. دوای هەموو ئەمانە، لە سەرەتای ساڵی 2014 شەوە، هەڵمەتی ئاک پارتی بەرامبەر بە بزووتنەوەی گولەن دەستیپێکرد. هەموو دەستتێوەردانەکانی ئاک پارتی و ئەردۆغان لە لێکۆڵینەوەکانی ئەرگەنەکۆن و کەجەکە، کرانە ملی بزووتنەوەی گولەن و شاڵاوێک بۆ ئیحتیواکردنی ئەویش دەستیپێکرد. لەڕاستیدا هەموو ئەمانە هەوڵی ئەردۆغان بوون بۆ بوون بە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها.

تەنیا شتێکی ئاک پارتی کە مابوو و هێشتا جێگەی ئومێد بوو، پرۆسەی چارەسەری بوو کە ئەویش لە ماوەی ڕابردوودا کرایە قوربانی. چیدی ئاک پارتی هیچ پرۆژەیەکی نەماوە کە ئومێدێک بدات بە ئایندەی تورکیا. داخستنی سنووری ئیبراهیم خەلیلیش لە ماوەی ڕابردوودا لەکاتێکدا کە ئەو خاڵە سنوورییە دەروازەیەکی زۆر گرنگە بۆ باشووری کوردستان، ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ هەولێر.

بەکوردی و بە کورتی پارتی داد و گەشەپێدان چیدی لەبری ئەوەی ئومێد بێت، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر تورکیا، باکووری کوردستان، تەنانەت باشووری کوردستان و تەواوی ناوچەکە. ئەگەر بەدیلێکیشی لەنێو تورکیا بۆ دروست نەبێت، بەردەوام دەبێت لەسەر بوون بە هەڕەشە لەسەر ئارامیی ناوچەکە و دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know



## ئەم کچە کوردە خۆشترین دەنگی ئۆپێرای هەیە

10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قرگەیی
دیزاینەران : بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net



